ڕێگاکانی وانەوتنەوە
لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا

محمد أحمد محمد

ڕێگاکانی وانەوتنەوە
لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا

محمد أحمد محمد

ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای ڕوانگە،
لە چوارچێوەی پڕۆژەی کتێبی ڕوانگە، چاپ کراوە.

RWANGA
DECIDE.COMMIT.SUCCEED.

پرۆژەی کتێبی روانگە

ڕێگاکانی وانەوتنەوە
لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا

نووسەر : محمد أحمد محمد
بابەت : گەشەپێدان
دیزاین : دەزگای روانگە
هەڵەچن : هیوا جەلال, عوف عبدالرحمان عبدالله
تیراژ : یەکەم ٢٠٢١
عدد النسخ :٢٠٠٠ دانە
دار الطبع :

لە بەڕێوەبەریەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (   )ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.

ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا

محمد أحمد محمد

پێداچوونەوە:

هیوا جەلال , عوف عبدالرحمان عبدالله

پێڕست

پێشەکی.......... ٧

بەشی یەکەم.......... ٩

تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی چەمکە پەروەردەییەکان.......... ٩

بەشی دووەم.......... ١٣

ئامانجە پەروەردەییەکان.......... ١٣

ئامانجە پەروەردەییەکان.......... ١٤

سەرچاوەکانی دارشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان.......... ١٤

یەکەم: ئامانجە گشتییەکان.......... ١٦

دووەم: ئامانجە تایبەتییەکان.......... ١٦

سێیەم: ئامانجە ڕەفتارییەکان.......... ١٧

پۆلێنکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان.......... ١٨

یەکەم: بواری زانینی.......... ١٨

دووەم: بواری ویژدانی.......... ٢٢

سێیەم: بواری جووڵەیی.......... ٢٣

بەشی سێیەم.......... ٢٥

کارامەییەکانی وانەوتنەوە..٢٥
کارامەییەکانی وانەوتنەوە..٢٦
یەکەم: ئامادەباشی و وروروژان..٢٦
دووەم: پرسیار..٢٦
سێیەم: چالاکی و گروتینی مامۆستا..٢٧
چوارەم: بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن..٢٨
پێنجەم: بەڕێوەبردنی پۆل..٢٨
بەشی چوارەم..٣٢
ڕێگاکانی وانەوتنەوە..٣٢
پێناسەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە..٣٣
پۆلێنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە..٣٤
ڕێگاکانی وانەوتنەوە..٣٥
شێوەی ژمارە (٤) پۆلێنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە..٣٥
پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو..٣٥
ڕێگای وانەبێژی..٣٦
ڕێگای گفتوگۆ..٣٨
ستراتیژی وێستگە زانستییەکان..٤١
سووڕی فێربوون..٤٣
وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو..٤٥
فێربوونی هەرەوەزی..٤٧
شێوازەکانی فێربوونی هەرەوەزی..٤٨
یەکەم: تیمەکانی بەدەستهێنان..٤٨
دووەم: لێکۆڵینەوەی بەکۆمەڵ..٤٩
سێیەم: جیگسۆ (وێنە بەشبەشکراوەکان)..٥٢
فێربوون لەڕێی یاریکردنەوە..٥٤
فێرکردنی پرۆگرامکراو..٥٨
نەخشەی بیرکردنەوە..٦١
ڕێگای شەش کڵاو..٦٥
ڕێگای وروژاندنی مێشک..٦٩
ڕێگای ئەسکەلە..٧٣
مۆدێلی پرۆژە..٧٤
ڕێگای نەخشەی چەمکەکان..٧٧

بەشی پێنجەم ٨٠
خوێندنی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئاوێتەکراو ٨٠
خوێندنی ئەلیکترۆنی ٨١
هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی ٨١
ڕێگای فێرکردنی ئاوێتەکراو ٨٨
سیستەمی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان ٩٠
بەشی شەشەم ٩٢
هەڵسەنگاندن ٩٢
چەمك و پێناسەی هەڵسەنگاندن ٩٣
سیفەتەکانی ئەزموونی باش ٩٤
سەرچاوە ئینگلیزییەکان ٩٩
سەرچاوەعەرەبییەکان ١٠٠
سەرچاوەکوردییەکان ١٠٤
ئینتەرنێت ١٠٤

لیستی وێنە و شێوەکان

شێوەی ژمارە (١) ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان ١٥
وێنەی ژمارە (٢) بنجامین بلووم ١٩
شێوەی ژمارە (٣) ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە بواری زانیاری ٢١
شێوەی ژمارە (٤) پۆلێنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە ٣٥
شێوەی ژمارە (٥) هەنگاوەکانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو ٤٥
وێنەی ژمارە (٦) ڕۆبێرت ئی سلاڤین ٤٨
وێنەی ژمارە (٧) جۆن دیوی ٥٠
شێوەی ژمارە (٨) یاریی وشە لێکدراوەکان ٥٧
شێوەی ژمارە (٩) یاریی ژمارەکان ٥٨
شێوەی ژمارە (١٠) جۆرەکانی فێرکردنی پرۆگرامکراو ٦٠
وێنەی ژمارە (١١) تۆنی بوزان ٦١
وێنەی ژمارە (١٢) نەخشەی بیرکردنەوە ٦٤
وێنەی ژمارە (١٣) ئێدوارد دی بۆنۆ ٦٦
خشتەی ژمارە (١٤) خشتەی بیرکردنەوە بەپێی شەش کڵاوەکەی دی بۆنۆ. ٦٨

وێنەی ژمارە (١٥) ئەلێکس ئۆزیۆرن.......................................٦٩
وێنەی ژمارە (١٦) ویلیام هێرد کلپاتریک......................................٧٥
وێنەی ژمارە (١٧) جۆزێف نۆڤاك..٧٨
شێوەی ژمارە (١٨) نموونەی نەخشەی چەمکەکان.......................٧٩
وێنەی ژمارە (١٩) سیستەمی ئ‌ی پەروەردە..................................٩٠
وێنەی ژمارە (٢٠) سیستەمی هەورەفێرگە...................................٩١

پێشەکی

TANYA HAJI | تەنیاحاجی

چەناڵی تەنیاحاجی لە تیلیگرام
گەورەترین چەناڵی کتێب و
پەروەردەی و تەندرووستی و
سیمینار و ڕۆشنبیری و
گەشەپێدان

tanyahaji7

پێشەکی

فێرکردن بەردی بناغە و بنەمای سەرەکیی پێشکەوتنە، هەر لەڕێی فێرکردنەوە وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکان دەکرێت و بەها ڕەفتاری و زانینی و پسپۆڕییەکان لە ناخی تاکدا دەچێنرێن بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی بەرهەمهێنەر و لە بنیادنانی کۆمەڵگادا بەشدار بێت.

بۆ ئەوەی فێرکردنیش بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت، زۆر پێویستە گرینگی بە وانەوتنەوە بدرێت، کە بنەمای سەرەکیی پرۆسەی فێرکردنە و، لە پاڵ ئامانجەکان و مامۆستا و خوێندکار و بابەتە زانستییەکاندا یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکاری.

ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی توانا و پەرەپیدانی کارامەییەکانی مامۆستایان لەڕێی خستنەڕووی ئاراستە نوێیەکانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، ئەم گرینگیدانە بە ڕێگا هاوچەرخەکانی وانەوتنەوەش واتەی ئەوە نییە لە کتێبەکەدا تەنها باسی ڕێگا هاوچەرخەکان کراوە، چونکە کۆنترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە تا ئێستا بە فراوانی لەسەر ئاستی جیهاندا بەکاردەهێنرێن، لەبەر ئەم هۆکارەش بە باشمان زانیوە پشتگوێیان نەخەین و لە کتێبەکەدا باسیان بکەینەوە.

لەم کتێبەدا هەوڵمان داوە بەشێکی بچووکی ئەو کەلێنە گەورەیەی لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە، پڕبکەینەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵی تەواومان داوە زمانێکی پاراو لە نووسیندا بەکار بهێنین، ئەمەش گەورەترین بەربەستی نووسینە لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، چونکە تا ئێستا فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیای پەروەردە و فێرکردنمان نییە، شایەنی ئاماژەپێکردنە کتێبەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە زمانی کوردی یەکجار کەمن و لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.

ئەم کتێبە دابەش کراوەتە سەر شەش بەش، تیایدا هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی لۆژیکی بابەتەکان ڕێکبخەین بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر و ئاسانتر لێیان تێبگات، بۆیە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا پێناسەی چەمکەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن کراوە بۆ ئەوەی خوێنەر وردتر لە چەمکەکان تێبگات. ئاشکرایە لە بواری پەروەردەدا پێویستە زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ چەمکەکاندا بکرێت و وردتر پێناسە بکرێن، لە بەشی دووەمی کتێبەکەشدا باسی ئامانجە پەروەردەییەکان کراوە، پێناسە و پۆلێن و بوار و ئاستەکانی خراونەتە ڕوو، پاشان لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا باسی کارامەییەکانی وانەوتنەوە کراوە و تیایدا جەخت خراوەتە سەر ئەو کارامەییانەی، کە پێویستە لە مامۆستایاندا بەدیبکرێن لەپێناو گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکان و فێربوونی فێرخوازانیان بەباشترین شێوە، ئەو کارامەییانەی خراونەتەڕوو توانای ورووژاندنی بیرکردنەوەی فێرخوازان و کارامەییەکانی ئاراستەکردنی پرسیار و چالاکی و بەڕێوەبردنی پۆلن، پاشان لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا بە وردی باسی ڕێگاکانی وانەوتنەوە کراوە، بەشێك لەو ڕێگایانەی باسیان لێ کراوە کۆنن بەڵام گرینگیی خۆیان هەیە و لە هەموو شوێن و کاتێکدا بەکاردەهێنرێن، بەشەکەی تریش ڕێگا هاوچەرخەکان و ئاراستە نوێیەکانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەیە، هەروەها ڕێگاکانی وانەوتنەوە پۆلێن کراون و خاڵی ئەرێنی و نەرێنی و چۆنێتیی بەکارهێنانیان خراونەتەڕوو، دواتر لە بەشی پێنجەمدا باسی خوێندنی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئاوێتەکراو کراوە، کە لەم ڕۆژانەدا پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و لە ڕیزی تەواوکارییەوە گوازراوەتەوە بۆ ڕیزی پێویستییەکان، لە درێژەی بەشەکەدا گرینگی و

تایبەتمەندییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی خراونەتەڕوو، پاشان باسی خوێندنی ئاوێتەکراو کراوە، کە تیایدا فێرخواز هەردوو ڕێگای تەقلیدی و خوێندنی ئەلیکترۆنیش بەکاردەهێنێت بۆ فێربوون، کۆتا بەشی کتێبەکەش، کە بەشی شەشەمە، بۆ بابەتی هەڵسەنگاندن و گرینگی و جۆرەکان و مەرجەکانی هەڵسەنگاندنی باش تەرخانکراوە. بەو هیوای ئەم کتێبە جێگای خۆی لە هزری خوێنەران بکاتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

محمد أحمد محمد

14/4/2021

بەشی یەکەم

تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی چەمکە پەروەردەییەکانەوە

پەروەردە

پەرەوەردە کۆمەڵێك پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، هۆی ئەو جیاوازییەش تێڕوانینی تایبەتی و پاشخانی زانینی و فەلسەفیی ئەوکەسانەیە کە پێناسەیان کردووە، ئێمە لێرەدا چەند پێناسەیەکی پەروەردە دەخەینەڕوو:

پێناسەی ئیبن خەلدوون (١٣٣٢-١٤٠٦ز)

پەروەردە «پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکە لە پێناو بەدەستهێنانی داب و نەریتە باوەکان و زانین و زانیارییەکانی کۆمەڵگا» (العمراني، ٢٠١٤، ١٧).

پێناسەی هێربارت سپێنسەر (١٨٢٠-١٩٠٣ز)

"پەروەردە ئامادەکردنی تاکە بۆ ئەوەی ژیانێکی تەواو بژێت» (العمراني، ٢٠١٤، ١٧).

پێناسەی جۆن دیوی (١٨٤٥-١٩٠٥ز)

"پەروەردە ژیانە و پرۆسەی گونجاندنی مرۆڤ و ژینگەکەیەتی» (همشري،٢٠٠٧،15).

فێربوون

"گۆڕانێکی نیمچە بەردەوامە لە ڕەفتاری تاك لەڕێی ئەزموون و مەشقکردن و ڕاپەڕاندنەوە دروست دەبێت». هەروەها لە پێناسەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە «پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاری یان ڕەفتار یان کارامەیەکی نوێیە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە" (Matsumoto, 2009).

فێرکردن

فێرکردن واتە «دابینکردنی پێداویستییە ماددی و دەروونییە پێویستەکان بۆ فێرخوازان لەپێناو یارمەتیدانیان بۆ کارلێکی چالاك لەگەڵ ژینگەدا، تا بتوانن ئەزموون و زانیاری و کارامەیی و ئاراستەکان وەرگرن، هەروەها لە بارەی فێرکردنەوە وتراوە «چالاکییەکی بەردەوامە ئامانجی ورووژاندنی پاڵنەری فێرخواز و ئاسانکردنی فێربوونە» هەروەها وتراوە «گەیاندنی زانیارییەکانە بە تاك» (الحیلة، ١٩٩٩، ٢٢).

هەروەها لەبارەی فێرکردنەوە وتراوە «وەرگرتنی چەمك و واتەکانە لەڕێی ڕوونکردنەوە و وێناکردن و هێما و بەڵگەهێنانەوە و بەراوردکردن و خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە» (القائمي، ١٩٩٥، ٣٠).

ڕاهێنان (مەشقکردن)

ئەو چالاکییانەیە، کە لە کاتی کارکردندا بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان و گەشەپێدانی ئەزموونەکانیان لەپێناو زیادکردنی بەرهەمهێنانیان پێشکەش بە کارمەندان و مامۆستایان دەکرێت، ئەو ڕێکارانەیە، کە بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو و دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکی دیاریکراو بەکار دەهێنرێن (John W. Collins, Nancy Patricia O’Brien, 2003).

وانەوتنەوە

"هونەرێکە بۆ گەیاندنی زانیاری و ئەزموونەکان بە باشترین شێوە» بە واتەیەکی تر وانەوتنەوە «پرۆسەی کارلێکە لەنێوان مامۆستا و فێرخواز و ڕەگەزەکانی ژینگە، کە مامۆستا ئامادەی دەکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و کارامەیی و پسپۆڕی و ئاراستەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا» (مصطفى، ٢٠١٠، ٢٧).

ڕێگاکانی (میتۆدەکانی) وانەوتنەوە

"کۆی ئەو هەنگاوانەیە، کە مامۆستا بۆ بەدیهێنانی ڕەفتارێکی خوازراو لە لای فێرخواز بەکاریان دەهێنێت»، هەروەها بەوە پێناسە دەکرێت، کە «کۆمەڵە جووڵەیەکە مامۆستا لە پۆلدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و دیاریکراو بۆ هێنانەدی ئامانجەکان ئەنجامیان دەدات» (داود، ٢٠١٤، ٤٩)، هەروەها لە پێناسەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە «ئەو ڕاهێنان و وانە و ئامرازە ئاراستەکراوانەیە، کە بۆ فێرکردنی بابەتێك بەکار دەهێنرێن (John W. Collins, Nancy Patricia O’Brien, 2003).

مۆدێلەکانی وانەوتنەوە

مۆدێلەکانی وانەوتنەوە ئەو ستراتیژانەن، کە لەسەر بنەمای تیۆریی پەروەردەکاران و دەروونناسان و فەیلەسووفەکان بنیادنراون، ئەوانەی، کە بەدوای چۆنێتیی فێربووندا دەگەڕێن، مۆدێلیش پرنسیپ و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و لە زنجیرە هەنگاوێك پێکهاتووە، کە پێویستە مامۆستا و فێرخواز ئەنجامی بدەن.

ستراتیژەکانی وانەوتنەوە

ستراتیژ لە وشەی (ستراتیجۆس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتەی هونەری پێشەوایەتی و سەرکردایەتییە، لە سەرەتادا لە بوارەکانی لەشکری بەکار دەهات، پاشان پەرەی سەند و بۆ بوارەکانی تر گوازرایەوە، ستراتیژەکانی وانەوتنەوەش لە پەروەردە و فێرکردندا پێناسەی جۆراوجۆری هەیە و ساڵانێکە وەك زاراوەیەك بەکار دەهێنرێت و لە هەندێ شوێندا بووەتە جێگرەوەی وشەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە (ابو الحدید، ٢٠١٣، ٧٧).

پێناسەی ستراتیژەکانی وانەوتنەوە: «بریتییە لە کۆمەڵە جووڵەیەکی دیاریکراو، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕیزبەندکراو لە پۆلدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکان بەپێی پلانێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن» (زیتون، ٢٠٠٣، ٢٦٤).

هەروەها بەم شێوەیە پێناسە کراوە «ڕەفتارێکی فێرکاریی ئاڵۆزە لە لایەن مامۆستاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان ئەنجام دەدرێت و بەکارهێنانی ڕێگا و تەکنیك و ئامراز و پەیوەندییەکان لەخۆ دەگرێت».

شێوازەکانی وانەوتنەوە

"کۆمەڵێك هەڵسوکەوتە مامۆستایەك لە مامۆستایەکی تر جیادەکاتەوە، بەپێی کەسایەتی و توانای مامۆستاکە لە بەڕێوەبردنی پۆل و چۆنیەتی وانەوتنەوەدا». واتە شێوازی وانەوتنەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەسایەتیی مامۆستاوە هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە زانستی وانەوتنەوەوە

نییە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە مایەی ئەوەی فێرخوازان هەست بە جیاوازیی توانای مامۆستاکانیان بکەن (عطیة، ٢٠٠٦، ٥٧).

شایانی ئاماژەپێکردنە تێکەڵبوونێکی زۆر لەنێوان ئەو چەمکانەی بە وانەوتنەوەوە پەیوەستن دەبینرێت، وەك ڕێگا و ستراتیژ و مۆدێل و شێوازەکانی وانەوتنەوە، بۆیە لەم بارەیەوە (فایەق سەعید، ٢٠٢٠) دەڵێت تێکەڵییەکی زۆر هەیە لەنێوان چەمکەکانی وانەوتنەوە: مۆدێل میتۆد و شێوازەکانی وانەوتنەوەدا و زۆر جاریش بەهەمان واتە بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی لەو کتێبانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەچن. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە جیاکردنەوەی ئەو چەمکانە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لە لای خۆیەوە هەوڵی جیاکردنەوەیانی داوە، کە دەڵێت مۆدێل چەمکێکی سەربەخۆیە چەندین میتۆد (ڕێگا) لە خۆدەگرێت، میتۆدیش دەکرێت سەربەخۆ بێت یان سەر بە مۆدێلێکی دیاریکراو بێت، واتە دەکرێت میتۆدێکی دیاریکراو سەر بە مۆدێلێك بێت بەڵام پێچەوانەکەی نابێت، کەواتە مۆدێل گشتگیرترە لە میتۆد (سەعید، ٢٠٢٠، ١٢٧).

بەشی دووەم

ئامانجە پەروەردەییەکان

ئامانجە پەروەردەییەکان

چەمك و پێناسەی ئامانج

ئامانج بناغەی هەموو چالاکییەکی مرۆڤایەتی و هەنگاوی یەکەمی ئەنجامدانی هەر کارێکە، مرۆڤ بەبێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت هیچ کارێك ناکات، گرینگیی ئامانجیش لەوەدایە، کە ڕێگامان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پاڵنەرمان بۆ دەستپێکردن و بەردەوامبوونی چالاکییەکانی ژیانمان بەهێز دەکات.

ئەگەر ئامانج لە ژیان بە شێوەیەکی گشتی گرینگ بێت، ئەوا لە بواری پەروەردەدا زۆر گرینگترە، بەو پێیەی پەروەردە خۆی لە خۆیدا سەرەکیترین ڕێگایە لە ژیانی هەر تاکێك و لە هەموو شوێن و کاتێکدا، ئامانج ئەو ڕێگایەیە، کە تاك دەگەیەنێتە سەربەرزی و ئاسوودەیی و چاکە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە بواری پەروەردەدا گرینگییەکی یەکجار زۆر بە ئامانج بدرێت. ئامانجەکانی پەروەردەش لەگەڵ ئامانجەکانی ژیان لە هەمان سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، بۆ ئەوەی ژیانیش باشتر بێت پێویستە پەروەردە باشتر بکرێت، کەواتە ئامانجەکانی پەروەردە بناغەی ئامانجەکانی ژیانن.

پێناسەی ئامانجی پەروەردەیی

ئامانج: «وەسفی ئەو گۆڕانکارییانەیە لە ڕەفتاری تاك پاش تێپەرکردنی ئەزموونێکی فێرکاری» یان «ئەو گۆڕانانەی ڕەفتاری فێرخوازە، کە پرۆسەی فێرکردن هەوڵی بۆ دەدات».

هەروەها لە پێناسەی تری ئامانجی پەروەردەییدا هاتووە، ئامانج «سەرجەم ئەو گۆڕانانەیە، کە هەوڵ دەدرێت لە ڕەفتاری فێرخوازاندا بکرێت وەك دەرئەنجامێك بۆ پرۆسەی فێربوون» (السليتي، ٢٠١٥، ٣٩٣).

سەرچاوەکانی داڕشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان

١. **فەلسەفە و بەهاکانی کۆمەڵگا:** ئاشکرایە، هەر کۆمەڵگایەك هەوڵ دەدات نەوەکانی لەسەر بنەماگەلێك بەپێی ئایدۆلۆژیای تایبەت بە سروشت و پێویستی و گرفت و داخوازییەکانی کۆمەڵگاکە پەروەردە بکات، هەموو ئەمانەش لە داڕشتنی ئامانجە پەروەردەییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدرێت.

٢. **سروشت و تایبەتمەندییەکانی فێرخواز:** یەکێك لە بنەماکانی دانانی ئامانجە پەروەردەییەکان شارەزاییە لە گەشە و پێویستی و حەز و ئارەزوو و تواناکانی فێرخوازان، چونکە لە کۆتاییدا ئامانجەکان بۆ ئەوان داڕێژراون و بۆ ئەوەی بەدیبهێنرێن دەبێت لەگەڵ سیفەتەکانیان بگونجێن.

٣. **سروشتی بابەتەکان:** بێگومان هەر بابەتێك لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن سروشتی خۆی هەیە و لەگەڵ بابەتەکانی تر جیاوازە، بۆ نموونە ئامانج لە دانانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشنابوونە بە مێژوو و جوگرافیای وڵات، کەچی ئامانجی بابەتی بیرکاریی ئەنجامدانی بیرکردنەوەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا.

٤. **ئاراستە و پێشکەوتنەکانی جیهان:** لەبەر ئەوەی هیچ کۆمەڵگایەك بە تەنها لەم جیهانەدا ناژی و هیچ میللەتێك ناتوانێت دوورەپەرێزی هەڵبژێرێت و بەتەنیا گوزەر بکات، بۆیە پێویستە لە داڕشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان گرینگی بە ئاراستە و پێشکەوتنەکانی جیهان بدرێت، کە دواتر دەبنە بەردی بناغەی بنیادنانی پرۆگرامی خوێندن، ئەمەش لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و جیهانگیرییە گرینگییەکی زیاتری هەیە (السليتي، ٢٠١٥، ٣٩٤).

ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان

ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەژێر تیشکی دوو هۆکاردا دیاری دەکرێن، یەکەمیان: کاتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە، دووەمیان: مەودای گشتگیریی (العيساوي وآخرون، ٢٠١٢، ٢٦).

لێرەدا ئەو ئامانجەی گشتگیر و گشتییە و بۆ بەدیهێنانی پێویستی بە کاتێکی درێژخایەنە، پێی دەوترێت (ئامانجی گشتی) کەچی ئەو ئامانجەی لە گشتگیریدا کەمتر و بچووکترە و بۆ بەدیهێنانیشی کاتی کەمتر پێویستە، پێی دەوترێ (ئامانجی تایبەتی) هەروەها ئەو ئامانجەی هەرە بچووکە و بۆ بەدیهێنانی کاتێکی زۆر کەمی پێویستە، پێی دەوترێت (ئامانجی ڕەفتاری) وەك لەم شێوەیەی خوارەوەدا هاتووە:



شێوەی ژمارە (١) ئاستەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان

یەکەم: ئامانجە گشتییەکان

ئەم ئاستەی ئامانج لە بەرزترین پلەی گشتگیریدایە و ماوەی بەدیهێنانی درێژخایەنە و بەشێوەیەکی گشتی وەسفی دەرئەنجامە کۆتاییەکانی پرۆسەی پەروەردەیی دەکات، ئامانجی گشتیش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دادەنرێت (زایر وآخرون، ٢٠١٢، ٦٤) ئەمانەی لای خوارەوەش چەند نموونەیەکی ئامانجی گشتین:

- پەروەردەکردنی هاوڵاتییەکی باش.
- پەروەردەکردنی هاوڵاتییەك باوەڕی بە زانست هەبێت و لە ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە.
- پەروەردەکردنی هاوڵاتییەك باوەڕی بە ئایین هەبێت و لە ژیانیدا جێبەجێی بکات.

- گەشەپێدانی تواناکانی تاك لە هەموو ڕووەکانەوە بۆ بەهێزکردنی بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان.
- کرانەوە بە ڕووی کولتووره جیاوازەکان و قبووڵکردنی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان.

وەك لە نموونەکانی سەرەوە بە ڕوونی دیارە، مەودای گشتگیریی ئامانجەکان لە بەرزترین ئاستدایە، چونکە ئامانجەکان تایبەت نین بە قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندن یان پرۆگرامێکی دیاریکراو، لەڕووی کاتیشەوە هێنانەدیی ئامانجەکان پێویستی بە کاتێکی زۆرە، کە چەندین ساڵ دەخایەنێت.

دووەم: ئامانجە تایبەتییەکان

ئامانجە تایبەتییەکان ئەوانەن، کە مەودای گشتگیری و کاتی بەدیهێنانیان لە ئامانجە گشتییەکان کەمترن، ئامانجی تایبەتی تایبەتە بە بابەتێکی دیاریکراو یان بە قۆناغێکی دیاریکراو (زایر وآخرون، ٢٠١٢، ٧٩)، بۆ نموونە بابەتی زمانی کوردی ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ بابەتی زمانی ئینگلیزی و بەم شێوەیە. هەروەها ئامانجەکانی بابەتی زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا جیاوازن لەگەڵ ئامانجەکانی هەمان بابەت لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا.

- نموونەی ئامانجی تایبەتی بۆ ئەلفبێی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی:
- فێرخواز بە نووسین و خوێندنەوە فێری ئەلفبێی کوردی ببێت.

- فراوانکردنی فەرهەنگی فێرخواز لە زمانی کوردیدا.
- گرینگیدان بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی دروست لە لای فێرخواز.

ئامانجی تایبەتی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی ناوەندی:

- پەرەپێدانی توانای فێرخواز لە نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی.
- پەرەپێدانی فەرهەنگی زمانەوانیی فێرخواز بە شێوەیەك، کە بتوانێت داڕشتنێك بە زمانی کوردیی پەتی بنووسێت.

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەبینرێت ئامانجەکانی زمانی کوردی لەنێوان هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی جیاوازییان هەیە، ئامانجی زمانی کوردی لە سەرەتاییدا فێربوونە، کەچی لە ناوەندیدا پەرەپێدانە، چونکە فێرخواز قۆناغی فێربوونی تێپەڕاندووە.

سێیەم: ئامانجە ڕەفتارییەکان

ئامانجە ڕەوفتارییەکان ئەو ئامانجانەن کە بە وردی دیاریکراون و لە ڕەفتاری فێرخوازاندا هەستیان پێ دەکرێت، ڕەفتاریش وەك ئاشکرایە لایەنی زانینی و ویژدانی و جووڵەییش دەگرێتەوە، وەك بیرکردنەوە و بەها و ئاراستەکان و کارامەییەکان، کە پێویستە فێرخواز فێریان ببێت.

پێناسەی ئامانجی ڕەفتاری: «وەسفێکی وردکار و ڕوون و دیاریکراوە بۆ ئەو ئەنجامەی فێربوون، کە چاوەڕوان دەکرێت فێرخواز لە کۆتایی وانەیەکدا فێری ببێت.

واتە ئامانجی ڕەفتاری لە ڕووی گشتگیرییەوە بە بەراورد لەگەڵ ئامانجی گشتی و تایبەتی لە نزمترین ئاستدایە، چونکە ئەم ئامانجە تایبەتە بە باسێك لە بابەتێك، بۆ نموونە باسی (بکەر) لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، هەروەها کەمترین کاتی پێویستە بۆ بەدیهێنانی، کە زۆر جار تاکە وانەیەکە.

شایانی باسە هەرسێ جۆری ئامانجەکانی بە سیستەمێکی ورد لە نزمەوە بۆ بەرز داڕێژراون، واتە هێنانەدیی ئامانجە ڕەفتارییەکان دەبێتە مایەی هێنانەدیی ئامانجە تایبەتییەکان و بە بەدیهێنانی سەرجەم ئامانجە تایبەتییەکان، ئامانجە گشتییەکان بەدی دێنێت (سالم والحلبي، ١٩٩٨، ٢٤٥-٢٥٠).

مەرجەکانی داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان

١. پێویستە ئامانجی ڕەفتاری بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت:

- فێرخواز + کاری ڕانەبردوو + ناوەڕۆك + ئامانجێکی شیاو بۆ پێوانەکردن.

نموونە:

- فێرخواز سەرچاوەکانی وزە بژمێرێت. ...... فیزیا
- فێرخواز بەبێ هیچ هەڵەیەك وێنەی خانە بکێشێت. .... زیندەزانی

پێویستە ئامانجەکە وەسفی ڕەفتاری فێرخواز بکات نەك مامۆستا.

نموونە:

- فێرخواز پێناسەی ناو بکات.
- فێرخواز جۆرەکانی ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بژمێرێت.

٢. پێویستە ڕەفتارە داواکراوەکە بە شێوەیەك دابڕێژرێت، کە بۆ پێوانەکردن و تێبینیکردن شیاو بێت، نموونەی ئەمەش، فێرخواز پێناسە بکات، شی بکاتەوە، شرۆڤە بکات، بەراورد بکات، بژمێرێت ...هتد.

٣. پێویستە پێوەری جێبەجێکردن ڕوون بێت، بۆ نموونە:

- فێرخواز بەبێ ئەوەی لە سێ هەڵە زیاتر بکات داڕشتنێك بە زمانی ئینگلیزی بنووسێت (مصطفی، ٢٠١٠، ١٦٦).

پۆلێنکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان

ئەرکی قوتابخانە بەرامبەر فێرخوازان تەنها ئەوە نییە لەڕێی گەیاندنی بابەتەکانی نێو دووتوێی کتێبەکان فێری زانیارییان بکات، بەڵکو پێویستە

بەها و ئاراستە باشەکان لە ناخی فێرخوازان بچێنێت و گرینگی بە بواری پراکتیکیش بدات بۆ ئەو بابەتانەی کە پێویستە فێرخوازان بە پراکتیك فێریان بن.

ئەمانەی باسکران بواری زانینی و ویژدانی و جووڵەیی بوون، کە پێویستە لە داڕشتنی ئامانجەکانیشدا هەبن، بۆیە ئامانجە ڕەفتارییەکانیش هەر سێ بوارەکە لەخۆ دەگرن، وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

یەکەم: بواری زانینی

بلووم و هاوڕێکانی لە ساڵی (١٩٥٦) ئامانجەکانی ئەم بوارەیان بۆ شەش ئاست دابەش کرد، ئەم ئاستانە بە شێوەیەکی هەرەمی داڕێژراون لە نزمترین ئاستەوە، کە (بیرهاتنەوە)یە بۆ بەرزترین ئاست کە (هەڵسەنگاندن)ە. هەر ئاستێکیش لەسەر بنەمای ئاستەکەی پێشووی بنیاد نراوە (Molly Y. Zhou, David Brown, 2017) وەك لە شێوەی ژمارە (٢)دا هاتووە.

وێنەی ژمارە (٢) بنجامین بلووم

ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکانی بواری زانینی بەپێی پۆلینی بلووم

١. ئاستی بیرهاتنەوە:

واتە بیرهاتنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە فێرخواز پێشتر فێریان بووە، ئەمەش تەنها پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی سووك و ئاسانە بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك (Bloom, et al, 1956)، ئەو وشانەی گونجاون بۆ ئەم ئاستە بەکاربهێنرێن ئەمانەن: پێناسەکردن، وەسفکردن، ژماردن، دەرهێنان، ڕێکخستن..هتد. بۆ نموونە:

- فێرخواز پێناسەی ئاسن بکات.
- فێرخواز ناوی شارەکانی کوردستان بژمێرێت.

٢. ئاستی تێگەیشتن:

تێگەیشتن لێرەدا واتە فێرخواز لە واتەی ئەو زانیارییانەی دەیانخوێنێت تێبگات و، بە شێوازی تایبەتی خۆی دایانبڕێژێتەوە و سەرنجی خۆی لەسەر بدات و ئاماژە بۆ دەرئەنجامەکانی بکات (Bloom, et al, 1956)، ئەو وشانەی دەگونجێت بۆ ئەم ئاستە بەکاربهێنرێن ئەمانەن: جیاکردنەوە، ڕوونکردنەوە، خستنەڕوو، دووبارە دارشتنەوە، وەرگێڕان، کورتکردنەوە، نواندن، بۆ نموونە:

- فێرخواز بەراورد لەنێوان کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بکات.
- فێرخواز قۆناغەکانی ژیانی گۆران ڕوونبکاتەوە.

٣. ئاستی جێبەجێکردن:

مەبەست لە جێبەجێکردن بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەیە کە فێرخواز فێریان بووە لە هەڵوێستی نوێدا، مامۆستایانیش دەڵێن هەر فێرخوازێك لە بابەتێك تێبگات دەتوانێت جێبەجێی بکات (Bloom, et al, 1956). ئەو وشانەی دەکرێت لێرەدا بەکار بهێنرێن ئەمانەن: بەکارهێنان، جێبەجێکردن، بەستن، چارەسەرکردن، دۆزینەوە، بۆ نموونە:

- فێرخواز وشەی (کتێب) وەکو (بەرکار) لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنێت.
- فێرخواز مایکرۆسکۆپ بۆ بینینی بەکتریایەك بەکار بهێنێت.

٤. ئاستی شیکردنەوە:

واتە هەڵوەشاندنەوەی و بەشبەشکردنی بابەتێك بۆ بەشەکانی، لەپێناو تێگەیشتن لە چۆنیەتیی دروستبوونی بابەتەکە، ئەمەش بە دیاریکردن و پێناسەکردنی بەشەکان و شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان بەشەکاندا دەکرێت، ئەو وشانەی بۆ ئەم ئاستە دەگونجێن ئەمانەن: شیکردنەوە، دەرهێنان، بەراوردکردن، وێنەکێشان، ناسینەوە، جیاکردنەوە، کێشانی هێلکاری، بەشبەشکردن. بۆ نموونە:

- فێرخواز بەرکار لە ڕستەیەك دەربهێنێت.
- فێرخواز هەنگاوەکانی دروستبوونی کەڕوو شیبکاتەوە.

٥. ئاستی پێکهێنان:

پێکهێنان پێچەوانەی شیکردنەوەیە، واتە توانای کۆکردنەوەی بەشەکان بۆ دروستکردنی یەکەیەکی تەواوی نوێ(Bloom, et al, 1956) . ئەو وشانەی بۆ ئەم ئاستە بەکاردێن ئەمانەن: بەکارهێنان، پۆلێنکردن، دووبارە دارشتن، ڕێکخستن، دووبارە ڕێکخستن، نەخشەکێشان، نووسین، ڕاستکردنەوە، بۆ نموونە:

فێرخواز جێناوی لکاو لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنێت.

فێرخواز هێڵکاری (چارت)ێك لەسەر ڕێژەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دروست بکات.

٦. ئاستی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندن بەرزترین ئاستی ئەم بوارەی ئامانجە ڕەفتارییەکانە، بەپێی پۆلێنی بلووم، کە بریتیە لە توانای بڕیاردان لەسەر زانیارییەکان لەژێر تیشکی چەند پێوەرێکی دیاریکراو. دەکرێت بڕیارەکانیش چۆنێتی یان چەندێتی بن، هەڵسەنگاندنیش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەر پێنج ئاستەکەی پێشوو (زانین و تێگەیشتن و جێبەجێکردن و پێکهێنان) لەخۆ دەگرێت (Bloom, et al, 1956). ئەو وشانەی دەکرێت بۆ ئەم ئاستە بەکاربهێنرێن ئەمانەن: هەڵسەنگاندن، وەسفکردن، ڕەخنەگرتن، کورتکردنەوە، بەستن، خستنەڕوو، جیاکردنەوە، بۆ نموونە:

- فێرخواز توانای هەڵسەنگاندنی دروستی ڕستەیەکی لە زمانی کوردیدا هەبێت.

- فێرخواز بەکارهێنانی بەرنامەی گووگڵ کلاسرووم هەڵبسەنگێنێت.



شێوەی ژمارە (٣) ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە بواری زانیاری

دووەم: بواری ویژدانی

ئەم بوارە لە ساڵی (١٩٦١) لە لایەن (David Krathwohl) دانراوە و بوارەکەش، وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، تایبەتە بە لایەنی ویژدانی مرۆڤ، واتە بەها و ئاراستەکان. ئەم بوارە دابەش کراوەتە سەر پێنج ئاست، وەك لە خوارەوە هاتووە (القلا واخرون، ٢٠٠٦).

١. **سەرنجدانی وروژێنەرەکان:** واتە سەرنجدانی وروژێنەرێکی دیاریکراو بە شێوەیەك کە ببێتە هۆی بایەخپێدانی فێرخواز، واتە ئامادەکردنی

فێرخواز و ئاراستەکردنی سەرنجی بۆ شتە هەستپێکراوەکان، ئەم ئاستەش پێویستی بە هۆشێکی ئاسانە ئەویش سەرنجدانە، ئەو کارانەی بۆ وەسفکردنی ئەم ئاستە بەکاردێن ئەمانەن: سەرنج بدات، پرسیار بکات، هەست دەربخات، بەدواداچوون بکات، بۆ نموونە:

- فێرخواز سەرنجی شێوازی دروستکردنی کاری ڕانەبردوو بدات.

٢. **وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکان:** واتە کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ وروژێنەرەکان، ئەم ئاستە پێویستی بە سەرنجێکی زیاترە لە ئاستەکەی پێشوو، ئەو کارانەی بۆ وەسفکردنی ئەم ئاستە بەکاردێن ئەمانەن: وەڵام دەداتەوە، یارمەتی دەدات، پێشوازی دەکات، بۆ نموونە:

- فێرخواز لە کاتی نەخشەکێشانی نەخشەی کوردستان هەست بە ئاسوودەیی بکات.

٣. **بەخشینی بەها:** لێرەدا فێرخواز شت و دیاردە و وروژێنەرەکان بەپێی پێوەری تایبەت بە خۆی دەنرخێنێت، ئەم ئاستە لە شێوەی بەها و ئاراستە و کرداردا دەردەکەوێت، ئەو کارانەی بۆ وەسفکردنی ئەم ئاستە بەکاردێن ئەمانەن: دەسپێشخەری دەکات، دەخەملێنێت، تەواو دەکات، بۆ نموونە:

- فێرخواز دەستپێشخەری لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ تایپکردنی ڕاپۆرتێك بکات.

٤. **ڕێکخستنی بەها**: واتە ڕێکخستنی کۆمەڵە بەهایەك لە سیستەمێکی دیاریکراو و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان لە سیستەمێکی تایبەتیدا،

کارە بەکارهاتووەکانی ئەم ئاستە، ئەمانەن: پابەند دەبێت، ڕاست دەکاتەوە، ڕێك دەخات، بۆ نموونە:

- فێرخواز ڕەفتاری خۆی بەپێی بەها و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا ڕاست بکاتەوە.

٥. **دروستبوون و شانازی کردن بە بەهاکان**: ئەم ئاستە بەرزترینی ئەم بوارەیە و ئەوە دەگەیەنێت کە بەهاکان شوێنی خۆیان لە ڕێکخراوی ناوەکی کردووەتەوە، ئەو کارانەی لێرەدا بەکار دەهێنرێن ئەمانەن: شانازی دەکات، بە متمانەوە دەڵێت، بە شانازییەوە باس دەکات، باوەڕ دەهێنێت، بەرگری دەکات، پێداچوونەوە دەکات، بۆ نموونە:

- فێرخواز شانازی بە دڵسۆزییەوە بکات.
- فێرخواز شانازی بە ڕاستگوییەوە بکات و هەوڵ بدات لە هەموو ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە (القلا واخرون، ٢٠٠٦، ٤٣٦-٤٤٤).

سێیەم: بواری جووڵەیی

ئەم بوارە بایەخ بە جووڵەکانی ئەندامانی جەستەی فێرخواز دەدات، ئەو جووڵانەی لەڕێی ئەزموونە فێرکارییەکانەوە فێریان دەبێت تا دەبنە کارامەیی جەستەیی، وەك مەلەکردن و تایپکردن و ژەنین و نووسین و وێنەکێشان و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر...هتد (همشري، ٢٠٠٧، ٢٤٦). ئاستەکانی ئەم بوارەش بەپێی یەکێك لە پۆلێنەکان دابەش کراونەتە سەر پێنج ئاست، نزمترین ئاستی بوارەکە تێبینییە و بەرزترین ئاستی داهێنانە و لەو نێوانەدا سێ ئاستی تر هەن، کە لاساییکردنەوە و تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنن،

وەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

١. **تێبینیکردن**: نزمترین ئاستی ئەم بوارەیە و پێویستی بە توانای سەرنجدان و تێبینیکردنە، هەرچەند تێبینی فێرخواز باشتر بێت فێربوونی باشتر دەبێت، ئەو وشانەی لەم ئاستەدا بەکار دێن ئەمانەن: چاودێری دەکات، سەرنج دەدات، تێبینی دەکات، دەگەڕێت. بۆ نموونە:

- فێرخواز تێبینیی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی زانستی لە تاقیگەدا بکات.
- فێرخواز ڤیدیۆیەك ببینێت لەبارەی چۆنێتیی بەکارهێنانی ماڵپەڕی بلاکبۆرد.

٢. **لاسایی کردنەوە**: لەم ئاستەدا فێرخواز چاولێکەریی ئەنجامدانی کارێك دەکات، کە پێشتر لە پێشیدا ئەنجام دراوە و هەنکاوەکانی لەبەر کردووە، ئەو وشانەی لەم ئاستەدا بەکاردێن ئەمانەن: لاسایی دەکاتەوە، چاوی لێدەکات، دووبارەی دەکاتەوە، نموونەی ئەم ئاستە:

- فێرخواز پاش تێبینیکردنی مامۆستاکەی، ئامێرێکی ئەلیکترۆنی پێك بهێنێتەوە.
- فێرخواز بە شێوەیەکی دروست لەبەرامبەر کۆمپیوتەر دابنیشێت لە پاش تێبینیکردنی مامۆستاکەی کە هەمان کاری ئەنجام دابێت.

٣. **تاقیکردنەوە**: لێرەدا فێرخواز هەندێ کار و چالاکی بەشێوەیەکی تاڕادەیەك ئازاد ئەنجام دەدات و تاقی دەکاتەوە، کە پێشتر شارەزایی

لێیان نەبووە، ئەو وشانەی لێرەدا بەکاردێن ئەمانەن: تاقی دەکاتەوە، هەوڵ دەدات، ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکات، ئەنجام دەدات ... هتد، بۆ نموونە:

- فێرخواز بە بەکارهێنانی کەرەستە بەردەستەکان تاقیکردنەوەیەکی زانستی ئەنجام بدات.
- فێرخواز هەنگاوەکانی دروستکردنی ڕاپرسی جێبەجێ بکات.

٤. **جێبەجێکردن:** جێبەجێکردن لە کاتێکدا ڕوودەدات فێرخواز فێری ئەنجامدانی ئەو کارە بووبێت کە هەوڵی فێربوونی دەدات، لەم ئاستەدا فێرخواز دەتوانێت بەبێ سەرپەرشتی مامۆستاکەی کارەکانی جێبەجێ بکات، تا ڕادەیەکی باش باوەڕبەخۆبوونی لە لا دروست دەبێت و پشت بەخۆی دەبەستێت. ئەو کارانەی لێرەدا بەکاردێن ئەمانەن: بەبێ سەرپەرشتی ئەنجام دەدات، بەرهەم دەهێنێت، بە کوالیتییەکی تارادەیەك باش کار دەکات، بۆ نموونە:

- فێرخواز بەبێ سەرپەشتیی مامۆستا برگەیەك بە زمانی ئینگلیزی بە کۆمپیوتەر تایپ بکات.
- فێرخواز داڕشتنێك بە زمانی عەرەبی بنووسێت.

٥. **داهێنان**: واتە گەیشتنە لوتکەی جێبەجێکردن، کە پێویستە سێ سیفەتی تێدا هەبن: خێرایی و کوالیتی و ئاسانیی ئەنجامدان، ئەو کارانەی لێرەدا بەکار دەهێنرێن بۆ داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری ئەمانەن: داهێنان دەکات، بەخێرایی ئەنجامی دەدات، بەباشی ئەنجامی دەدات، کۆنترۆڵی دەکات (زایر وآخرون، ٢٠١٢، ٧٩) بۆ نموونە:

- فێرخواز بە خێرایی و بەبێ ئەوەی هەڵە بکات ڕاپۆرتێك تایپ بکات.
- فێرخواز لە دیزاینکردنی خانوویەك داهێنان بکات.

بەشی سێیەم

کارامەییەکانی وانەوتنەوە

کارامەییەکانی وانەوتنەوە

یەکەم: ئامادەباشی و وروووژان

یەکێك لە خاڵە هەرە گرینگەکانی وانەوتنەوە ڕاکێشانی سەرنجی فێرخوازانە، بۆیە زۆر پێویستە مامۆستا ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی فێرخوازان ڕابکێشێت و بۆ بەردەوامبوون لە گوێگرتن و وەڵامدانەوە هانیان بدات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێگایەك هەن، کە مامۆستا دەتوانێت پەنایان بۆ ببات، وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

١. گرینگی بە حەز و ئارەزووەکانی فێرخوازان بدە و ئەو بابەتانەیان بۆ هەڵبژێرە کە حەزیان لێیانە و سەرنجیان ڕادەکێشن.

٢. ئامادەکاریی باش بۆ وانەکەت بکە، لێرەشدا دەتوانیت لە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدییەکانی دەستپێکردنی وانە دوور بکەویتەوە، بۆ نموونە دەکرێت لەڕێی خوێندنەوەی هەواڵێك لە ڕۆژنامەیەکەوە یان بەکارهێنانی وێنەیەك یان ڤیدیۆیەك دەست بە وانەکەت بکەیت.

٣. ئامانجەکانی وانەکانت پیشانی فێرخوازان بدە و یارمەتییان بدە لە تێگەیشتنی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی وانەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکان.

٤. بۆ ڕاکێشانی سەرنجی فێرخوازان پرسیار بەکار بهێنە، ئاشکرایە کە پرسیار یەکێکە لە شێوازە هەرە سەرکەوتووەکانی مامۆستا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی فێرخوازان (بوردن، ٢٠٠٩، ١٩٦).

دووەم: پرسیار

پرسیار بەشێکی سەرەکیی وانەوتنەوە و فاکتەرێکی گرینگە بۆ بەردەوامی ورووژاندنی بیرکردنەوەی فێرخواز لە پۆلدا، لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەر چالاککردنی ژینگەی پۆل و کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخوازدا هەیە، پرسیاریش لە هەموو کاتەکانی وانەوتنەوەدا هەیە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەروەها پرسیار بە ئامرازێکی سەرەکیی هەڵسەنگاندنیش دادەنرێت، لە زۆربەی ڕێگاکانی وانەوتنەوەشدا پرسیار بە ڕێژەی جۆراوجۆر هەیە، بە تایبەتی لە ڕێگای گفتۆگۆ و ڕێگای لێپرسینەوەدا بە بناغەی سەرەکی دادەنرێت، هەروەها لە سەرجەم ڕێگاکانی تریشدا بەکار دەهێنرێت.

بنەماکانی دانان و ئاراستەکردنی پرسیار

١. پێویستە پرسیارەکان ئاراستەی هەموو فێرخوازان بکرێن بەبێ جیاوازي، نەك تەنها فێرخوازە ئاست بەرزەکان یا ئاست نزمەکان.

٢. پرسیار خۆی لە خۆیدا هۆکارە نەك ئامانج، بۆیە پێویستە مەبەست هەبێت لە پرسیارەکان و بە شێوەیەك دابڕێژرێن، کە فێرخواز بۆ بیرکردنەوە هان بدەن نەك لەبەرکردن.

٣. پێویستە پرسیارەکان بەشێوەیەکی ورد دابڕێژرێن و هەر پرسیارێکیش ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت.

٤. باشتر وایە ئەو پرسیارانە بەکار نەهێنرێن، کە وڵامەکەیان، بەڵێ و نەخێرە، جونکە فێرخوازان لەسەر خەمڵاندن ڕادەهێنێت.

٥. پێویستە مامۆستا لە وەرگرتنی وڵامی فێرخوازان نەرمی بنوێنێت و وڵامێکی

دیاریکراو لە مێشکی خۆیدا دانەنێت، بەڵکو بیر لە ڕا و بۆچوونەکان بکاتەوە و هەوڵی نزیککردنەوەیان بدات.

٦. کاتی پێویست بە فێرخوازان بدرێت بۆ ئەوەی بە باشی بیر لە پرسیارەکە بکەنەوە، چونکە ئەگەر فێرخواز هەست بکات مامۆستاکەی چاوەڕوانی وڵامە، بە پەلە و بەبێ بیرکردنەوە وڵام دەداتەوە.

٧. پێویستە پرسیارەکە ئاراستەی هەموو فێرخوازان بکرێت پاشان فێرخوازێك دیاری بکرێت بۆ وڵامدانەوە بۆ ئەوەی هەموویان بەشداری لە بیرکردنەوەدا بکەن.

٨. کاتێك فێرخوازێك وڵامی پرسیارێك دەداتەوە پێویستە مامۆستا زۆر بە دڵێکی فراوانەوە وڵامی بداتەوە تەنانەت ئەگەر وڵامەکەیشی هەڵە بوو، ئەگەر وڵامەکەیشی ڕاست بوو پێویستە دەستخۆشیی لێبکات تا هاوڕێکانی بۆ وڵامدانەوە هان بدات.

نموونەی پرسیاری لاواز و پرسیاری باش

- پرسیاری لاواز: ئایا (نووسیی) کارێکی ڕابردووە یا ڕانەبردوو؟ ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی لاواز دادەنرێت چونکە بیرکردنەوەی باڵای تێدا نییە و فێرخواز دەتوانێت لەڕێی خەمڵاندنەوە وەڵام بداتەوە، ڕێژەی خەمڵاندنیش ٥٠٪ە، کە بەرزترین ڕێژەیە.
- پرسیاری باش: (نووسیی) چ جۆرە کارێکە لە ڕووی کاتەوە و چۆن؟ ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی باش دادەنرێت، چونکە پێویستی بە

ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەیە و فێرخواز ناتوانێت لەڕێی خەملاندنەوە وەڵام بداتەوە.

سێیەم: چالاکی و گوڕوتینی مامۆستا

مەبەست لە چالاکیی مامۆستا بەکارهێنانی جووڵە و تواناکانیەتی لە پۆلدا، مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە ئەندامەکانی لەشی بە باشترین شێوە لە کاتی وانەوتنەوەدا بەکار دەهێنێت، زۆر چالاك و گورجوگۆڵە نەك سست و لاواز و بێوزە، ئەو مامۆستایەی بەردەوام لە شوێنێك دادەنیشێت ناتوانێت سەرنجی فێرخوازان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و فێرخوازانی هەست بە بێزاری دەکەن، لە کۆتاییشدا بەباشی فێر نابن.

ئەو توانایانەی پێویستە لە بواری جووڵەییدا لە مامۆستادا هەبن، ئەمانەن:

١. توانای جووڵەی لە سەرانسەری پۆلدا هەبێت و بەپێی توانای خۆی ئەندامەکانی لەشی بەکار بهێنێت، دەست و پێی بە تەواوی بەکار بهێنێت و هەندێ جاریش پێویستە جووڵەی چاو و دەموچاو و سەری بەکار بهێنێت بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی و نارەزایی ...هتد.

٢. زمانێکی پاراو و بێگرێ و دەنگێکی باشی هەبێت، کە بە هەموو فێرخوازان بگات.

٣. سەرنجێکی باشی بۆ دەوروبەری خۆی هەبێت و توانای وڵامدانەوەی خێرای هەبێت.

چوارەم: بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن

ئاشکرایە کە جیاوازی تاکێتی لەنێوان فێرخوازانی هەر پۆلێکدا هەیە و هەمووان بە یەك شێوە فێر نابن، بەشێك لە فێرخوازان لەڕێی بابەتی بینراوەوە زیاتر فێر دەبن و بەشێکیان لەڕێی بابەتی بیستراوەوە فێر دەبن و بەشێکی تریان لەڕێی بابەتی بیستراو و بینراوەوە، بۆیە پێویستە مامۆستا مامەڵەی باش لەگەڵ هەموو کەناڵەکانی وەرگرتنی فێرخوازان بکات بۆ ئەوەی بەسەر جیاوازییە تاکێتییەکانیاندا زاڵبێت و کاریگەرییە نەرێنییەکان کەم بکاتەوە.

ئامرازەکانی فێرکردنیش جۆریان زۆرن، وەك: بۆرد، کتێب، نموونەی زیندوو، نەخشە، وێنەی فێرکاری، ڤیدیۆ، ڕادیۆ، ئۆڤەرهید پرۆجێکتەر، داتاشۆ، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، ڕۆبۆت، بەرنامەکانی تابلێت و مۆبایل...هتد.

پێنجەم: بەڕێوەبردنی پۆل

بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەڕێوەبردنی پۆل و سەرکەوتنی مامۆستادا هەیە، بەشێك لە پەروەردەکارانیش پێیان وایە سەرکەوتنی مامۆستا لە بەڕێوەبردنی پۆلدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی فێرخوازان، بۆیە بەڕێوەبردنی پۆل بە یەکێك لە کارامەییە هەرە گرینگەکان دادەنرێت (عبد

العزیز و عبد العظیم، ٢٠٠٧، ١٢).

لەم بارەیەوە مارزانۆ و هاوڕێکانی (R. j. Marzano) دەڵێن بەشێکی زۆر لە پەروەردەکاران پێیان وایە پەیوەندی لەنێوان مامۆستا و فێرخواز خاڵی دەسپێکی سەرکەوتنە لە بەڕێوەبردنی پۆلدا، بۆیە دەڵێن ئەگەر مامۆستا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ فێرخوازاندا هەبێت ئەوا کاروبارەکانی لە بەڕێوەبردنی پۆلدا زۆر نەرمتر و باشتر بەڕێوە دەچن. هەروەها مارزانۆ و هاوڕێکانی دەڵێن لایەنە هەرە گرینگەکانی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و فێرخواز تەنها ئەوە نییە کە مامۆستایان هەستی پێدەکەن، بەڵکو ئەوەیە کە مامۆستایان بە شێوەیەکی کرداری دەیکەن، یان دیاریکراوتر بڵێین فێرخوازان ناتوانن بیرۆکەکانی مامۆستاکەیان ببینن تا بڕیاری ئەوە بدەن ئاخۆ مامۆستاکەیان لە بارەی فێرخوازانەوە گەشبینە یان ڕەشبین، بەڵکو بەپێی لێکدانەوەی خۆیان بۆ ڕەفتاری مامۆستا هەڵوێستەکانی لە ئاست پۆلەکە دەنرخێنن (R. J. Marzano et al, 2005).

بەڕێوەبردنی پۆلیش پێویستی بە شارەزایی و لێهاتووییە. لە ڕووی زانستییەوە کۆمەڵێك یاسا و ڕێکار لەخۆ دەگرێت و لە ڕووی هونەرییەوە پەیوەندیی بە توانا کەسییەکانی مامۆستاوە هەیە، بۆ ئەوەی مامۆستاش لە وانەوتنەوەدا سەرکەوتوو بێت پێویستە لە پۆلدا بەڕێوەبەرێکی باش بێت، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرێکی باشیش بێت پێویستە چەند سیفەتێکی تێدا هەبن، لەوانە:

١. شارەزایی لە یاساکانی پەروەردە و قوتابخانە.

٢. ئاگاداری پێشهاتەکان و نوێگەرییەکانی بواری بەڕێوەبردنی پەروەردەیی بێت.

٣. نموونەیەکی باش بێت بۆ فێرخوازان و خاوەنی ڕەوشتی بەرز بێت.

٤. بۆ بەڕێوەچوونی وانەکە پلانێکی باش دابڕێژێت و بە پلانەکەوە پابەند بێت.

٥. لەسەرخۆ و هێمن و خاوەنی بڕیار بێت.

٦. بە شێوەیەکی بابەتی بیر بکاتەوە نەك خودی.

٧. بە گورجی چارەسەری گرفتەکان بکات (اسعد، ٢٠١٨، ١٢٣).

شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل

شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل لە لایەن مامۆستایانەوە یەك شێواز نییە، چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە سیفەتێکی کەسایەتی و ژینگەیی، لێرەدا شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل خراونەتەڕوو:

یەکەم: بەڕێوەبردنی دیموکراتی

ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەنێوان مامۆستا و فێرخواز دانراوە و هەردوو لایەن تیایدا ڕێز لە بۆچوونی یەکتر دەگرن و ئازادانە ئاڵوگۆڕی بیروڕا جیاوازەکان دەکەن بەبێ دروستبوونی گرژی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی ڕایەك بە زۆرەملێ. مامۆستای دیموکراسی بەشداری بە فێرخوازان دەکات، زیاتر گرینگی بە لایەنی مرۆڤایەتی دەدات نەك توندڕەوی و خۆسەپاندن، فێرخوازانیش ئازادییەکی تەواویان هەیە بەپێی یاساکانی پۆل، کە پێشتر مامۆستا بۆی دەستنیشانکردوون (عبدالعزیز وعبدالعظیم، ٢٠٠٧، ٤٤).

سەبارەت بە دانانی بڕیارەکانی پۆلیش هەردوو لایەن (واتە مامۆستا و فێرخوازان) تیایدا بەشدار دەبن و بەرژەوەندی گشتی دەبێتە پێوەرێك بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك، بۆ نموونە کاتی ئەنجامدانی ئەزموون و شێوازی پرسیارەکان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی وانە... هتد، ئەمەش واتەی ئەوە نییە کە مامۆستا ناچار بێت هەموو بڕیارەکان بەپێی بۆچوونی فێرخوازان دابڕێژێت بەڵکو بۆچوونەکانیان وەردەگرێت و بەپێی ژینگەی پۆل دەیگونجێنێت دواتر خۆی بڕیاری کۆتایی دەدات.

ئەو مامۆستایەی، کە شێوازی دیموکراتی پەیڕەو دەکات پێویستە هەڵگری کۆمەڵێك سیفەت بێت تا بتوانێت سەرکەوتوو بێت و تووشی کەمترین گرفت بێت. گرینگترین سیفەتیش ئەوەیە خۆی بە گەورە نەزانێت و ڕێز لە بۆچوونی بەرامبەر بگرێت. هەروەها پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوەوە و دەرەوەی پۆل بدات و بەشداری بە فێرخوازان بکات لە چالاکییەکان و هانی فێرخوازان بدات بۆ داهێنان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی باشی لەگەڵ فێرخوازان هەبێت (الطناوي، ٢٠١٣، ١٢٦).

دووەم: شێوازی دیکتاتۆری (خۆسەپاندن)

ئەم شێوازە وەك لە ناوەکەیەوە دیارە، واتە بەکارهێنانی زۆرداری و خۆسەپاندن بە زەبری هێز و گوێنەگرتن لە ڕاوبۆچوونی بەرامبەر و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان، بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە لە لایەن مامۆستاوە دەبێتە هۆی داخستنی دەرفەتی گفتوگۆ و دابڕان و لاوازبوونی پەیوەندی لەنێوان مامۆستا و فێرخواز، ئاشکرایە کە نەبوونی پەیوەندیش لەنێوان هەردوو لایەن خۆی لە خۆیدا گرفتە و پێویستی بە چارەسەرە.

ئەو پۆلەی بەم شێوەیە بەڕێوە دەبرێت هێمنی و بێدەنگیی پێوە دیارە، لەوانەیە ئەمە بە ڕووکەش باش بێت بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە چونکە بێدەنگیی فێرخوازان بە زۆرەملێیە و بۆی هەیە زۆربەیان لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە نەبن، کە هەستیان بە ئاسوودەییش نەکرد کاریگەریی نەرێنی لەسەر فێربوونیان بەجێد ەهێڵێت (السليتي، ٢٠١٥، ٣١٢).

ئەو مامۆستایانەی ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن پەیڕەو دەکەن بە چەند سیفەتێکی دیاریکراو دەناسرێنەوە، لەوانە پابەندبوون بە یاساکان بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی فێرخوازان و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سزا نەك پێدانی پاداشت، هەروەها ئەم جۆرە مامۆستایانە زۆر باوەڕیان بە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەنێوان فێرخوازاندا نییە و هەندێ جاریش کار لەسەر تێکدانی پەیوەندییەکانیان دەکەن لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی خودی لە بەڕێوەبردنی پۆلدا. جگە لەوانەی باس کران، لە هەندێ حاڵەتیش مامۆستای دیکتاتۆر نمرە وەك کارتێکی فشار بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە پۆلدا بەکار دەهێنێت.

سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردنی ئاژاوەگێڕی

لە هەر پۆلێکدا مامۆستا ئازادیی ڕەها بە فێرخوازان بدات تووشی گرفتی کۆنترۆڵکردنی پۆل دەبێت و ناتوانێت وەکو پێویست پۆلەکە بەڕێوە ببات. لەم شێوازەدا مامۆستا بە لاوازی دەردەکەوێت بە جۆرێك فێرخوازان زۆر گرینگی بە ڕێنماییەکانی نادەن و پابەندی یاساکانی قوتابخانە نابن، لە ئەنجامدا ژینگەیەکی نالەبار لە پۆل دروست دەبێت و گرفتەکان زیاد دەکەن و زۆر جاریش چارەسەری گرفتەکان لە پۆلدا ناکرێت بەڵکو دەبرێن

بۆ ژووی بەڕێوەبەر، هەموو ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی گرفت لە پرۆسەی فێرکردندا، چونکە بەڕێوەبردنی پۆل کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر فێربوون هەیە، کە بەڕێوەبردنی پۆل لاواز بوو ئاستی فێرکردنیش ڕوو لە لاوازی دەکات (شبر واخرون، ٢٠١٤،159).

هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردندا نەبوونی ئەزموونی پێویست و لاوازیی کەسایەتیی مامۆستا یان نەرمی نواند و مامەڵەکردنە لەسەر بنەمای بەزەیی لەگەڵ فێرخوازان. پەیڕەوکردنی ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن دەبێتە هۆی گوێنەدانی مامۆستا بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی فێرخوازان و نەبوونی هێمنی و بێدەنگی لە پۆل و دروستکردنی گرفت بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە.

چوارەم: شێوازی فەرامۆشکردن

لەم شێوازەدا مامۆستا هیچ بایەخێك بە فێرکردن و کۆنترۆڵکردنی پۆل نادات، هیچ لەوانە بە ئەرکی خۆی نازانێت، تەنها وانەکەی خۆی دەڵێتەوە بەبێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت، ئەم جۆرە مامۆستایە بەبێ پلاندانان و خۆ ئامادەکردن وانە دەڵێنەوە و گوێ بە گرفتی فێرخوازان نادەن و هەوڵی پێشکەوتن و داهێنان نادەن، لەم شێوازەی بەڕێوەبردندا پۆل لەسەر ڕیتمێکی دیاریکراو ناڕوات، هەندێ جار بێدەنگ و هەندێ جاریش پڕ لە ژاوەژاوە، هەندێ جاریش مامۆستا تووشی گرفت دەبێت، چونکە شێوازی بەڕێوەبردنی لەسەر یەك شێواز بەڕێوە ناچێت و زووزوو گۆڕانکاری لە بارودۆخەکە ڕوودەدات.

ئەو مامۆستایەی ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن پەیڕەو دەکات لە پۆلدا بە چەند

سیفەتێك جیا دەکرێتەوە، یەکێك لەوانە نەبوونی ئۆقرەیی لە بەڕێوەبردنی وانە و گۆڕانی خێرا لە هەڵوێستەکانی مامۆستا و تێکچوونی خێرای ژینگەی پۆل، هەر لەم شێوازەدا پەیوەندیی نێوان مامۆستا و فێرخواز ئاڵۆز دەبێت و گرفت دەکەوێتە نێوانیان لەبەر ئەوەی مامۆستا هەڵوێستەکانی دەگۆڕێت و فێرخوازان ئاشنای کەسایەتیی مامۆستاکەیان نابن، هەموو ئەوانەی باس کران دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی کات و لاوازیی فێربوونی فێرخوازان (اسعد، ٢٠١٨، ١٣٥).

بەشی چوارەم

ڕێگاکانی وانەوتنەوە

پێشەکی

ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە یەکێك لە خاڵە هەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی بواری پەروەردە دادەنرێت، ئەگەر سەرەکیترینیان نەبێت، ئەگەر بە وردی لێکی بدەینەوە دەبینین کە ڕێگاکانی وانەوتنەوەن کاریگەریی گەورە دروست دەکەن، بەو پێیەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە ئامرازی سەرەکیی دەستی مامۆستان بۆ گەیاندنی ئەزموونە فێرکارییەکان، کە زانین و بەها و ئاراستەکان و کارامەییەکان لەخۆ دەگرن.

یەکێك لە سیفەتە باشەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە ئەوەیە کە گۆڕینیان ئاسانە بە بەراورد لەگەڵ گۆڕینی مامۆستا یان پرۆگرامی خوێندن یان لایەنی تر. لە زۆر حاڵەتدا لە بری ئەوەی مامۆستایەك بگۆڕین لە قوتابخانەیەك، دەتوانین تەنها مامۆستاکە ئاراستە بکەین بۆ ئەوەی ڕێگای وانەوتنەوەکەی بگۆڕێت، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە هەڵبژاردەکان زۆرن و مامۆستا دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی باشترین ڕێگای وانەوتنەوە بۆ وتنەوەی بابەتەکەی هەڵبژێرێت.

زۆر نموونەی زیندووش هەن لە سەر ئەو مامۆستایانەی گرفتیان لەگەڵ تێگەیشتنی فێرخوازەکانیان هەبووە و دواتر لەڕێی گۆڕینی ڕێگای وانەوتنەوەیان توانیویانە بەسەر گرفتەکانیاندا زاڵ بن و لە وانەوتنەوەدا سەرکەوتوو بن، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش زۆر پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خودی مامۆستایان لە لای خۆیانەوە هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانیان بدەن بە فێربوونی نوێترین و باشترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دیارە ئەم کتێبەی لەژێر دەستتاندایە هەر بۆ ئەو مەبەستە نووسراوە.

پێناسەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە

- ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە چەندین شێوە پێناسە کراون، لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:
- ڕێگاکانی وانەوتنەوە: ئەو شێوازەیە کە مامۆستا بۆ ڕێکخستنی هەڵوێست و ئەزموونەکان لەڕێی پلانێکی دارێژراو بۆ هێنانەدیی ئامانجە خوازراوەکان بەکاری دەهێنێت.
- ڕێگاکانی وانەوتنەوە ئەو ئامرازەیە کە مامۆستا بۆ گەیاندنی ئەزموونەکانی پرۆگرامی خوێندن لە کاتی وانەوتنەوەدا بەکاری دەهێنێت.
- ئەو تەکنیکانەیە کە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان یان پەرەپێدانی کارامەییەکان بەکار دەهێنرێن (John W. Collins, Nancy Patricia O’Brien, 2003).
- ڕێگاکانی وانەوتنەوە: کۆمەڵە هەنگاوێکی لۆژیکیی ڕێکخراوی ڕیزبەندکراوە بۆ هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکان (حمادە وعبیدات، ٢٠١٢، ٣).
-
-
-
-

پۆلێنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە

شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە چوار شێوە پۆلێنی ڕێگاکانیان کردووە، وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

١. بەپێی بەکارهێنانی مامۆستا:

أ- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی: ئەو ڕێگایانەیە کە بۆ سەرجەم پسپۆڕییەکان بەکار دەهێنرێن، وەکو ڕێگای وانەبێژی.

ب- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی تایبەتی: ئەو ڕێگایانەیە کە بۆ هەندێ پسپۆڕی بەکار دەهێنرێن و بۆ هی تر بەکار ناهێنرێن، وەکو ڕێگای لێگەڕان.

٢. بەپێی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و فێرخواز:

أ- ڕێگای وانەوتنەوەی ڕاستەوخۆ: ئەو ڕێگایەیە کە مامۆستا ڕووبەڕووی فێرخوازان دەبێتەوە و ڕاستەوخۆ وانەکەی دەڵێتەوە، وەك ڕێگای وانەبێژی و گفتوگۆ و ئۆنلاین.

ب- ڕێگای وانەوتنەوەی ناڕاستەوخۆ: ئەو ڕێگایەیە کە تیایدا مامۆستا ڕووبەڕووی فێرخوازان نابێتەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەك ڕێگای بازنەی تەلەفزیۆنیی داخراو و کراوە و خوێندی ناکاتی ئەلیکترۆنی.

٣. بەپێی ژمارەی فێرخوازان:

أ- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بەکۆمەڵ: وەك ڕێگای وانەبێژی و چارەسەرکردنی گرفتەکان و گفتوگۆ.

ب- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بەتاك: وەك فێرکردنی پرۆگرامکراو و فێربوون بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

٤. بەپێی ڕۆڵی مامۆستا و فێرخواز:

أ- ئەو ڕێگایانەی کە مامۆستا تیایاندا تەوەری سەرەکییە، وەك ڕێگای وانەبێژی.

ب- ئەو ڕێگایانەی کە فێرخواز تیایاندا تەوەری سەرەکییە، ئەمەش ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە فێرخواز زۆربەی ئەرکەکانی فێربوون جێبەجێ دەکات، وەك ڕێگای فێرکردنی پرۆگرامکراو و ڕۆڵبینین و چارەسەرکردنی گرفتەکان و فێربوون لەڕێی کارکردنەوە.

ج- ئەو ڕێگایانەی کە مامۆستا و فێرخواز تیایدا تەوەری سەرەکین، واتە هەردووکیان لە بەڕێوەچوونی وانەکە بەشدار دەبن، وەك ڕێگای گفتوگۆ (مركز نون للتاليف والترجمة، ٢٠١١، ٥٧).



شێوەی ژمارە (4) پۆلێنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو

هەرچەندە ڕێگاکانی وانەوتنەوە زۆرن، بەڵام بەشێك لە مامۆستایان لە هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو بۆ بابەتەکانیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، بۆ ئەوەی مامۆستاش باشترین ڕێگای وانەوتنەوە هەڵبژێرێت بۆ وتنەوەی هەر بابەتێك پێویستە پاشخانێکی تیۆریی باشی لەبارەی ڕێگاکان و شارەزایی لە بەکارهێنانیان هەبێت، لێرەدا چەند پێوەرێك دەخەینە ڕوو بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو:

١. **سروشتی فێرخوازان:** واتە ئەو ڕێگایەی بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ئاستی فێرخوازان و حەز و ئارەزووەکانیان بگونجێت و سەرنجیان ڕابکێشێت و پەیڕەوی جیاوازیی تاکێتی لە نێوانیاندا بکات، دیارە لێرەدا ئەو ڕێگایانەی بۆ قۆناغی بنەڕەتی بەکار دەهێنرێن بۆ قۆناغی ئامادەیی ناگونجێن و پێچەوانەش ڕاستە، بۆ نموونە ناکرێت مامۆستا ڕێگای وانەبێژی بۆ فێرخوازانی قۆناغی بنەڕەتی بەکار بهێنێت، لە هەمان کاتدا باش نییە چیرۆك بۆ قۆناغی ئامادەیی بەکار بهێنێت.

٢. **سروشتی بابەتەکان:** هەر بابەتێك سروشت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، زۆر جاریش ناکرێت ڕێگای وانەوتنەوەی بابەتێك بۆ بابەتێکی تر بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە ناکرێت ڕێگای وانەوتنەوەی بیرکاری بۆ مێژوو بەکار بهێنرێت یان بە پێچەوانەوە.

٣. **ئەزموونی مامۆستا:** گرینگیی ئەزموونی مامۆستا لە پێوەرەکانی پێشوو کەمتر نییە، لەوانەیە ڕێگایەکی دیاریکراو لەگەڵ مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون بگونجێت، کەچی لەگەڵ مامۆستایەکی کەمئەزموون نەگونجێت، شایانی باسە کەسایەتیی مامۆستاش کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو هەیە.

٤. **کاتی وانەکان:** یەکێك لەو گرفتانەی مامۆستا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کەمیی کاتە، بە تایبەتی لە وڵاتی خۆمان کە سیستەمی خوێندنگا لە ڕووی کاتەوە هیچ نەرمییەکی تێدا نییە و کاتی وانەکان کەمن، لێرەدا مامۆستا لەپێناو تەواوکردنی بابەتەکانی کتێبی فێرکاری لە کاتی خۆیدا ناچار دەبێت لە بری بەکارهێنانی ڕێگایەکی زۆر باشی وانەوتنەوە ڕێگایەکی تر بەکار بهێنێت (حمادتە و عبیدات، ٢٠١٢، ٤٩).

ڕێگای وانەبێژی

ڕێگای وانەبێژی بە کۆنترین ڕێگای وانەتنەوە لە جیهان دادەنرێت (فرج، ٢٠٠٥، ٩٢)، ئەمەش واتەی ئەوە نییە ڕێگایەی کۆنە و ماوەبەسەرچووە و چیتر بەکار ناهێنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تا فێرکردن و فێربوون هەبێت ئەم ڕێگایەش هەر دەمێنیت ئەگەرچی هەندێك گۆڕانکاری بەسەر شێوازیدا هاتووە، بەڵام بنەما سەرەکییەکانی ئەم ڕێگایە هەر وەك خۆیان ماونەتەوە بەبێ گۆڕانکاری.

لەم ڕێگایەدا زانیاری و ئەزموون و بیرۆکە و چەمکەکان بە شێوەیەکی زارەکی لە لایەن مامۆستاوە دەخرێنە ڕوو، لە هەر هەنگاوێکیش لە هەنگاوەکانی وانەبێژیدا وانەکە بۆ ماوەی پێنج خولەك بەبێ پرسیار و گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازان بەردەوام دەبێت (الهویدي، ٢٠١٠، ١١٩).

لەم ڕێگایەی وانەوتنەوەدا مامۆستا تەوەرە و لە ئامادەکردن و گەیاندنی بابەتەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەم ڕێگایەش چەند شێوازێکی هەیە لەوانە: ڕاڤەکردن، خستنەڕوو، وەسفکردن، گێڕانەوەی چیرۆك، وتنی سروود.

مامۆستا لە خستنەڕووی بابەتەکەدا شێوازی (وانەبێژی) بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی زنجیرەی لۆژیکی بەشەکانی بابەتەکە بپارێزێت، بۆیە گوێ لە گفتوگۆ و پرسیاری فێرخوازان ناگرێت، هەر لەڕێی وتنەوەی زارەکیشەوە زانیارییەکان دەخاتە ڕوو و فێرخوازانیش پرسیار و تێبینییەکان لە دەفتەرێك تۆمار دەکەن و لە کۆتایی وانەکەدا ئاراستەی مامۆستای دەکەن.

شێوازەکانی وانەبێژی

١. **ڕاڤەکردن**: (ڕاڤە) بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکان بەکار دێت، لە ڕاڤەکردنیشدا توانای مامۆستا لە ڕوونکردنەوە و پێشاندانی خاڵە سەرەکییەکانی بابەتەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

٢. **وەسفکردن**: بۆ ڕوونکردنەوەی زارەکی بەکار دێت لە کاتی نەبوونی بەڵگە هەست پێکراوەکان یا نموونە ڕاستییەکان، بە زۆریش لە وانەوتنەوەی بابەتە زانستییەکاندا بەکار دێت بۆ وەسفکردنی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو (فرج،٢٠٠٥ ، ٩٣).

٣. **گێڕانەوەی چیرۆك**: لەپاڵ ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن، چیرۆکیش بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتی بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن، چونکە سەرنجی فێرخوازان ڕادەکێشێت، هەروەها لەڕێی چیرۆکەوە دەتوانرێت بەها و ئاراستەکان بچێنرێن (صالح عبدالعزیز وعبدالعزیز عبدالمجید ١٩٧١، ٢٤٥-٢٤٨).

باشییەکانی ڕێگای وانەبێژی

١. لە ڕووی ئابوورییەوە بە ڕێگایەکی کەم خەرجی دادەنرێت، چونکە بەشێکی زۆری بابەتەکان دادەپۆشێت و پێویستی بە دامەزراندنی تاقیگە و کەرەستە و کەلوپەل نییە.

٢. دەرفەتی پێشکەشکردنی بابەتەکان بەبێ دابڕان بە شێوەیەکی بەردەوام دەرەخسێنێت.

٣. بە ڕێگایەکی گونجاو بۆ پێشکەشکردنی بابەتە نوێیەکان دادەنرێت.

٤. بە ڕێگایەکی باش دادەنرێت، ئەگەر مامۆستا توانای باشی لە وتاربێژیدا هەبێت.

٥. مامۆستا دەتوانێت بابەتەکانی پرۆگرامەکەی لە کاتی تەرخانکراودا تەواو بکات (زیتون١٩٩٣، ٢١١).

کەموکۆڕییەکانی ڕێگای وانەبێژی

١. سەختیی بەردەوامبوونی فێرخوازان لە سەرنجدان بۆ وانەوتنەوەی مامۆستا.

٢. لاوازیی ڕاهاتنی فێرخواز لە گوێگرتن و بەدواداچوون و بێزاربوونیان لە بابەتەکان.

٣. لاوازیی فێرخوازان لە پوختەکردنی بیرۆکەکانی وانەکە.

٤. کەمیی کاتی ترخانکراو بۆ گفتوگۆکردنی بەشە ئاڵۆزەکانی بابەتەکە.

٥. لاوازیی وانەوتنەوەی مامۆستا لە لایەن دەنگ و توانای جووڵەیی کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر پرۆسەی فێربوونی فێرخوازان

(الخولي، ٢٠٠٠، ٧٨).

شایانی باسە تواناى مامۆستا گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە سەرکەوتنی ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە و هێنانەدی ئامانجەکانی پەروەردە، ئەمەش خاڵێکی سەرەکییە لە جیاکردنەوەی ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە لە ڕێگاکانی تر، بۆیە پێویستە مامۆستا هەمیشە هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی باشتر بکات لەڕێی خوێندنەوە و ڕاهێنان و بەدوادچوون بۆ پێشکەوتنەکان.

بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە پێویستە دەنگی مامۆستا گونجاو بێت و باوەڕی بە خۆی هەبێت و هەمیشە بە زەردەخەنەوە ڕوو لە فێرخوازان بکات و تێڕوانینی خۆی دابەش بکاتە سەر هەمووان و بابەتەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی ڕێك بخات و هەوڵ بدات ئامرازەکانی فێرکردن بەکار بهێنێت

ڕێگای گفتوگۆ

گفتوگۆ ئەو وتووێژەیە کە لەنێوان مامۆستا و فێرخوازاندا لە پۆلدا دەکرێت، ئەم ڕێگایە پشت بە ئاخافتن و گفتوگۆ دەبەستێت بە ئاراستەکردنی پرسیارێك و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی، پێویستە مامۆستا پلەکاری بەکار بهێنێت و وردەوردە زانیارییەکان لەڕێی پرسیار و وەڵامەوە بخاتڕوو (فرج، ٢٠٠٥، ٨٧).

گفتوگۆ لەو ڕێگایانەیە کە پشت بە فێرخواز دەبەستێت وەك تەوەری ناوەندی لە پرۆسەی فێرکردندا، هەموو بابەتەکانیش لە دەوری ئەودا دەخولێنەوە و بە ئازادی گفتوگۆیان دەکات، لە بەرچاوترین شێوازەکانی

ئەم ڕێگایە گفتوگۆکانی فەیلەسوف سۆکراتە، سۆکرات گفتوگۆی بۆ دەرهێنانی بیرۆکەکان لە هزری لاوان بەکار دەهێنا، هەروەها فەیلەسوف ئیبن خەلدونیش ئاخافتن و گفتوگۆی لە فێرکردندا بەکار دەهێنا، ئەم فەیلەسوفە باوەڕی بەوە هەبوو کە فێرکردن دروست لەڕێی وتن و مشتومڕ و بەکارهێنانی زمانەوە لە وتووێژ و گفتوگۆ و مشتومڕدا دەکرێت (الهویدي، ٢٠١٠، ١١٨).

مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕێگای گفتوگۆ

١. پێویستە ژمارەی فێرخوازان لە دوو کەمتر و لە بیست زیاتر نەبێت.

٢. پێویستە ئامانجەکانی گفتوگۆکە دیاریکراو و ڕوون بن، بۆ مامۆستا و فێرخوازان.

٣. پێویستە بابەتەکە نەرمی تێدابێت و شیاو بێت بۆ گفتوگۆ و پەیوەست بێت بە پێداویستییەکانی فێرخوازان و بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن و لەگەڵ تەمەنی فێرخوازاندا بگونجێت.

٤. پێویستە فێرخوازەکان زانیارییان لە بابەتەکە هەبێت و لە گفتوگۆ و بیرکردنەوەدا بەتوانا بن بۆ ئەوەی وانەوتنەوەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت (فرج، ٢٠٠٥، ٩٠).

باشییەکانی ڕێگای گفتوگۆ

دەتوانرێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و هەموو بابەتە زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا بەکار بهێنرێت

١. دەرفەتی کاری بەکۆمەڵ و هاوکاری و ئازادیی ڕادەربڕین دەرەخسێنێت.

٢. پەرە بە چەمکی خود لە لای فێرخوازان دەدات و لە شەرم و دوودڵی و لاوازی متمانە بەخۆنەبوون ڕزگاریان دەکات.

٣. پەرە بە تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات (مصطفی، ٢٠١٠، ٢٢٧).

کەموکوڕییەکانی ڕێگای گفتوگۆ

١. پێویستی بە کاتێکی زۆرە، بە هۆی وتووێژەکانەوە.

٢. لەوانەیە هەندێ جار گفتوگۆکان لە بابەتەکە دوور بکەونەوە و لێکحاڵینەبوون دروست ببێت.

٣. دروستبوونی گرفتی کۆنترۆڵکردنی پۆل بە هۆی شێوازی گفتوگۆکانەوە.

٤. هەندێك جار دەرفەتی تێگەیشتن لەم ڕێگایەدا کەم دەبێتەوە، چونکە فێرخوازان سەرقاڵی ئامادەکردنی پرسیار دەبن و بەو شێوەیە ناتوانن گوێ لە گفتۆگۆی هاوڕێکانیان بگرن (عایش زیتون، ١٩٩٣، ١٥٨).

بۆ باشترکردنی ڕێگای گفتوگۆ چەند پێشنیازێك هەیە لەوانە:

١. کەمتر قسە بکە و زیاتر گوێ بگرە.

٢. پرسیارەکان بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو داڕێژە.

٣. ژمارەی ئەو پرسیارانە کەم بکەرەوە، کە وەڵامەکەیان (بەڵێ و نەخێر) ە.

٤. پرسیاری زیاتر لە فێرخوازەکان بکە بۆ ئەوەی زانیاریی زیاترت دەست بکەوێت.

٥. کاتی چاوەڕوانیی وەڵامدانەوە زیاد بکە، بۆ ئەوەی فێرخوازەکانت باشتر بیر بکەنەوە.

٦. پرسیاری دوورمەودا زیاتر بەکار بهێنە (جابر، ١٩٩٩، ٢٠٧).

ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان

چارەسەرکردنی گرفتەکان لە بناغەدا ڕێگای بیرکردنەوەی زانستییە و پشت دەبەستێت بە تێبینی و تاقیکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی لەڕێی گواستنەوە لە بەشەوە بۆ گشت (لێگەڕان) و لە گشتەوە بۆ بەش (هەڵێنجان) بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو.

گرفتیش هەر بەربەستێکە ببێتە ڕێگر لە بەردەم گەیشتن بە ئامانجەکان و ببێتە مایەی هاندانی فێرخوازان بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێن، واتە گرفت پێویستی بە چارەسەری کردەییە بە شێوازێکی زانستی، ئەو چارەسەرەش لەڕێی بیرکردنەوەی کۆمەڵەوە دەکرێت، واتە فێرخوازان پێکەوە کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکان دەکەن (المفتي، ٢٠١٦، ١٣٨).

هەنگاوەکانی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان

هەنگاوی یەکەم: دیاریکردنی گرفتەکە: هەنگاوی یەکەمی ئەم ڕێگایە دیاریکردنی گرفتەکەیە، کە پێویستە ڕەهەند و پێکهاتەکانی گرفتەکە دیاری بکرێن، هەروەها پێویستە گرفتەکە بە شێوەی پرسیار دابڕێژرێت و سنوورەکانی دیاری بکرێن.

نموونە:

- بۆچی بەرکار لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا بەکار ناهێنرێت؟
- بۆچی ڕۆن نابێت بە سەهۆڵ؟

هەنگاوی دووەم: خستنەڕووی گریمانەکان: لێرەدا کۆمەڵە گریمانەیەکی سەرەتایی لە لایەن فێرخوازانەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە دادەنرێت، لەم هەنگاوەدا مامۆستا فێرخوازان دابەش دەکاتە سەر چەند گرووپێك، کە هەر یەکەیان لە ٣-٥ فێرخواز پێك هاتبێت، ئەرکی فێرخوازانیش شیکردنەوەی گرفتەکە و گۆڕینێتی بۆ چالاکی و بیرۆکە، ئەم هەنگاوەش زۆر جار هەر بە شێوەی پرسیار دەکرێت بەم شێوەیە: بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە چ پێشنیازێکتان هەیە؟ بیر لە ئەگەرەکانی چارەسەری ئەم گرفتە بکەرەوە؟

لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازاندا دەکات و هانیان دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری باش و شیاو، پاشان پێشنیازە باشەکان لەسەر بۆرد دەنووسێت.

هەنگاوی سێیەم: ڕاڤەکردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان: لە پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە لایەن فێرخوازانەوە مامۆستا ئەم پرسیارانەیان ئاراستە دەکات:

- کێ پێشنیازەکان بە ڕاست یا بە هەڵە دەزانێت؟
- ئایا دەتوانن هیچ زانیارییەکی زیاتر بخەنە پاڵ زانیارییەکانی پێشووتان؟
- ئایا جەختتان لە دروستیی گریمانەکان کردووە؟

هەنگاوی چوارەم: گەیشتن بە بڕیار: لەم هەنگاوەدا فێرخوازان بڕیار لە بارەی چارەسەرە پێشنیازکراوەکانی گرفتەکە دەدەن، لێرەشدا مامۆستا ئەم پرسیارانە دەکات:

- ئایا ئێوە ڕازین بەو چارەسەرە، کە دۆزیتانەوە؟
- ئایا ئەم پێشنیازە لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکار دەهێنرێت؟

هەنگاوی پێنجەم: جێبەجێکردنی بڕیارەکان: ئەم هەنگاوە گرانترین هەنگاوەکانی ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوەیە، چونکە کارێکی ئاسان نییە بتوانرێت هەموو چارەسەرە پێشنیازکراوەکان جێبەجێ بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گرفت هەن کە دەتوانرێت بە ئاسانی چارەسەرە پێشنیازکراوەکانیان جێبەجێ بکرێن (عبدالعزیز وعبدالمجید،١٩٧١، ٢٢٦-٢٢٨).

کەموکوڕییەکانی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان

١. ئاراستەی کۆمەڵە فێرخواز دەکرێت کە ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە ژیاندا

نییە و پێویستییان بە کاتێکی زۆرە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕابهێنن.

٢. پێویستی بە کاتێکی زۆرە لە وانەوتنەوەدا.

٣. فێرخوازان لە کاتی گەڕان بە شوێن چارەسەرکاندا تووشی نامۆیی دەبن و زۆر جار لە کرۆکی گرفتەکە دوور دەکەون.

٤. دەبێتە هۆی لاوازیی بایەخدانی فێرخوازان، لەو حاڵەتانەی کە گرفتەکە ئاسان دەبن.

ستراتیژی وێستگە زانستییەکان

ستراتیژی وێستگە زانستییەکان لە کۆمەڵە چالاکییەکی جۆراجۆر پێک هاتووە، کە فێرخوازان لە پۆل یان لە تاقیگەدا ئەنجامیان دەدەن، ئەم چالاکییانەش هەمەجۆرن، وەکو دۆزینەوە و پشکنین و خوێندنەوە و گەڕان... هتد، هەر یەك لەم چالاکییانەش لەسەر مێزێك یان لە تاقیگە ئەنجام دەدرێت و هەر یەکەیان شێوازێکی تایبەت و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و بەو شێوەیەش دەبنە تاقیکردنەوەی زانستی، بۆیە ستراتیژەکە ناونراوە ستراتیژی وێستگە زانستییەکان (السامرائي والخفاجي، ٢٠١٤، ١٤١).

جۆرەکانی وێستگە زانستییەکان

١. **وێسستگەکانی گەڕان و پشکنین:** ئەم وێستگانە تایبەتن بەو چالاکییانەی پێویستیان بە ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوانەیە کە

کاتەکانیان زۆر نین.

٢. **وێستگەکانی خوێندنەوە:** لەم وێستگەیەدا فێرخوازان لەڕێی خوێندنەوەی بابەتێك لە کتێبی فێرکاری یان هەر سەرچاوەیەکی تر بە دوای زانیاریدا دەگەڕێن، لەم جۆرەشدا پێویستە مامۆستا هاوکارییان بکات بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن لە دۆزینەوەی زانیارییە گرینگەکان.

٣. **وێستگەکانی ڕاوێژکردن:** ئەم وێستگانە تایبەتن بە پسپۆڕەکان، بۆ نموونە دەکرێت پزیشکێك یان ئەندازیارێك یان مامۆستایەك لە پشت مێزێك ڕابوەستێت و وەڵامی پرسیارەکانی فێرخوازان بداتەوە، کە پەیوەستن بە بابەتی خوێندنەکەیان.

٤. **وێستگە وێنەکان:** لەم وێستگەیەدا وەك لە ناوەکەی دیارە تایبەتە بە وێنەی ئەو بابەتانەی فێرخوازان دەیخوێنن و یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر و ئاسانتر بێت لە لایان.

٥. **وێستگەی ئەلیکترۆنی:** ئەم وێستگەیە تایبەتە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا وەك ئینتەرنێت و پریزیشنتەیشنی پاوەرپۆینت و ئەو ڤیدیۆ زانستییانەی یارمەتیدەری فێرخوازانن بۆ فێربوون.

٦. **وێستگەی مۆزەخانە:** ئەم وێستگەیە تایبەتە بە مۆزەخانەی ئەو کەسایەتییانەی ناویان لە بابەتەکەدا هاتووە، بۆ نموونە زانایان و سەرکردەکان ...هتد.

٧. **وێستگەی بینین و بیستن:** ئەم وێستگەیە تایبەتە بە بابەتە بینراو و

بیستراوەکان کە پەیوەستن بەو بابەتەی فێرخوازان دەیخوێنن، وەکو تۆماری دەنگی و وێنە و نەخشە و هەر بابەتێکی تر.

٨. **وێستگەی بەڵێ و نەخێر**: لەم وێستگەیەدا فێرخوازان وەڵامی چەند پرسیارێك بە وشەی (بەڵێ) یان (نەخێر) دەدەنەوە. دەکرێت لێرە ئەو کەسەی پرسیارەکان ئاراستە دەکات مامۆستا بێت یان فێرخوازێکی تر (السامرائي والخفاجي، ٢٠١٤، ١٤٤-١٤٦).

شێوازی بەڕێوەچوونی وانە بەپێی ئەم ستراتیژەی وانەوتنەوە

١. **گەڕان لەنێو هەموو وێستگەکاندا**:لەم شێوازەدا پێویستە فێرخواز بە هەموو وێستگەکاندا تێپەڕێت، چونکە بە شێوەیەك داڕێژراون کە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوەی تر بێت، فێرخوازان لێرەدا بۆ چەند گرووپێك دابەش دەکرێن، هەر گرووپێك (٤-٦) فێرخواز لەخۆ دەگرێت و بە هەموو وێستگەکاندا تێدەپەڕن بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو کە پێشتر لە لایەن مامۆستاوە دانراوە و ئەرکی پێویست و کاتی دیاریکراو بۆ هەر وێستگەیەك نووسراوە.

٢. **گەڕان بە نێو نیوەی ویستگەکاندا**: لە کاتێکدا وێستگەکان تەواوکەری یەکتر نەبن، پێویست ناکات فێرخوازان بە هەموو وێستەگەکاندا تێپەڕن، ئەوان دەتوانن تەنها نیوەی وێستگەکان هەڵبژێرن، بەبێ ئەوەی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر فێربوونیان هەبێت. مامۆستاش دەتوانێت لێرەدا لە هەڵبژاردنی ئەو وێستگانەی لەگەڵ ئارەزووەکانیان دەگونجێت ئازادییان پێ بدات.

٣. **فێربوونی دابەشکراو**: ئەگەر کاتی وانەکان کەم بێت و بەشی ئەوە

نەکات فێرخوازان بە هەموو وێستگەکاندا تێپەڕن، مامۆستا پەنا دەباتە بەر ئەم شێوازە، کە تیایدا ئەندامانی هەر گرووپێك دابەش دەبن و هەر یەکێکیان سەردانی وێستگەیەکی جیاواز لەوانەی تر دەکات و دواتر لە کاتی کۆبوونەوەیاندا لەنێوان خۆیان زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەمەش وەك ئەوە وایە هەر یەکێکیان سەردانی هەموو وێستگەکانی کردبێت.

سووڕی فێربوون

ئەم مۆدێلەی وانەوتنەوە لە بنەماکانی تیۆری گەشەکردنی زانینی (پیاژی)وە وەرگیراوە، کە باس لە چۆنێتیی فێربوونی فێرخوازان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا دەکات، مۆدێلەکە لە ساڵی (١٩٦٢) لە لایەن ئەتکن و کارپلەس (Atkin & Karplus, 1962) دۆزراوەتەوە.

سووڕی فێربوون لە چەند قۆناغێك پێك هاتووە، هەر قۆناغێکیش پەیوەستە بە قۆناغەکانی ترەوە، بە شێوەیەك هەموو قۆناغەکان پێکەوە ببنە فاکتەرێك بۆ دروستبوونی پێگەی زانینی نوێ لە لای فێرخوازان، بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی پێشوو و زانیارییە نوێیەکانیان، سووڕی فێربوون پەرە بە زانیارییەکانی فێرخوازان دەدات و سووڕێکی نوێی فێربوون دروست دەکات و چەمکەکانی فێرخوازان هەنگاو بە هەنگاو فراوانتر دەکات (راجي و یاسین، ٢٠١٢، ١٨٩).

هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بە مۆدێلی سووڕی فێربوون

١. **دۆزینەوەی چەمکەکە**: ئەم هەنگاوە یەکسانە بە هەنگاوی وەرگرتن

(Assimilation)لە تیۆریی زانینی (پیاژێ)دا، لەم هەنگاوەدا فێرخوازان لێگەڕان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکار دەهێنن، کاتێك بەشەکان کۆ دەکەنەوە لەپێناو گەیشتن بە گشت، ئەمەش لەڕێی دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازییەکانی کۆمەڵێك نموونەی پەیوەست بە چەمکەکە دەکرێت، کە پێیان دەڵێن (نموونە پۆزەتیڤەکان)، لە هەمان کاتدا فێرخوازان نموونەی ناچەمکەکانیش دەهێننەوە، کە پێیان دەوترێت (نموونە نەگەتیڤەکان)، لەم هەنگاوەدا فێرخواز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، ڕۆڵی مامۆستاش تەنها ئاراستەکردنی فێرخوازان دەبێت.

٢. **هەڵێنجانی چەمکەکە:** ئەم قۆناغەش لەبەرامبەر قۆناغی گونجاندنە (Accomodation)لە تیۆرییەکەی (پیاژێ)دا و لەم قۆناغەدا مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە پاش نووسین و جیاکردنەوەی ئەنجامەکانی بەدەستهاتوو لە قۆناغی پێشوودا، لەسەر بۆردەکە، لەگەڵ فێرخوازان گفتوگۆ لە بارەی پرسیارەکان و دۆزینەوەی چەمکە سەرەکییەکە و چەمکە لاوەکییەکان دەکات، هەروەها گرینگیی چەمکەکە بۆ فێرخوازان ڕوون دەکاتەوە، لە پاش لەدەستدانی هاوسەنگی زانینی فێرخوازان بە هۆی پرسیارەکانەوە، کە پێشتر لێیان کرابوو، یارمەتیی فێرخوازان دەدات بۆ دۆزینەوەی زانیارییەکان و لە بارەیانەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی لە چەمکە سەرەکی و چەمکە پەیوەستەکان تێبگەن، بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگییەکە بگەڕێنێتەوە، کە فێرخوازان لەدەستیان دابوو.

٣. **جێبەجێکردنی چەمکەکە:** لەم قۆناغەدا مامۆستا فێرخوازان بۆ

کارلێککردن ئاراستە دەکات لەپێناو ڕوونکردنەوەی چەمکەکە و فراوانکردنی بیرۆکەکان، فێرخوازیش تیایدا زانیارییەکان لە هەڵوێستەی نوێدا بەکار دەهێنێت، کە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی باشتر بۆ تیۆرییەکان و پێدانی ئەزموونی زیاتر بە فێرخوازان بۆ ورووژاندنی کارامەیی گەڕان و لێکۆڵینەوەی تر، کە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی وانەیەکی نوێ (الطناوي، ٢٠١٣، ١٩٤).

٤. **هەڵسەنگاندن:** پێویستە هەڵسەنگاندن لە هەموو قۆناغەکاندا بەردەوامبێت، بۆیە پێویستە مامۆستا هەموو ئامرازەکان بۆ سەرخستنی هەڵسەنگاندن و هاندانی فێرخوازان بۆ فێربوونی کارامەییە بنەڕەتییەکان بەکار بهێنێت، وەك: تێبینیکردن و پۆلێنکردن و پێوانەکردن و پێشبینیکردن و بەڵگەهێنانەوە، هەروەها دیاریکردنی ئاستی فێرخوازان لە دیاریکردن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان و پێناسە جێبەجێکارییەکان و دیاریکردنی گریمانەکان و تاوتوێکردنی ئەنجامەکان (عطية،٢٠٠٩ ، ٢٧٦).

.5

پێداویستییەکانی پلاندانی سووڕی فێربوون

١. دیاریکردنی ئامانجی فێربوون.

٢. دیاریکردنی ئەو چەمکانەی پێشکەش دەکرێن.

٣. دیاریکردنی ئەزموونە هەستییە پێویستەکان.

٤. دانانی پلانێك بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی دۆزینەوە و

پێشکەشکردن و کورتکردنەوەی چەمکەکە و دارشتنی زمانەوانی و جێبەجێکردنی لە هەڵوێستی نوێدا.

خاڵە ئەرێنییەکانی سووڕی فێربوون

١. فێرخوازان لەسەر بنیادنانی سیستەمی زانینی گشتگیر ڕادەهێنێت.

٢. ڕێگایەکی کارایە بۆ فێربوونی هەڵوێستە فێرکارییە ئاڵۆزەکان.

٣. یارمەتیی فێرخوازان دەدات بۆ پەرەپێدانی کارامەییە زانستییەکانیان.

٤. پەرە بە ئاراستەی فێرخوازان بەرەو زانست دەدات.

٥. پەرە بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکیی فێرخوازان دەدات.

٦. توانای فێرخوازان لە بەکارهێنانی زمان و توانای دەربڕین بەهێز دەکات.

وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو

وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو چالاکییەکی فێرکارییە، تیایدا فێرخوازان لەڕێی کۆڕی خوێندنەوەی بەکۆمەڵ ڕۆڵی مامۆستایان دەگێڕن، لە کۆڕەکاندا مامۆستایان هاوکاریی فێرخوازان دەکەن بۆ فێربوونی چۆنێتیی ئاراستەکردنی گفتوگۆکان بە بەکارهێنانی ئەم چوار ستراتیژە: کورتکردنەوە، پرسیارکردن، ڕوونکردنەوە، پێشبینیکردن. لە پاش فێربوونی ستراتیژەکان فێرخوازان بە نۆرە ڕۆڵی مامۆستایان دەگێڕن و گفتوگۆکان بەڕێوەدەبەن لە بارەی ئەو بابەتانەی کە دەیخوێننەوە. ئەم مۆدێلەی وانەوتنەوە پشت بە تیۆریی ڤیگۆتسکی دەبەستێت، کە تیایدا جەخت لەسەر کارلێکی پۆزەتیڤ دەکات

لە پەرەپێدانی درکپێکردنی فێرخوازان .(Orey, 2010, 321).



شێوەی ژمارە (٥) هەنگاوەکانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو

ستراتیژەکانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو

١. **کورتکردنەوە**: مەبەست لە کورتکردنەوە دووبارە دارشتنەوەی زانیارییەکانی بابەتێکە بە شێوازی تایبەتی فێرخوازان خۆیان، ئەمەش یارمەتیی فێرخوازان دەدات بۆ هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی بیرۆکە سەرەکییەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکانی تردا.

٢. **پرسیارکردن**: لەم هەنگاوەدا فێرخواز کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی هاوڕێکانی دەکات، سەبارەت بەو دەقەی کە دەیخوێننەوە، لەم هەنگاوەشدا مامۆستا جۆری زانیارییەکان دەخاتە ڕوو، کە پێویستە فێرخوازان بەدوایاندا بگەڕێن.

٣. **ڕوونکردنەوە**: واتە ڕوونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆز و ئەبستراکتەکان و

وشە گرانەکان، کە فێرخوازان بۆ یەکەم جارە دەیانبیستن و بەکاریان دەهێنن.

٤. **پێشبینیکردن**: هەوڵدانێکە بۆ زانینی هەموو لایەنەکانی بابەتەکە لە لایەن فێرخوازەوە (زایر وآخرون،2012 ، 265).

ئامانجەکانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو

١. هانی فێرخوازان دەدات لە کاتی خوێندنەوەدا بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

٢. فێرخوازان لەسەر بەشداریکردن و چاودێریی تێگەیشتنی خۆیان لە کاتی خوێندنەوەدا ڕادەهێنێت.

٣. فێرخوازان فێری شێوازی ئاراستەکردنی پرسیار دەکات لە کاتی خوێندنەوەدا، بۆ ئەوەی باشتر لە دەقەکان تێبگەن.

چۆنێتیی بەکارهێنانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو

پیش ئەوەی فێرخوازان فێری بەکارهێنانی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو بن پێویستە دەرفەتی فێربوونی چوار ستراتیژەکەی فێربوونی ئاڵوگۆڕکراویان بۆ بڕەخسێنرێت، پاشان مامۆستا دەتوانێت دەرگای بەشداریکردن بۆ بەشداریکردنی فێرخوازان واڵا بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی مامۆستا بگێڕن و گفتوگۆکان بەڕێوە ببەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. فێرخوازەکان دابەش دەکرێنە سەر چەند گرووپێکی بچووک،

هەرگرووپێك لە چوار فێرخواز پێك هاتبێت.

٢. کارت دەدرێتە هەریەك لە ئەندامانی گرووپەکە، تیایدا ڕۆڵی ئەندامەکە دیاری کراوە، بەم شێوەیە: کورتکەرەوە، پرسیارکەر، ڕوونکەرەوە، پێشبینیکەر، ئەم ڕۆڵانە هەمان ئەو ستراتیژانەن کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە.

٣. داوا لە فێرخوازان دەکرێت بەشێك لە دەقەکە بخوێننەوە، لێرەدا پێویستە مامۆستا یارمەتییان بدات بۆ بەکارهێنانی ستراتیژەکانی تۆمارکردنی تێبینییەکان، وەك بەکارهێنانی پێنووسی هایلات و جیاکردنەوەی زانیارییە گرینگەکان ...هتد.

٤. لە کاتی وەستانی خوێندنەوەدا (کورتکەرەوە) تیشك دەخاتە سەر بیرۆکە سەرەکییەکان.

٥. هەر لە خاڵی وەستانی خوێندنەوەدا (پرسیارکەر) پرسیار ئاراستەی هاوڕێیانی دەکات، لەبارەی ئەم خاڵانە: بیرۆکە ناڕوونەکانی دەقەکە، زانیارییە ئاڵۆزەکان، زانیارییە نوێیەکان، کە هەمووان فێری بوون.

٦. ڕوونکەرەوە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و پەیوەندیی نێوان بیرۆکە و زانیارییەکان بدۆزێتەوە.

٧. پێشبینیکەر هەوڵ دەدات پێشبینیی هەموو لایەنەکان بکات، کە پەیوەستن بە دەقەکەوە و هەوڵ دەدات سوودیان لێ ببینێت.

٨. لە پاش جێبەجێکردنی ڕۆڵی ئەندامەکان دووبارە سووڕی وانەکە دەستپێدەکاتەوە بە گۆڕینی ڕۆڵەکان بە یەك ئەندام بەرەو لای ڕاست،

واتە ئەو ئەندامەی پێشتر کورتکەرەوە بوو دەبێتە پرسیارکەر و بەو شێوەیە.

٩. لە ماوەی پرۆسەکەدا ڕۆڵی مامۆستا ئاراستەکردن و چاودێریکردنی فێرخوازان دەبێت لە بەکارهێنانی هەر چوار ستراتیژەکە لە ناو گرووپەکاندا، شایەنی ئاماژەپێکردنە ڕۆڵی مامۆستا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پەرەپێدانی توانا و کارامەییەکانی فێرخوازان کەمتر دەبێت (زایر وآخرون، ٢٠١٢، ٢٦٤-٢٦٥).

فێربوونی هەرەوەزی

فێربوونی هەرەوەزی بە یەکێك لە ڕێگا هەرە بەربڵاو و ناسراوەکان دادەنرێت لە سەرانسەری جیهان و، مێژووی فێربوونی هەرەوەزی بە ئەندازەی مێژووی پەروەردە و فێرکردن کۆنە. بەڵام ئەوەی لە ئەدەبیاتی پەروەردەییدا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە لە کۆتاساڵانی سەدەی هەژدەیەم لە لایەن جۆزیف لانگستەر و ئەندرۆ بێل لە بەریتانیا بەکار هێنراوە، دواتر بیرۆکەی گرووپ گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەیەك لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا و دواتر لە ساڵانی سییەکان و چلەکاندا گرینگیی زیاتری پێ دراوە و لە لایەن جۆن دیوی و کورت لیڤین و مۆرتن دوچ پەیڕەو کراوە (شبر وآخرون، ٢٠١٤، ٢٠٤).

بیرۆکەی فێربوونی هەرەوەزییش تەنها واتەی ئەوە نییە فێرخوازان پێکەوە بە شێوەی گرووپ کار دەکەن، بەڵکو گرینگییەکەی لەوەدایە فێرخوازان و مامۆستایان پێکەوە کار بکەن و مامۆستایان هاوکاریی فێرخوازان بکەن

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا فێر بن، فێربوونی هەرەوەزییش تەنها ڕێگایەك نییە بۆ فێربوون بەڵکو ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (Diane Larsen-Freeman, Marti Anderson, 2011).

ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە لە ئەدەبیاتی پەروەردەیی کوردیدا پێی دەوترێ (ڕێگای گرووپ)، ئەگەر وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم ناوە پڕ بە پێستی نییە، لەبەر ئەوەی لە بواری فێرکردندا ڕێگای وانەوتنەوەی یەکجار زۆر هەیە بە شێوەی گرووپ ئەنجام دەدرێت، ناکرێت هەموو ئەو ڕێگایانەش پێیان بوترێت ڕێگای گرووپ، ڕاستە شێوازی گردبوونەوەی فێرخوازان بە گرووپە، بەڵام لە ناوەڕۆکی ڕێگاکاندا جیاوازیی زۆر هەیە، بۆیە بە باشی دەزانین ناوی فێربوونی هەرەوەزیی بۆ بەکار بهێنین، بەو پێیەی لە زمانی عەرەبی پێی دەوترێ (التعلم التعاوني) و لە ئینگلیزیش پێی دەوترێ (Cooperative learning) کە هەردوو دەستەواژەکەش هەر بەرامبەر (فێربوونی هەرەوەزی) دێن.

شێوازەکانی فێربوونی هەرەوەزی

یەکەم: تیمەکانی بەدەستهێنان

تیمەکانی بەدەستهێنان (STAD) ئاسانترین و سادەترین شێوەی فێربوونی هەرەوەزین، ئەم شێوازە لەسەر دەستی ڕۆبێرت سلاڤین (Robert E.Slavin) لە زانکۆی جۆنز هۆپکێنزی ئەمریکی پەرەی پێ درا، سلاڤین پێی وابوو کێبڕکێ لەنێوان گرووپەکان سوودی بۆ فێربوون هەیە، بۆیە بۆ دروستکردنی ئەم شێوازە هەوڵی دا سوود لەو کێبڕکێیە ببینێت (Bruce Joyce, Marsha Weil, 2003).

وێنەی ژمارە (٦) ڕۆبێرت ئی سلاڤین

چۆنێتیی بەڕێوەچوونی وانە

١. پێشەکییەکی گشتی بە فێرخوازان لە بارەی وانەکە بدرێت.

٢. دابەشکردنی فێرخوازانی پۆل بەسەر چەند گرووپێکی نارێکدا. هەر گرووپێك لە ٣-٧ فێرخواز پێك هاتبێت.

٣. بەشداریکردنی فێرخوازان لە گفتوگۆکاندا لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکان بەپێی ئەو ئەرکەی لە لایەن گرووپ یان مامۆستاوە پێیان سپێردراوە، لێرەدا ئەرکی مامۆستا تەنها ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن و یارمەتیدانە.

٤. بەشداریکردنی ئەندامانی گرووپ لە ئامادەکردنی کارنامە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و نووسینی ئەو سەرچاوانەی، کە بەکاریان هێناون.

٥. ئەنجامدانی ئەزموونی حەفتانە لە ماوەی ١٠-١٥ خولەك.

٦. ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ گرووپەکانی تر بە سەرپەرشتیی مامۆستا.

٧. بەراوردکردنی نمرەکانی فێرخواز لەگەڵ نمرەکانی پێشووی، هەر فێرخوازێکیش نمرەی زیاتری بەدەست هێنابێت خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (شبر وآخرون، ٢٠١٤، ٢٠٥).

دووەم: لێکۆڵینەوەی بەکۆمەڵ

ئەم شێوازەی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر دەستی (جۆن دیوی) و (هێربێرت ثیلین) و (برۆیس جۆیس) بنیاد نراوە و دواتر لەسەر دەستی شاران (Sharan & Sharan, 1992) پەرەی پێدراوە، کە پێی وایە فێربوونی هەرەوەزی فێرکردن بەهێز دەکات، ئەو وزە و پاڵنەرەی فێرخواز لە دەرەوە وەری دەگرێت، دەگۆڕێت بۆ پاڵنەرێکی ناوەکی کە لە ناخی فێرخوازەوە هەڵدەقوڵێت (Bruce Joyce, Marsha Weil, 2003) واتە فێرخوازان گرینگیی زیاتر بە فێربوون دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان پێشبخەن و فێربن نەك لەبەر ئەوەی پاداشت بکرێن.



وێنەی ژمارە (٧) جۆن دیوی

لەم شێوازەدا فێرخوازان دابەش دەکرێنە سەر چەند گرووپێکی نارێك، هەر گرووپێك لە پێنج یان شەش فێرخواز پێك دێت، دەتوانرێت گرووپەکانیش لەسەر بنەمای حەز و ئارەزووی فێرخوازان بۆ بابەتەکان دابنرێن، ئەندامانی ئەم گرووپانە پێکەوە کار بۆ کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای زانیاریدا دەکەن و، دواتر ڕاپۆرتێك لەبارەی کارەکەیان ئامادە دەکەن و پێشانی پۆلەکەی دەدەن لەڕێی ئەم شەش هەنگاوەی خوارەوە: (Sharan & Sharan, 1992)

١. دیاریکردنی بابەت و گرووپەکان

لەم هەنگاوەدا فێرخوازان لەسەر ئاستی پۆلەکە، گەڕان و پشکنین بەکار دەهێنن و، ئەم قۆناغە لە چوار هەنگاوی لاوەکی پێك هاتووە وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

أ- پێشکەشکردنی گرفتە سەرەکییەکە.

ب- پلاندانانی هەرەوەزیی کۆی پۆلەکە.

ت- گۆڕینی پرسیارەکان بۆ بابەتی لاوەکی.

ث- دانانی گرووپەکانی گەڕان و پشکنین. شایانی باسە ئەرکی مامۆستا لەم قۆناغەدا نووسینی گرفتەکەیە لەسەر بۆرد و هاندانی فێرخوازانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.

٢. دارشتنی پلانی توێژینەوە لە لایەن گرووپەکانەوە

لە پاش پەیوەندیکردنی فێرخوازان بە گرووپەکانیانەوە، جەخت دەخەنە سەر لایەنەکانی بابەتەکە کە هەڵیانبژاردووە، ئەمەش پێویستی بە یەك دوو کاتژمێر بۆ پلاندانانە. دەکرێت یەك یان دوو فێرخواز ئەم کارە بکەن. دواتر هەموو ئەندامانی گرووپەکە لە خستنەڕووی ڕاوبۆچوونەکانیان و تاوتوێیکردنی ئەو پرسیارانە بەشداری بکەن، کە فێرخوازانی پۆلەکە ئامادەیان کردووە.

٣. دەستپێکردنی توێژینەوەکان

لەم قۆناغەدا گرووپەکان دەست بە توێژینەوەکانیان دەکەن. هەر گرووپێك پلانی خۆی لەڕێی دیاریکردنی زانیارییەکان و ڕێکخستن و ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان جێبەجێ دەکات. ئەم قۆناغەش زۆرترین کاتی پێویستە، بۆیە دەبێت ئەرکەکان بەسەر ئەندامەکاندا دابەش بکرێن، یەك دوو ئەندام سەردانی کتێبخانە بکەن و بەدوای سەرچاوەی پێویستدا بگەڕێن و یەك دووانی تر سەردانی مۆزەخانە بکەن و ئەندامێکی تر بابەتی ڤیدیۆیی بدۆزێتەوە ...هتد.

٤. پلاندانان بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان

لەم هەنگاوەدا گرووپەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن بە چ ئەنجامێك بەشداری لەگەڵ پۆلەکەدا بکەن و بە چ شێوازێك پێشکەشی بکەن، لێرەدا ئامانج ئەوە نییە هاوپۆلەکانیان فێری بابەتەکە ببن، کە گرووپەکە فێری بوونە بەڵکو ئامانجیان تەنها خستنەڕووی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیانە، بۆیە هەوڵ دەدەن بە جوانترین شێوە پێشکەشی بکەن.

٥. پێشکەشکردنی بابەتەکان

پاش داڕشتنی پلانی پێشکەشکردنی بابەتەکان، گرووپەکان ئەنجامی توێژینەوەکانیان بە سەرجەم فێرخوازانی پۆلەکە پێشکەش دەکەن، پۆلەکەش پێکەوە دووبارە کۆ دەبنەوە، هەر گرووپێکیش دەتوانێت دەستبەرداری تایبەتمەندیی خۆی ببێت، لێرەدا ئەرکی مامۆستا دیاریکردنی کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکانە لە لایەن گرووپەکانەوە و پێویستە هەر

گرووپێك نۆرەی خۆی بزانێت و بابەتەکەی لە کاتی دیاریکراودا پێشکەش بکات.

٦. هەڵسەنگاندن

مامۆستا و فێرخوازان پێکەوە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەچوون و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەکەن، هەروەها فێرخوازان دەتوانن پرسیار ئاراستەی گرووپەکان بکەن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنیان و مامۆستاش دەتوانێت چەند پرسیارێکی زارەکی یان نووسینەیی ئاراستەی گرووپەکان بکات بەمەبەستی هەڵسەنگاندنیان (Sharan & Sharan, 1992, 73-97).

سێیەم: جیگسۆ (وێنە بەش بەشکراوەکان)

ئەم شێوازەی فێربوونی هەرەوەزی لە ساڵی (١٩٧١) لەسەر دەستی ئەرۆنسن و هاوڕێکانی (Eiliot Aronson) لە زانکۆی تێکساس پەرەی پێ درا، دواتر ڕۆبێرت سلاڤین پەیڕەوی کرد و زیاتر پەرەی پێ دا. لەم شێوازەدا فێرخوازەکان دەکرێنە چەند گرووپێکی نارێك، هەر گرووپێك لە پێنج شەش فێرخواز پێك دێت و هەر فێرخوازێك لە خوێندنی بەشێك لە بابەتەکە بەرپرس دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر فێرخوازان لەبارەی فێربوونی هەرەوەزی بخوێنن، ئەوا فێرخوازێك تەنها شێوازی تیمەکانی فێربوون دەخوێنێت و فێرخوازێکی تر تەنها شێوازی جیگسۆ دەخوێنێت و فێرخوازێکی تر شێوازی تیمەکانی گەڕانی بە کۆمەڵ دەخوێنێت، دواتر ئەمانە، کە پێیان دەوترێت

شارەزایان، لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکانی تر بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە کۆ دەبنەوە، واتە گرووپێك هەیە بە ناوی گرووپی دایك، کە (٤-٦) ئەندام لەخۆ دەگرێت، گرووپێکی تریش هەیە بەناوی گرووپی شارەزایان، کە نوێنەرانی گرووپەکان لەخۆ دەگرێت (Slavin, 1980).

بەڕێوەچوونی وانە بەپێی شێوازی جیگسۆ

١. دابەشکردنی فێرخوازان بەسەر چەند گرووپێکی نارێکدا، بە شێوەیەك ژمارەی ئەندامانی هەر گرووپێك لەنێوان (٤-٦) بێت.

٢. دابەشکردنی بابەتەکە بەسەر فێرخوازاندا، بە شێوەیەك هەر گرووپێك بەشێك لە بابەتەکە بخوێنێت.

٣. هەڵبژاردنی فێرخوازێك وەکو شارەزای گرووپ.

٤. شارەزایانی گرووپەکان پاش خوێندنی بابەتەکە کۆ دەبنەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکانیان پێشکەش بکەن و گفتوگۆ لەگەڵ شارەزایانی گرووپەکانی تر بکەن.

٥. شارەزایانی گرووپەکان دەگەڕێنەوە و زانیارییەکان دەگوازنەوە و لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەی خۆیان گفتوگۆیان دەکەن.

٦. ئەو نمرانەی کە گرووپەکە بەدەستیان هێناوە کۆ دەکرێنەوە.

٧. ئەو گرووپانە پاداشت دەکرێن کە بەرزترین نمرەیان بەدەست هێناوە (الهويدي، ٢٠١٠، ١٥٩).

بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی هەرەوەزی

١. **هاوپشتیوانیی ئەرێنی:** گرینگترین بنەمای ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزییە، بە واتەی ئەوە دێت هیچ ئەندامێك بەبێ سەرکەوتنی ئەندامانی تر سەرکەوتوو نابێت، وەك دەڵێن هەمووان یان پێکەوە دەخنکێن یان پێکەوە ڕزگاریان دەبێت، مەبەست لە هاوپشتیوانیی ئەرێنیی فێرخوازان ئەوەیە هەر ئەندامێك دوو بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، یەکەمیان وەکو تاك، کە لە کار و چالاکییەکانی خۆی بەرپرس دەبێت و دووەمیان وەکو گرووپ، کە لە کار و چالاکییەکانی هاوڕێکانی بەرپرس دەبێت، واتە گشت بۆ تاك و تاکیش بۆ گشت، هاوپشتیوانیی ئەرێنی دوولایەنەش لەڕێی ئەمانەوە بەدی دەهێنرێت: یەکێتیی ئامانج و هاوبەشی لە پاداشت و ئەرك و سەرچاوە و ئامرازەکان.

٢. **بەرپرسیارێتیی تاك و کۆمەڵ:** مەبەست لە بەرسیارێتیی تاك و کۆمەڵ ئەوەیە هەر ئەندامێك لە فێربوونی خۆی و ئەندامانی تری گرووپەکەی بەرپرسە، واتە هەر ئەندامێك لە خوێندنی بەشەکەی خۆی لە وانەکە وهەروەها بەشەکانی ئەندامەکانی تریش بەرپرسە، بۆئەوەی لە کۆتاییدا هەمووان هەمان زانیاری بزانن و کەس نەبێت کە بەشێکی وانەکە نەزانێت.

٣. **کارلێکی ڕووبەڕوو:** کاتێك گرووپێکی (٤-٦) ئەندامی پێکەوە کار دەکەن، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێت و وایان لێ دێت باشتر لە یەك تێبگەن و هێماکانی دەموچاوی یەکتر بخوێننەوە و هانی یەکتر بدەن بۆ سەرکەوتن. یەکێك لە سوودەکانی ئەم هەنگاوە ئەوەیە کە پەرە بە تواناکانی بیرکردنەوەی فێرخوازان دەدات.

٤. **کارامەییە کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکان:** ڕێکخستنی گرووپەکان و پێکەوە کارکردنیان لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجێکی یەکگرتوو دەبێتە فاکتەرێك بۆ پەرەپێدانی کارامەییە کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، وەك کارامەییەکانی باوەڕبەخۆبوون و کارکردن لەگەڵ کەسانی تر و ڕێککەوتن و گونجان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و دەربڕینی بیرۆکەکان و دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی.

٥. **چارەسەرکردنی کاری گرووپەکان:** واتە سوودبینینی تەواو لە تواناکانی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی گرووپەکان، لەڕێی ڕێکخستنی گرووپەکان و گفتوگۆی ئەندامەکان لەبارەی چۆنێتیی کارکردن و هێنانەدیی ئامانجەکانیان، ئەمەش ڕێگایەکی باشە بۆ پشتگیریکردنی یەکتر و زانینی ئاستی بەشداریکردنی ئەندامان، لە هەمان کاتدا وەك فیدباکێکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەندامەکان بەکار دێت و وەك هەڵسەنگاندنێکی خودیش بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتنی گرووپەکان بەکار دێت (Nilson, 2010, 158-159).

ڕۆڵی ئەندامانی گرووپ لە فێربوونی هەرەوەزیدا

١. **سەرکردە:** کارەکتەری سەرەکییە لە گرووپ. ڕۆڵی سەرکردە بریتییە لە خستنەڕووی کارەکان و بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان و دڵنیابوون لە بەشداریکردنی هەمووان، هەروەها بەڕێوەبردنی گرووپەکە و ئاراستەکردنی پرسیار و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی گرووپدا.

٢. **تۆمارکەر:** ئەرکی ئەم ئەندامە تۆمارکردنی زانیاری و تێبینی و ئەنجامەکانی گرووپ و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و گەیاندنێتی بە مامۆستا.

٣. **توێژەر:** ئەرکی ئەم ئەندامە بریتییە لە دابینکردنی سەرچاوەکانی زانیاری و ئامرازەکانی فێربوون.

٤. **هاندەر:** ئەرکی هاندەر لە گرووپەکاندا دڵنیابوونە لە بەشداریکردنی هەمووان و هاندانیانە لەڕێی ستایشەوە.

٥. **بەرپرسی کات:** ئەرکی ئەم ئەندامە کۆنترۆڵکردنی کاتە لەڕێی ئاگادارکردنەوەی هاوڕێکانی.

٦. **کورتکەرەوە:** ئەرکی کورتکردنەوە و پێشکەشکردنی وەڵامەکان و دەرئەنجامەکانە.

٧. **ڕاستکەرەوە:** ئەرکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەندامانی گرووپە.

٨. **تێبینیکەر:** ئەرکی چاودێریکردنی پێشکەوتنی گرووپە (شریخ، ٢٠٠٨، ١٩٣).

فێربوون لەڕێی یاریکردنەوە

توێژینەوەکانی بواری پەروەردە و دەروونزانی جەخت لەسەر گرینگی یاریکردن بۆ فێربوونی منداڵان دەکەن، وانەوتنەوەش لەڕێی یاریکردنەوە یەکێکە لەو ڕێگایانەی وانەوتنەوە کە گرینگی بە سایکۆلۆژیای فێرخوازان دەدات و پەرە بە تواناکانیان دەدات، لەڕێی بەشداریپێکردنیانەوە لە چالاکییەکانی وانەوتنەوەدا، فێرخوازیش لەم ڕێگایەی وانەوتنەوەدا چالاکە

و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەو یارییانەی مامۆستا بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو ئامادەیان دەکات (فرج، ٢٠٠٥، ٥٦).

یارییە فێرکارییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی هەڵگری مۆرکی کێبڕکێن و لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دەدرێن و بە براوە و دۆڕاو کۆتاییان دێت، یارییەکان چالاکییەکی عەقڵی یان جەستەییان تێدایە یان هەردووکیان، یاریی فێرکاریی یەکێکە لە گرینگترین ئامرازەکانی گواستنەوە و تێگەیشتنی زانیارییەکان و چاندنی بەهاکان و گۆڕینی ئاراستەکان.

تایبەتمەندییەکانی یارییە فێرکارییەکان

١. بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێك، وەك ئاشکرایە لە وانەوتنەوەی تەقلیدیدا تەنها بیستن یان بینین یان بیستن و بینین بەکار دەهێنرێت، کەچی لە یاریکردندا هەموو هەستەوەرەکان بەکار دەهێنرێن.

٢. گرینگیدان بە لایەنی تیۆری و پراکتیکی فێربوون.

٣. یاری بۆ فێرخوازان چێژبەخشە و دوورە لە ڕۆتین و دووبارەبوونەوە.

٤. دەکرێت یاری وەکو لایەنی پراکتیکی بەکار بهێنرێت، بۆ زانیارییە تیۆرییەکانی کە لە کتێبەکانەوە وەردەگیرێن.

٥. یاری نزیکترین ڕێگای لاساییکردنەوەی ڕاستییە لە ژیاندا، ئەو ڕەفتارانەی فێرخوازان لەڕێی یارییەوە دەری دەخەن لەوانەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەیکەن، نزیکن.

٦. یاری باشترین ڕێگایە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی فێرخوازان.

٧. یاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕبەخۆبوونی فێرخوازان بەهێز دەکات.

٨. پاڵنەری فێرخوازان بەهێز دەکات (الخضر، ٢٠٠٧)

بۆ ئەوەی یاری بۆ منداڵ سوودی هەبێت، پێویستە پلانی بۆ دابڕێژرێت و لەگەڵ حەز و پێویستییەکانی منداڵ بگونجێنرێت، هەروەها پێویستە یارییەکان ئامانجدار و سەرنجڕاکێش و بەسوود بن و بە ئاسانی ئامادە بکرێن و تێچوویان کەم بێت.

ڕۆڵی مامۆستا لەم ڕێگایەی وانەوتنەوەدا

١. لێکۆڵینەوە لەسەر یارییە بەردەستەکان بکات.

٢. ڕوونکردنەوەی یاساکانی یارییەکە، بەشێوەیەك کە هەمووان لێی تێبگەن.

٣. ڕێکخستنی گرووپەکان و دیاریکردنی ڕۆڵی هەر فێرخوازێك.

٤. یارمەتیدانی فێرخوازان لەکاتی پێویستدا.

٥. هەڵسەنگاندنی ئاستی هێنانەدیی ئامانجەکانی یارییەکە (حمادتە وعبیدات، ٢٠١٢، ٨٣).

ئامانجەکانی بەکارهێنانی یاری وەکو ڕێگایەکی وانەوتنەوە

١. پەرەپێدانی کێبڕکێ لەنێوان فێرخوازەکاندا.

٢. چێژبەخشین بە خوێندن.

٣. پەرەپێدانی گیانی هاوکاری لەنێوان گرووپەکاندا.

٤. گەشەپێدانی تواناکانی بەهرەمەندەکان و دەرخستنی تواناکانیان.

٥. فێربوونی نەریتی کۆمەڵایەتیی باش وەکو هاوڕێتی و هاوکاری و دڵسۆزی.

٦. پەرە بە تواناکانی نەخشەدانان و شیکردنەوە و پێکهێنان و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی فێرخوازان دەدات.

٧. باوەڕبەخۆبوونی فێرخوازان بەهێز دەکات و هانیان دەدات کۆڵنەدەن و لە هەوڵدان بەردەوام بن (شریخ، ٢٠٠٨، ٧٢).

نموونەی پراکتیکی لەسەر یاری وەکو ڕێگایەکی وانەوتنەوە

١. یاریی وشە لێکدراوەکان

وانە: زمانی کوردی

بابەت: وشەی لێکدراو

قۆناغ: باخچەی ساوایان/ بنەڕەتی

لەم نەخشەیەی خوارەوەدا کۆمەڵێك وشەی جیاجیا لەسەر پارچە کارتۆنێك نووسراون، کە وا باشترە مامۆستا هەموویان ببڕێت بۆ ئەوەی وەك کارت بەکاریان بهێنن، هەموو منداڵێك بۆی هەیە دوو کارت هەڵبگرێت بە مەرجێك بە هەردووکیانەوە یەك وشەی لێکدراویان لێ دروست بکات، هەموو وشە لێکدراوەکان دەبێت لەسەر وایت بۆرد بنووسرێن و مامۆستا ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدات (سەعید، ٢٠٢٠).

چاو	شا	گوڵ	ڕەش
خاوس	هەفتە	مار	قارەمان
پووز	ئاو	خۆش	ویست
بەرد	هەنگ	ئاو	ماسی
بەرز	نامە	پێ	وانە
ڕوو	سەر	ماست	ماڵ

شێوەی ژمارە (٨) یاریی وشە لێکدراوەکان

٢. یاری دروستکردنی ڕستە و وشە

بابەت: زمانی کوردی

قۆناغی: بنەڕەتی

مامۆستا وشەکانی ڕستەیەك لەسەر کارتی بچووك دەنووسێت و تێکەڵیان دەکات، ئینجا کارتەکان دەداتە فێرخوازان و داوایان لێ دەکات ڕێکیان بخەنەوە و ڕستەیەکی تەواوی لێ دروست بکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(من، بەیانییەك، هەموو، دەخۆم، شیر)

(دایكمان، دەدەین، یارمەتیی، هەموومان)

(بە، گرینگی، ئێمە، دەدەین، تەندروستیمان)

هەروەها دەكرێت مامۆستا لە بری ڕستە وشە بەكار بهێنێت، لێرەدا پێویستە فێرخوازەكان پیتەكان بۆ دروستكردنی وشەی واتەدار ڕێك بخەن:

(ن، ز، ا، س)

(وو، خ، ن، ا)

٣. یاریی ژمارەكان

بابەت: بیركاری

قۆناغ: بنەڕەتی

مامۆستا فێرخوازان بە ڕیز ڕادەگرێت و داوایان لێ دەكات هەر یەك و ژمارەی خۆی لە ڕیزبەندییەكە بڵێت، فێرخواز ژمارەكان تەواو دەكات:

١	٢	؟	٤
٤٠	؟	٦٠	٧٠
١٠٠	٢٠٠	٣٠٠	؟

شێوەی ژمارە (٩) یاریی ژمارەكان

هەروەها لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا، مامۆستا دەتوانێت بۆ فێركردنی ژمارەكان یاریی (میكانۆ)ی فێركاری بۆ بابەتی بیركاری بەكار بهێنێت.

فێركردنی پرۆگرامكراو

فێركردنی پرۆگرامكراو شێوازێكی فێركردنە تیایدا بابەتە فێركارییەكان بە سەر چەند هەنگاوێكی بچووكدا دابەش دەكرێن، هەر هەنگاوێك یەكەیەكی فێركاری لەخۆ دەگرێت و پێویستی بە وەڵامدانەوەی فێرخوازە بۆ تێپەڕاندنی و گواستنەوە بۆ یەكەیەكی فێركاریی تر (Matsumoto, 2009)

ئەم ڕێگایە دەروونزانی بەناوبانگ سكینەر (B. F. Skinner) لە سەدەی بیستەمدا دایهێنا و، لە ساڵانی شەستەكان بە شێوەیەكی زۆر خێرا لە ئەمریكا و دواتر لە بەریتانیا بڵاو بووەوە.

لە فێركردنی پرۆگرامكراودا بابەتەكان بەپێی پلانێك بە سەر چەند بەرنامەیەكدا دابەش دەكرێن بە مەبەستی ئاسانكردنی خوێندنی فێرخوازان، وەكو ڕێگایەكی خودی بۆ فێربوون بە شێوەیەك لەگەڵ توانا و خێرایی فێرخوازاندا بگونجێت. دەكرێت ئەو بەرنامانەش لەڕێی كۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدرێن، یان بەبێ بەكارهێنانی كۆمپیوتەر، لەڕێی بەكارهێنانی كاغەر و پێنووسەوە (شحاتە والنجار، ٢٠٠٣، ١١٤) لە كۆتاییدا بابەتەكان بە شێوەی چەند بەشێكی بچووك دەردەكەون، ئەركی فێرخوازیش تەواوكردنی بەشەكانی بەرنامەكەیە، كاتێك بە سەركەوتوویی بەشێك تەواو دەكات دەچێتە سەر بەشێكی تر، بەمەش زنجیرەیەك دروست دەبێت كە پرۆگرامی خوێندن پێك دەهێنێت (فرج، ٢٠٠٥، ١٦٦).

ئامانجەکانی فێرکردنی پرۆگرامکراو

١. فێربوونی ئەزموونەکانی نێو پرۆگرامی خوێندن بە شێوەیەکی خودی.

٢. یارمەتیدانی فێرخواز لە تێگەیشتنی زانیارییە تایبەتییەکانی بەرنامە فێرکارییەکە.

٣. بەکارهێنانی هەموو تواناکانی فێرخواز لە فێربوونی بابەتەکاندا.

٤. پێدانی کاتی پێویست بە فێرخواز بۆ فێربوون.

٥. هەستکردنی فێرخواز بە بەرپرسیارێتی لە کاتی بەکارهێنانی بەرنامەکەدا.

٦. دوورکەوتنەوە لە ڕۆتینی وانەوتنەوە لە پۆلدا.

جۆرەکانی فێرکردنی پرۆگرامکراو

١. **فێرکردنی پرۆگرامکراوی هێڵکاری**: لەم جۆرەدا پرۆگرامی خوێندن بە شێوەی چوارچێوەیەکی فێرکاریی دیاریکراو دادەنرێت، کە بە شێوەی هێڵێکی ڕاست هەنگاو بە هەنگاو دەڕوات، واتە لە پاش تەواوکردنی هەنگاوێك بە سەرکەوتوویی فێرخواز دەچێتە هەنگاوی داهاتوو، تا دەگاتە کۆتایی هێڵەکە.

١. **فێرکردنی پرۆگرامکراوی لق و پۆدار**: لەم ڕێگایەدا زانیارییەکانی نێو پرۆگرامی خوێندن بە سەر چەند بڕگەیەکدا دابەش دەکرێن، مامۆستا لەبارەی ئەو بڕگانەوە پرسیار لە فێرخوازان دەکات، ئەگەر وەڵامی فێرخواز ڕاست بێت، لە بەرنامەکەی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگەر

وەڵامەکەی هەڵە بێت ئەوا پێویستە بە بەرنامەیەکی فێرکاریدا تێپەڕێت تا بتوانێت لەو بابەتە تێبگات و قۆناغەکە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت (داود، ٢٠١٤، ٣٠٧).



شێوەی ژمارە (١٠) جۆرەکانی فێرکردنی پرۆگرامکراو

بە شێوەیەکی گشتی فێرکردنی پرۆگرامکراو لە سێ پێکهاتەی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە، کە بەم شێوەیە:

١. ئەو زانیارییانەی کە پێشکەش بە فێرخواز دەکرێن پرسیاریان لەگەڵدایە.

٢. وەڵامدانەوەی فێرخواز بۆ ئەو پرسیارانە بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی وەڵامدانەوە بێت، زارەکی یان نووسینەیی.

٣. پاڵپشتیی وەڵامەکانی فێرخواز لەڕێی سەیرکردنی وەڵامە ڕاستەکان، کە لە بەرنامەکەدا هاتوون. واتە فێرخواز لە پاش وەڵامدانەوەی پرسیارەکان سەیری وەڵامەکان بکات، کە لەژێر دەستیدان.

چۆنێتیی بەکارهێنانی فێرکردنی پرۆگرامکراو

١. **خوێندنەوەی زانیارییەکانی نێو بەرنامەکە:** بەرنامەکە کۆمەڵێک زانیاریی تێدایە، کە پێویستە فێرخواز بیانخوێنێتەوە و بە وردی لێیان تێبگات و بەپێی خێرایی خۆی زانیارییەکان دەربهێنێت و، کۆمەڵێک پرسیاری تێدایە کە پێویستە فێرخواز بەپێی داواکارییەکان وەڵامیان بداتەوە.

٢. **وەڵامدانەوەی پرسیارەکان:** لەم قۆناغەدا فێرخواز وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە کتێبەکە یان لەسەر کۆمپیوتەر بۆی دیاریکراون، ئەگەر بەرنامەکە بە کتێب بێت ئەوا فێرخواز هەنگاو بە هەنگاو وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە هەر پرسیارێك لە لاپەڕەیەکدا (جابر، ٢٠٠٥، ٢٨٦).

نەخشەی بیرکردنەوە

نەخشەی بیرکردنەوە لە بناغەدا ڕێگای وانەوتنەوە نییە، بەڵکو ڕێگای بیرکردنەوە و ڕێکخستنی بیرۆکەکانە لە مێشکدا، تۆنی بوزان (Tony Buzan) کە بە داهێنەری ئەم ڕێگایە دادەنرێت، دەڵێت: «ئەگەر لە کتێبخانەیەك کارت دەکرد و هەموو کتێب و شتەکان بەسەریەکدا کەڵەکە کرابوون و

کەسێك هات و داوای کتێبێکی دیاریکراوی لێت کرد، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەڵێی ئەزانم ئەو کتێبە لە شوێنێکدایە لەناو ئەو کتێبە کەڵەکراوانەدا، بەڵام ئەگەر هەموو کتێبەکانت بەپێی پۆلێنی ڕێك و پێك ڕێك خستبێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانی لە نێو کتێبەکاندا بیدۆزیتەوە»، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی یەکەم، کە پەرت و بڵاوییە لای زۆرینەی خەڵك هەیە، زانیارییەکان بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکەن بەبێ ئەوەی ڕێکیان بخەن، ئاخۆ ئەگەر زانیارییەك لە کاتی پێویستدا نەتوانی بیگەڕێنیتەوە چ سوودێکی هەیە (بوزان، ٢٠٠٩، ٢٥) بوزان لە کتێبەکانیدا حەوت هەنگاوی بۆ دروستکردنی نەخشەی بیرکردنەوە یاداشت کردووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

وێنەی ژمارە (١١) تۆنی بوزان

١. هەنگاوی یەکەم: کاغەزێك لە هەموو ڕووەکانیەوە بنوشتێنەوە و لە ناوەندیەوە دەست پێبکە، چونکە بەو کارەت ئازادی بە مێشکت دەدەیت بە هەموو لایەکاندا بە ئازادی بیر بکاتەوە و بە شێوەیەکی

خۆکار گوزارشت لە بیرۆکەکانت بکات.

٢. هەنگاوی دووەم: شێوەیەك یان وێنەیەك بۆ گوزارشت لە بیرۆکە سەرەکییەکەت بەکار بهێنە، وەك دەوترێت وێنەیەك و هەزار واتە، وێنەکە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی تێڕامانت لەسەر بیرۆکە سەرەکییەکە لانەچێت.

٣. هەنگاوی سێیەم: لە کاتی کێشانی نەخشە عەقڵییەکاندا ڕەنگ بەکار بهێنە، چونکە ڕەنگیش وەکو وێنە بۆ وروژاندنی مێشکت یارمەتیت دەدات، هەروەها هێز و ژیان بە نەخشەکان دەبەخشێت و وزە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەت دەدات، جگە لەوەی ڕەنگ چێژ و خۆشی بە هەموو کارێك دەبەخشێت.

٤. هەنگاوی چوارەم: لقەکان بەیەکەوە گرێ بدە، لەڕێی گرێدانی ئاستی یەکەم و دووەم و گرێدانی لقە سەرەکییەکان بە شێوە ناوەندییەکە کە لە شێوەکەدا خاڵی دەستپێك بوو، بەم گرێدانە تێگەیشتن و یادکردنەوەی زانیارییەکان زۆر ئاسانتر دەبێت.

ئەم هەنگاوە ڕێك لە درەختێك دەچێت، کە لق و پۆپەکانی بە قەدی درەختەوە گرێ دراون و پێکەوە یەکەیەکی تەواو دروست دەکەن.

٥. هەنگاوی پێنجەم: هەوڵ بدە لقەکان بە شێوەیەکی چەماوە دەرکەون نەك بە شێوەی هێڵی ڕاست، بۆ ئەوەی شێوەکە بێزارکەر دەرنەکەوێت بۆ مێشك، چونکە هێڵی ڕاست بێزارکەر دەبێت و شێوەی چەماوە جوان وەکو شێوەی درەخت دەردەکەوێت.

٦. هەنگاوی شەشەم: لە هەر دێڕێکدا تەنها یەك وشەی سەرەکی بەکار

بهێنە، چونکە بەکارهێنانی وشەیەکی سەرەکی نەخشەکە بەهێزتر و نەرمتر دەردەخات.

٧. هەنگاوی حەوتەم: وێنە لە نەخشەکەدا بەکار بهێنە، چونکە هەر وێنەیەك وەکو وێنە ناوەندییەکەی یەکەم جار کێشرا گرینگییەکی زۆری هەیە، وەك پێشتریش وتمان هەر وێنەیەك یەکسانە بە ١٠٠٠ وشە و ١٠ وێنە یەکسانە بە ١٠٠٠٠ وشە (Buzan, 2012).

شێوازی کارکردن

١. بازنەی سەرەکی: مامۆستا لە ناوەندی بۆرد یان پەڕەیەکی سپی، بازنەیەکی گەورە دەکێشێت و ناوی بابەتە سەرەکییەکەی تێدا دەنووسێت، بۆ نموونە (سەرچاوەکانی وزە).

٢. بازنەکانی ئاستی دووەم: بە دەوری ئەو بازنە سەرەکییەدا کۆمەڵێك بازنەی تر دەکێشێت و هێڵ لە نێوانیان دەکێشێت وەکو هێمای پەیوەندی لەنێوان بازنە سەرەکی و لاوەکییەکاندا، لەناو بازنە لاوەکییەکاندا ناونیشانەکان دەنووسێت وەکو (وزەی خۆر) و (وزەی با) و (وزەی شەپۆل).

٣. بازنەکانی ئاستی سێیەم: لە دەوری هەر بازنەیەکی ئاستی دووەمدا مامۆستا چەند بازنەیەکی دیکە دەکێشێت، کە پەیوەندییان بە ئاستی دووەمەوە هەبێت، فێرخوازانیش لەناو بازنەکاندا ناوی ئەو بابەتانە دەنووسن کە پەیوەندییان بە ئاستی دووەمەوە هەیە.

٤. ژمارەی بازنەکانی ئاستی سێیەم و چوارەم و ئەوانەی تر ئەگەر هەبن هیچ گرینگییەکیان نییە، گرینگیش نییە شێوە و هێڵەکانیان چۆن بێت.

٥. تەنها بازنە سەرەکییەکە مامۆستا پڕی دەکاتەوە، هەموو بازنە لاوەکییەکانی تر فێرخوازان خۆیان پڕیان دەکەنەوە، لە کاتێکدا فێرخوازان بیرۆکەیان نەبێت مامۆستا لەڕێی هاندان و پرسیاری وروژێنەوە هاوکارییان دەکات تا بتوانن بازنەکان پڕ بکەنەوە.

٦. لە پاش تەواوکردنی هێڵکارییەکە، مامۆستا ئەو بڕگە و بازنانە دیاری دەکات کە لە ئایندەدا دەیانخوێنن.

وێنەی ژمارە (١٢) نەخشەی بیرکردنەوە

خاڵە ئەرێنییەکانی نەخشەی بیرکردنەوە

١. بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ فێرخواز چێژبەخشە و، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر هاوکار بێت و زیاتر بۆ فێربوون ئامادە بێت.

٢. وانەکان بەپێی ئەم ڕێگایە خۆکارتر و داهێنەرانە و چێژبەخشتر دەبن، بۆ مامۆستا و بۆ فێرخوازانیش.

٣. نەخشەی بیرکردنەوە نەرمیی زیاتر بە پلانەکانی مامۆستا دەبەخشێت، کە پێشتر ئەو نەرمییەیان تێدا نەبووە، بە هۆی یاسا و ڕێسا جێگیرەکانەوە کە قابیلی گۆڕانکاری نەبوون، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە گۆڕانکارییەکان زۆر خێران و پێویستییان بە خۆگونجاندنە.

٤. بەپێی ئەوەی نەخشەی بیرکردنەوە بابەتێکە بۆ گەڕان و، شێوەیەکی ڕوون و ئاسانە بۆ یادکردنەوە، بۆیە دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی فێرخوازان نمرەی باشتر لە تاقیکردنەوەکاندا بەدەست بهێنن.

٥. نەخشەی بیرکردنەوە وەکو دەقە نووسراوەکان نییە کە تەنها ڕاستییەکان دەخەنە ڕوو، چونکە نەخشەی بیرکردنەوە پەیوەندییەکانی نێوان ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو، بۆیە دەرفەتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی قووڵ زیاتر دەبێت.

٦. زۆر لە نووسینی وانەکانی فێرخواز کەم دەکاتەوە.

٧. نەخشەی بیرکردنەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو فێرخوازانەی کێشەی (گرانیی فێربوونیان) هەیە لە خوێندنەوە و نووسیندا.

ڕێگای شەش کڵاو

ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر دەستی دی بۆنۆ(Edward De Bono) دۆزرایەوە. بیرۆکەی ئەم ڕێگایە لەسەر شەش کڵاو دانراوە، هەر کەسێك کڵاوێکی دیاریکراو لەسەر

بکات دەبێت بەپێی ڕەنگی کڵاوەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو بیر بکاتەوە، لە کۆتاییشدا هەمووان پێکەوە بە شێوەیەکی ڕێك وەکو هارمۆنی دەردەکەون.

بەپێی بۆچوونەکان هۆکاری بەکارهێنانی کڵاو ئەوەیە کە لە سەرەوە نزیکە و سەریش کانگای بیرکردنەوەیە، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە ئێمە بە بەردەوامی کڵاو لەسەر ناکەین بەڵکو بەپێی کەشوهەوا و شوێن کڵاو لەسەر دەکەین یان نایکەین یان دەیگۆڕین، بە هەمان شێوە بیرۆکەکان مەرج نییە تا هەمیشە لە مێشکمان بمێننەوە، بەڵکو ئەگەر هەیە ڕێك وەکو گۆڕینی کڵاوەکانمان بیانگۆڕین، بیرۆکەکانی مرۆڤیش وەکو کڵاوەکان پێویستە ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر بن (حسن،٢٠١٤ ، ١٩١).

وێنەی ژمارە (١٣) ئێدوارد دی بۆنۆ

ڕەنگەکانی کڵاو و هێماکانیان

١. **کڵاوی سپی**: ئەم کڵاوە بەپێی ڕەنگەکەی نیشانەی پاکی و بێگەردی و کرانەوەیە، گەڕانە بە دوای ئەو زانیاریانەی کە پێویستیمان پێیانە، هەروەها ئاماژەیە بۆ بابەتیبوون و بێلایەنی و جەختکردنە سەر ژمارە

و ڕاستییەکان، ئەرکی ئەو کەسەی ئەم کڵاوە لەسەر دەکات گەڕانە بە دوای زانیاری و پێشکەشکردنی بەڵگە و پێشنیازە. شایەنی ئاماژەیە، بۆ ئەو کەسە ناتوانێت تێڕوانینی خودی و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی بخاتەڕوو، ئەو پرسیارانەی کڵاوی سپی دەیکات ئەمانەن:

- چ زانیارییەك دەزانم؟
- چ زانیارییەکم پێویستە؟
- چۆن زانیارییەکان بەدەست بهێنم؟
- چ پرسیارێك بکەم تا زانیارییەکان بەدەست بهێنم؟

٢. **کڵاوی سوور**: ڕەنگی سوور هێمای تووڕەیی و هەست و سۆزە، بۆیە لێرەدا بۆ مەبەستی لایەنی ویژدانی (هەست و سۆز) (سۆزداری) بەکار دێت.

کڵاوی سوور تایبەتە بە ویژدانی بیرمەند سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە، هەست و حەز و ئارەزوو و ئاراستەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها دەتوانرێت کڵاوی سوور بۆ باشترکردنی بڕیاردان بەکار بهێنرێت، کاتێك بیر لە وەڵامدانەوە و هەستی کەسانی تر دەکەینەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە پێشتر مامەڵەمان لەگەڵ نەکردوون و هیچ پێشینەیەك لەبارەیانەوە نازانین، ئەو کەسەی کڵاوی سوور لەسەر دەکات ئەم پرسیارانە دەکات:

- هەست بەچی دەکەم سەبارەت بەم بابەتەی بەدوایدا دەگەڕێم؟
- ئاخۆ کەسی بەرامبەر بۆچی بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە؟

- ئاخۆ کەسی بەرامبەر بیر لە چی دەکاتەوە؟

٣. **کڵاوی ڕەش:** ڕەنگی ڕەش لە ڕەشبینییەوە وەرگیراوە بەکارهێنانی ئەم کڵاوە لە هەڵەکردن دوورمان دەخاتەوە، کڵاوی ڕەش بیر لە مەترسییەکان دەکاتەوە و لە بەربەستەکان ورد دەبێتەوە و بەدوای گرفتەکاندا دەگەڕێت، بێگومان ئەم بیرکردنەوەیە گرینگیی خۆی هەیە بۆ ئەوەی هەڵە ڕوو نەدات یان ڕێژەی هەڵەکان کەم بکرێتەوە.

- کڵاوی ڕەش وەڵامی ئەم پرسیارانە لەخۆ دەگرێت:
- ئایا زانیارییەکان گونجاون؟
- ئایا بە شێوەیەکی باش کار دەکەن؟
- ئایا مەترسییان نییە؟
- ئایا ئەم پلانە شایەنی جێبەجێکردنە؟
- هەڵەکانی ئەم خاڵانە چین؟

٤. **کڵاوی زەرد:** ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە و پێچەوانەی بیرکردنەوەی نەگەتیڤە، چونکە پۆزەتیف و ئەرێنییە، تێکەڵە لە گەشبینی و بینینی شتەکان و سوودبینین و، تایبەتە بە خاڵە باشەکان و بەهێزەکان و لەم پرسیارانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- چۆن دەتوانم سوود لە خاڵە باشەکان ببینم؟
- ئەم خاڵانە چۆن هاوکاریم دەکەن؟
- چۆن ئەم خاڵانە بە شێوەیەکی پراکتیکی بەدی بهێنم؟

٥. **کڵاوی سەوز:** تایبەتە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئاماژەیە بۆ برەودان و داهێنان و بیرۆکەی نوێ، ئەو کەسەی کڵاوی سەوز لەسەر دەکات بەدوای جێگرەوەی تر و ڕێگای نوێدا دەگەڕێت و، ئاماژەیە بۆ گەڕان و چالاکی، خاوەنی کڵاوی سەوز ئەم پرسیارانە دەکات:

- بۆ گەڕان بەدوای زانیاری چ ڕێگایەکی تر هەیە؟
- چۆن پەرە بە زانیارییە بەدەستهاتووەکان بدەم؟

٦. **کڵاوی شین:** شین، کە ڕەنگی ئاسمانە، ئاماژەیە بۆ پاکی و بیرکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و کورتکردنەوەی شتەکان و گرینگی بە بۆچوون و بیرۆکەکان دەدات و گوێ لە گفتوگۆکان دەگرێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە لەخۆ دەگرێت:

- دەبێ هەنگاوی داهاتوو چی بێت؟
- چۆن ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ دەکرێت؟
- چۆن لە مەترسییەکانی کڵاوی ڕەش دەربازمان دەبێت؟

ئەوەی کڵاوی شین دەپۆشێت کورتکردنەوەی گفتوگۆکان لەئەستۆ دەگرێت و خاڵە سەرەکییەکان دیاری دەکات و گرینگی بە پرۆسەی بیرۆکە و پرۆژەکە دەدات (الويشي، ٢٠١٣، ١٤٧).

رەنگی کڵاو	واتە
کڵاوی سپی	بیرکردنەوەی بابەتی دوور لە هەست و سۆز
کڵاوی سوور	هەڵچوون و بیرکردنەوەی خورسکی

کڵاوی ڕەش	هۆشیاری و بیرکردنەوەی نەرێنی
کڵاوی زەرد	بیرکردنەوەی ئەرێنی
کڵاوی سەوز	بیری نوێ و بیرکردنەوەی داهێنەرانە
کڵاوی شین	کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە

خشتەی ژمارە (١٤) خشتەی بیرکردنەوە بەپێی شەش کڵاوەکەی دی بۆنۆ

ڕێگای وروو‌ژاندنی مێشك

بیرۆکەی ئەم ڕێگایە لە ساڵی ١٩٥٣ لە کتێبی (مێشکت بەئاگا بهێنە)ی ئۆزبورن (Alex F. Osborn) دەرکەوت، بیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە بە هۆی ئاسانیی جێبەجێکردن و سوودەکانییەو. پێشوازییەکی باشی لێ کرا.

ئۆزبۆرن دەڵێت: گەردەلوولی مێشك یان وروو‌ژانی مێشك ڕێگایەکی فێربوونە تیایدا مێشك بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی دیاریکراو لەڕێی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاریی بە شێوەیەکی خۆکار و هەڵەشە بەکار دەهێنرێت (داود، ٢٠١٤، ٢٩١).

هەروەها سەبارەت بە پێناسەی وروو‌ژاندنی مێشك لە فەرهەنگی (دەروونزانیی کامبریج)دا بەم شێوەیە هاتووە: تەکنیکێکە بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانی زۆرترین بیرۆکە و چارەسەر بۆ گرفتێك یان ئاڵنگارییەکی دیاریکراو (Matsumoto, 2009) .

وێنەی ژمارە (١٥) ئەلێکس ئۆزبۆرن

ڕێسا گشتییەکانی وروو‌ژاندنی مێشك بەپێی بۆچوونی ئۆزبۆرن 1963

١. **دواخستنی ڕەخنەگرتن:** واتە بڕیار لەسەر هیچ بیرۆکەیەك نەدرێت، لە پاش دابەشکردنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو بۆ کاتێکی تر دوابخرێت، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی کەسانی تر کپ نەکەین و ڕێیان پێ بدەین ئازادانە ڕای خۆیان بەبێ شەرم و ترس دەرببڕن.

٢. **هاندانی بیرکردنەوەی ئازاد:** بۆ ئەوەی بیرۆکەکان زیاتر بن، پێویستە دەرگا بەڕووی هەموو بیرۆکەیەکدا بەبێ سانسۆر واڵا بکرێت، بەم شێوەیەك لە کۆکردنەوەی زۆرترین بیرۆکە دڵنیا دەبین.

٣. **زیادکردنی ژمارەی بیرۆکەکان:** کە ئازادیمان بە بەشداربووان دا، ئەوکات هەوڵ دەدین زۆرترین بیرۆکە کۆ بکەینەوە، چونکە لێرەدا

زۆربی ژمارەی بیرۆکەکان زیانی نییە و، ئەگەر هەیە سوود لە هەر بیرۆکەیەك ببینرێت.

٤. **بنیادنان لەسەر بیرۆکەی بەشداربووانی تر:** مەرج نییە لێرەدا هەموو بیرۆکەیەکی ئەندامان بیرۆکەی ڕەسەن بێت، بۆی هەیە بەشداربوویەك سوود لە بیرۆکەی یەکێکی تر ببینێت و بیرۆکەیەکی نوێ و بەسوودی لێ دروست بکات (Adams, 1974, 115).

هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بە ڕێگای ورووژاندنی مێشك

١. دیاریکردنی گرووپەکان.

٢. دیاریکردنی گرفتەکە.

٣. تۆمارکردنی زانیارییەکان.

٤. وەرگرتنی زۆرترین بیرۆکە.

٥. هاندانی بەشداربووان بۆ بیرکردنەوە.

مەرجەکانی سەرکەوتنی ورووژاندنی مێشك

١. پێویستە بابەتی گفتۆگۆکە ڕوون و دیاریکراو بێت.

٢. پێویستە بابەتەکە هەڵگری ڕاوبۆچوونی جیاواز بێت.

٣. یاسا و پرنسیپەکانی بەشداریکردن دیاریکراو بن بە شێوەیەك کە هەمووان بتوانن بەشداری بکەن.

٤. لە ژینگەیەکی لەبار و پڕ لە جۆش و خرۆش وانەکە بوترێتەوە (عبدالعظیم، ٢٠١٥، ٥٠).

ئامادەکارییەکانی بەکارهێنانی ڕێگای ورووژاندنی مێشك

١. پێویستە فێرخوازان لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە بکرێن و هەستیان بورووژێنرێت.

٢. دابەشکردنی فێرخوازان بۆ چەند گرووپێکی بچووك، پێویستە هەر گرووپێکیش سەرکردەیەکی هەبێت.

٣. خستنەڕووی بابەتەکە بە شێوەیەك هاندانی بیرکردنەوەی تێدا بێت و دەرفەتی لێکدانەوەی تێدا نەبێت.

٤. ڕێکخستنی پۆل بە شێوەیەك هەمووان تیایدا بتوانن بە ئاسانی بەشداری بکەن.

٥. بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان لە لایەن مامۆستاوە، بۆ ئەوەی هەمووان دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت.

٦. دەرهێنانی ڕاوبۆچوونی فێرخوازان و نووسینیان لەسەر بۆرد.

٧. هەڵسەنگاندنی چالاکیی فێرخوازان و بەشداریکردنیان لە خستنەڕووی بیرۆکەکان.

٨. دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان.

٩. پێشکەشکردنی چارەسەرەکان و هەڵبژاردنی باشترینیان.

هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ڕێگای وروژاندنی مێشك

١. قۆناغی ئامادەکاری: یەکەم قۆناغی وانەوتنەوەیە و لەم هەنگاوانەی خوارەوە پێك دێت:

- دیاریکردنی ئامانجەکان.
- بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا وروژاندنی مێشك باشترین ڕێگایە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان.
- دیاریکردنی چالاکییەکان، کە لە ڕێیانەوە بیرۆکەی نوێ دەدۆزرێنەوە.
- دیاریکردنی شێوازی دانیشتنی فێرخوازان و دابەشکردنیان بۆ چەند گرووپێك.
- داڕشتنی گرفتەکە بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو.
- داڕشتنی پرسیارەکان بە شێوەیەك هانی بەشداربووان بدات بۆ بیرکردنەوە.
- هەوڵدان بۆ زانینی ڕای پێشوەختی فێرخوازان.
- پێدانی بابەتەکە بە فێرخوازان.

٢. قۆناغی جێبەجێکردن: ئەم هەنگاوانە لەخۆ دەگرێت:

- ڕێکخستنی هۆڵی خوێندن و شوێنی دانیشتنی فێرخوازان، بە شێوەیەك هەمووان تیایدا بتوانن بەشداری بکەن.
- ڕوونکردنەوەی یاساکانی بەڕێوەبردنی وانەکە.
- دیاریکردن و پێناسەکردنی بابەتی گفتوگۆکە، لەڕێی داڕشتنی بەشێوەیەکی ڕوون. دەکرێت بە شێوەی پرسیاریش بێت و لەسەر بۆرد بنووسرێت.
- وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فێرخوازان سەبارەت بە بابەتی گفتوگۆکە.
- ئامادەکاری و هاندانی پاڵنەری فێرخوازان بۆ بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی گرفتەکە لە کەشێکی ئارامدا.
- پۆلێنکردنی بیرۆکەکان و هەڵسەنگاندیان بەپێی پێوەری دیاریکراو و پاشان هەڵبژاردنی باشترینیان.
- هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر بۆ گرفتەکە لەپاش هەڵسەنگاندنی هەموو بیرۆکەکان بەپێی ئەو پێوەرانەی پێشتر دیاری کرابوون (عطیة، ٢٠٠٩، ١١٩).

خاڵە ئەرێنییەکانی ڕێگای وروژاندنی مێشك

١. شێوازێکی چێژبەخش و چالاکە بۆ فێرخوازان.

٢. هانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات.

٣. پەرە بە باوەڕبەخۆبوونی فێرخوازان دەدات.

٤. ئازادی بە فێرخوازان دەبەخشێت بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕایان.

٥. لە بەکارهێناندا ئاسانە و ئاڵۆزی و گرانیی تێدا نییە.

٦. فێرخوازان فێری ڕێزگرتن لە بۆچوونی کەسانی تر دەکات.

٧. فێرخوازان لەسەر شێوازی زانستیی بیرکردنەوە ڕادەهێنێت.

٨. پەرە بە تواناکانی گفتوگۆکردنی فێرخوازان دەدات.

٩. فێرخواز دەبێتە تەوەری سەرەکیی وانەوتنەوە (السليتي، ٢٠١٥، ٩٣).

کەموکوڕییەکانی ڕێگای وروژاندنی مێشک

١. بەشێك لە فێرخوازان لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیان پەلە دەکەن، بەو شێوەیەش بیرۆکەی ڕەسەن نایەتە دی.

٢. پێویستی بە ئەزموون و توانای باش هەیە لە لایەن مامۆستایانەوە.

٣. پێویستی بە پابەندبوونێکی تەواوە، ئەگینا ئامانجەکانی خۆی بەدەست ناهێنێت (عطية،٢٠٠٩ ، ١٩١).

ڕێگای ئەسکەلە

ڕێگای ئەسکەلە یەکێکە لەو ڕێگایانەی لە تیۆری فیگۆتسکییەوە(Lev Vigotsky)وەرگیراوە. هۆی ناونانی ئەم ڕێگایە بەم ناوە ئەوەیە کە مامۆستایان بە شێوەیەکی کاتی هاوکاریی فێرخوازان دەکەن، ڕێك وەکو

بەکارهێنانی ئەسکەلە لە لایەن بیناسازانەوە کاتێك بۆ ماوەیەکی کاتیی دیاریکراو لە دروستکردنی بینادا بەکاری دەهێنن و لە پاش بەکارهێنانی لایدەبەن، واتە مامۆستایان دەبنە ئەو ئەسکەلەیەی کە فێرخوازان بەکاری دەهێنن (سەعید٢٠٢٠ ,).

لەم ڕێگایەدا مامۆستا کۆمەڵێك ئامراز و چالاکی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز بەرەو پێش ببات و بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت، بۆیە لێرەدا یارمەتییەکی کاتیی پێشکەش دەکات بۆ بەدەستهێنانی هەندێ توانا و کارامەیی بۆ ئەوەی بەتەنیا لە فێربووندا بەردەوام بێت (العيساوي وآخرون، ٢٠١٢، ١٠٩).

قۆناغەکانی وانەوتنەوە بە ڕێگای ئەسکەلە

١. **قۆناغی پێشکەشکردن**: لەم قۆناغەدا، مامۆستا بابەتە نوێیەکە پێشکەش دەکات و ئامانجەکانی بابەتە بۆ فێرخوازان ڕوون دەکاتەوە ، بە بەکارهێنانی چەند ئاماژە و پرسیارێك بۆ هاندانی فێرخوازان لەسەر بیرکردنەوە.

٢. **ڕێکخستنی بابەتە لە ئاسانەوە بۆ گران**: لەم قۆناغەدا، مامۆستا بابەتەکە بەسەر چەند هەنگاوێکی بچووکدا دابەش دەکات، کە لە ئاسانەوە بۆ گران دەست پێدەکات و یارمەتیی فێرخوازان دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

٣. **پێشکەشکردنی بابەتی فێرکاریی هەمەجۆر**: لەم قۆناغەدا مامۆستا فێرخوازان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ئاراستە دەکات و

یارمەتییان دەدات لە وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕکراو، کە پێویستە تیایدا فێرخوازان بەسەر چەند گرووپێکی بچووکدا دابەش ببن.

٤. **فیدباك:** مامۆستا فیدباکی فێرخوازان دەکات، لەڕێی لیستی ڕاستکردنەوە و نموونەی کاری پسپۆڕانەوە.

٥. **بەرزکردنەوەی بەرپرسیارێتیی فێرخواز:** لەم قۆناغەدا، مامۆستا نموونەکان کەم دەکاتەوە و کار بۆ گرانکردنی ئەرکەکان دەکات و هەنگاوەکان کۆ دەکاتەوە و لە فێربوونی ئەرکەکانی فێرخوازان دڵنیا دەبێت.

٦. **دابینکردنی هەڵوێستەی فێرکاریی نوێ:** بۆ ئەوەی فێرخواز بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاری بهێنێت و فێری ببێت.

ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانی ڕێگای ئەسکەلە

١. پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆ ئەنجامدانی.

٢. پێویستی بە مامۆستای لێهاتوو وکارمەندی پسپۆڕە.

٣. پێویستی بە توانای بەرزی فێرخوازانە.

٤. کەمیی نموونەی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان لە لایەن مامۆستایانەوە.

٥. ئامانجەکانی ئەم ڕێگایە نایەنە دی، ئەگەر مامۆستاکان بە باشی ڕاهێنانیان پێ نەکرا بێت.(Orey, 2010, 236)

مۆدێلی پرۆژە

پێناسەی پرۆژە: هەر کارێکی مەیدانییە تاك لەژێر چاودێریی مامۆستا ئەنجامی بدات و لایەنی کردەیی پراکتیکی تێدا بەرجەستە بکات و، سوود بە بابەتە زانستییەکان بگەیەنێت و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام بدرێت.

داهێنەری ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە وڵیام کلپاتریکە(H. Kilpatrick William)کلپاتریك ویستی فەلسەفەی جۆن دیوی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە لە ساڵی (١٩١٨) ڕێگای پرۆژەی داهێنا، ئەم ڕێگایەش لایەنی پراکتیکی (پرۆگرامی چالاکی)یە (الهويدي، ٢٠١٠، ١٦١).

هۆکاری ناولێنانی ئەم ڕێگایە بە ڕێگای پرۆژە ئەوەیە کە فێرخوازان خۆیان پرۆژەیەك هەڵدەبژێرن و کاری لێ دەکەن، واتە گۆڕینی شێوازی وانەکە لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیکی و دەرچوون لە بازنەی تەقلیدیی وانەوتنەوە لە گوێگر و قسەکەرەوە بۆ جێبەجێکار و ئاراستەکەر، واتە مامۆستا فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستیاندایە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان ئاراستە دەکات.



وێنەی ژمارە (١٦) ویلیام هێرد کلپاتریك

جۆرەکانی پرۆژە

١. **پرۆژەکانی دامەزراندن:** ئەو پرۆژانەن کە دروستکردن و بەرهەمهێنانیان تێدایە، وەك دروستکردنی جلوبەرگ و ماست و پەنیر و بەخێوکردنی پەلەوەر و هەنگ هتد...

٢. **پرۆژە چێژبەخشەکان:** وەکو گەشتە زانستییەکان و سەردانە مەیدانییەکان. بۆ نموونە سەردانی دەشتەکانی کوردستان و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو درەختانەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا شین دەبن، ئەم جۆرە پرۆژانە دوو جۆر ئامانجیان تێدایە یەکێکیان فێرکاری و ئەوەی تریان چێژبەخشییە.

٣. **ئەو پرۆژانەی لە شێوەی گرفتدان:** ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە پرۆژانە دیاریکردنی گرفت و دۆزینەوەی چارەسەرە، بۆ نموونە چۆنێتیی

لەناوبردنی مێش و مێشوولە و پاککردنەوەی شوێنە گشتییەکان ...هتد.

٤. **ئەو پرۆژانەی بۆ فێربوونی کارامەییەکان بەکار دێن:** هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بۆ بەدەستهێنان و فێربوونی کارامەییەکی دیاریکراودا بەکار دێن، وەك پرۆژەی ئاگرکوژێنەوە و بەرگریی شارستانی ... هتد.

هەنگاوەکانی مۆدێلی پرۆژە

١. **هەڵبژاردنی پرۆژەکە:** گرینگترین هەنگاوی پرۆژەیە و تیایدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی بابەتەکە دەدرێت، بێگومان هەڵبژاردنی بابەتەکەش کۆمەڵێك بنەمای هەیە، لەوانە: بابەتەکە گرینگ بێت و پەیوەندیی بە ژیانی فێرخوازانەوە هەبێت و لەگەڵ حەز و ئارەزوو و تواناکانی فێرخوازاندا بگونجێت و لە هەمان کاتدا شایەنی جێبەجێکردن بێت.

٢. **داڕشتنی پلانی پرۆژەکە:** پلانی پرۆژەکە لە لایەن فێرخوازانەوە دادەنرێت بە هاوکاریی مامۆستاکەیان و، لە وردەکارییەکان و شێوازی جێبەجێکردنی دەکۆڵنەوە و سەرچاوەی زانیاری و بەربەستەکانی تاوتوێ دەکەن، ڕۆڵی مامۆستا لێرەدا تەنها ڕێنماییکردن و ئاراستەکردن دەبێت.

٣. **جێبەجێکردن:** لەم قۆناغەدا پلان و پێشنیازەکان لە قۆناغی تیۆرییەوە بۆ پراکتیکی دەگوازرێنەوە، هەمووان پێکەوە دەست بە کارکردن دەکەن و بەشداری لە چالاکییەکان دەکەن هەریەك بەپێی بەرپرسیارێتیی خۆی، ڕۆڵی مامۆستاش لەم قۆناغەدا دڵنیابوونە لە جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەنجامدانی ئەرکەکان لە لایەن فێرخوازەکانەوە، هەروەها ئاراستەکردنی فێرخوازان و ڕێنماییکردنیان، لە هەر شوێنێك کە

پێویستییان پێی بێت.

٤. **هەڵسەنگاندن**: لە ڕێگای پرۆژەدا هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە هەموو هەنگاوەکانی پرۆژەکەدا بوونی هەیە، لە کۆتایی پرۆژەکەشدا هەر ئەندامێك ئەنجامی کارەکانی خۆی و سوودەکانی دەخاتە ڕوو و هەر بەپێی ئەوانەش هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت (عبدالعظیم، ٢٠١٥، ٩٩).

خاڵە ئەرێنییەکانی مۆدێلی پرۆژە

١. یەکێك لە خاڵە هەرە گرینگەکانی ئەم مۆدێلە ئەوەیە کە چالاکییەکیان لە لایەن فێرخوازانەوە ئەنجام دەدرێن، بەوەش دەبنە تەوەری سەرەکی لە وانەکەدا.

٢. فێرخوازان لەسەر هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر و پێکەوە کارکردن و بڵاوکردنەوەی گیانی تیم و باوەڕبەخۆبوون ڕادەهێنێت.

٣. فێرخوازان فێری داڕشتنی پلان و ئەنجامدانی چالاکی دەکات.

٤. ڕەچاوی جیاوازیی تاکێتی لەنێوان فێرخوازان دەکات بە ڕاسپاردنی ئەرکەکان بەپێی توانا و حەز و ئارەزووەکانیان.

٥. ڕاهێنان بە فێرخوازان دەکات لەسەر هەندێ کارامەیی گرینگ، وەکو چارەسەری گرفتەکان و کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە ...هتد (القیسي، ٢٠١٨، ٥٢).

بەربەستەکانی بەکارهێنان

١. نەبوون و کەمیی سەرچاوە.

٢. پێویستی بە کاتێکی زۆرە و ئەمەش لەگەڵ سروشتی بەشێکی زۆر لە سیستەمەکانی پەروەردەدا ناگونجێت.

٣. پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتە کە بە ئاسانی لە سیستەمی زۆرێك لە قوتابخانەکان دەست ناکەون.

٤. پێویستی بە توانای ماددی و پێداویستیی زۆرە، ئەمانەش لە هەموو قوتابخانەیەکدا نین.

٥. ئەم مۆدێلە گرینگی بە فێربوونی ئێستا دەدات و تیایدا ڕابردوو و داهاتووش پشتگوێ خراون (ابو زید،٢٠١٣ ، ٥٠).

ڕێگای نەخشەی چەمکەکان

نەخشەی چەمکەکان یەکێکە لە جێبەجێکردنە پەروەردەییەکانی تیۆریی (ئاوزبێل)، کە پێیوایە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی (فێربوونی واتەدار) ئەوەیە پەیوەندیی نێوان چەمکەکان بزانرێت.

هەر لەسەر بنەماکانی ئەو تیۆرییە جۆزیف نۆڤاك(Joseph Novak) و هاوکارانی لە زانکۆی (کۆرنێل) ڕێگایەکی نوێیان بۆ ڕێکخستنی زانین دۆزییەوە، کە دەتوانرێت لە ڕێیەوە پێگەی زانینیی فێرخواز لەسەر بنەمای تیۆریی فێربوونی واتەداری ئاوزبێل ڕاست بکرێتەوە، بۆیە نۆڤاك و هاوکارانی گەیشتنە دۆزینەوەی نەخشەی چەمکەکان وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی زانین و پێوانەکردنی گۆڕانکارییەکانی پێگەی زانینی فێرخواز.

نۆڤاك پێی وایە چەمکەکان لە وەرگرتن و بەکارهێنانی زانیندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن، بۆ ئەوەی فێرخوازیش بگاتە ئاستی فێربوونی واتەدار پێویستە چەمکە نوێیەکان، کە فێریان دەبێت لەگەڵ چەمکەکانی پێشوو کە دەیانزانێت گرێ بدات، چونکە فێرخواز بەپێی بۆچوونی سوزان ئەمبرۆز و هاوڕێکانی(Suzan A. Ambrose et al, 2010) لاپەڕەیەکی سپی نییە، کە دەچێتە هەر پۆلێکەوە. بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێك بیروباوەڕ و زانیاری و بەها و ئاراستە و بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی فێرخواز پێگەی زانینی خۆی بنیاد بنێت، هەرچەند پەیوەندییەکانی نێوان زانیارییەکانی پێشوو و زانیارییە نوێیەکان بەهێزتر بێت فێرخواز باشتر لە بابەتەکان تێدەگات و زیاتر لە مێشکیدا دەمێننەوە و واتەدارتر دەبن (Susan A. Ambrose et al, 2010, 13)

وێنەی ژمارە (١٧) جۆزێف نۆڤاك

هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ڕێگای نەخشەی چەمکەکان

١. **پێشکەشکردنی چەمکەکە:** لەم هەنگاوەدا مامۆستا چەمکەکە پێشکەش بە فێرخوازان دەکات لەڕێی پێشاندان و خستنەڕوو و بەراوردکردن لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە فێرخوازان لەبارەی چەمکەکەوە دەیانزانن، ئەم هەنگاوەش نزیکەی (١٠) خولەکی پێویستە .

٢. **دیاریکردنی شوێنی چەمکەکە لە نەخشەکەدا:** ئەمەش لەڕێی دیاریکردنی چەمکەکانی ترەوە دەکرێت، کە لە بابەتەکەدا هەن، هەروەها ڕیزبەندکردنیان بە شێوەی بەرەوخوار لە گشتییەوە بۆ تایبەتی.

٣. **دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان:** لەم هەنگاوەدا مامۆستا پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان لە هەموو ئاستەکاندا دیاریدەکات لەڕێی بەکارهێنانی نیشانە و هێما و وشەی گونجاو، دواتر کات بە فێرخوازان دەدات بۆ ئەوەی نەخشەکە لە دەفتەرەکانیان تۆمار بکەن، ئەم هەنگاوەش نزیکەی ٥ خولەکی پێویستە.

خاڵە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی نەخشەی چەمکەکان

١. جەختکردنە سەر بیرۆکە سەرەکییەکانی چەمکەکان.

٢. گرێدانی زانیارییە نوێیەکان بە زانیارییەکانی پێشووەوە، کە لە پێگەی زانینی فێرخوازاندا هەیە.

٣. پەرەپێدانی داهێنان لە لای مامۆستا و فێرخواز لەڕێی دروستکردنی دیزاینی هەمەجۆری نەخشەی چەمکەکانەوە.

٤. دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هەڵەی فێرخوازان سەبارەت بە چەمکەکان .

٥. دەستەبەرکردنی کەشێکی کۆمەڵایەتیی تەندروست لەڕێی بەشداریکردنی فێرخوازان لە دیزاینکردنی نەخشەکان.



شێوەی ژمارە (18) نموونەی نەخشەی چەمکەکان

بەشی پێنجەم

خوێندنی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئاوێتەکراو

پێشەکی

پێدەچێت لەمەودا دەستبەرداربوونی تەکنەلۆژیا کارێکی ئەستەم بێت، بە هۆی ئەو هەموو ئاسانکارییانەی لەم سەردەمە و لە داهاتووشدا پێشکەشمان دەکات و ئاسانکاریمان بۆ دەکات لە هەموو کایەکانی ژیان و بە تایبەتی لە پەروەردە و فێرکردن، بۆیە دەزگاکانی فێرکردن کێبڕکێ لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم خۆیان بگونجێنن. ئێستا لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕێگاکانی عەمبارکردن و گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریدا، کە لە هەموو سەردەمێك ئاسانتر و پێکشەوتووترە، فێرخوازان ئاسانتر دەتوانن زانیارییەکان بەدەست بهێنن، خوێندنی ئەلیکترۆنی شێوازی ئەنجامدانی کارەکانمانی گۆڕی و هاوکاریی کردین بۆ ئەوەی کارگەلێك ئەنجام بدەین کە پێشتر توانای ئەنجامدانیمان نەبوو.

خوێندنی ئەلیکترۆنی

خوێندنی ئەلیکترۆنی شێوازێکە لە خوێندنی خودی و تیایدا فێرخواز لە مامۆستاوە دوورە و بەرپرسیارێتیی فێربوون لە ئەستۆی فێرخوازە، کە لەڕێی بەکارهێنانی بابەتی فێرکاریی چاپکراو و بینراو و بیستراو و ڤیدیۆ و بابەتی ترەوە دەخوێنێت. یۆنیسکۆش بەم شێوەیە پێناسەی خوێندنی ئەلیکترۆنیی کردووە «پرۆسەیەکی پەروەردەیی و سیستەمێکە تیایدا بەشێك یان گشت وانەکە لە لایەن کەسێك یان شتێکەوە ئەنجام دەدرێت کە لە ڕووی کات و شوێنەوە لە فێرخواز دوور بێت (Burns, 2011)“ هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: خوێندنی ئەلیکترۆنی سیستەمێکی فێرکارییە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی فێرکاری بە فێرخوازان لەڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی

پەیوەندی و گەیاندنەوە، لە هەر شوێن و کاتێکدا بن (سیفین،٢٠١٤ ، ٤٤٤).

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. زۆریی ژمارەی فێرخوازان لە پۆلدا.

٢. پێویستیی بەردەوامی تاکەکان بە فێربوون و مەشق و ڕاهێنان.

٣. ئاسانیی دەسکەوتنی ئەم جۆرە خوێندنە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

٤. لەدەستدانی توانای زانکۆکان بۆ وەرگرتنی هەموو دەرچووەکان.

٥. پێشکەوتنە گەورەکانی بواری تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی.

٦. زیادبوونی بەرچاوی تێچووەکانی خوێندن.

٧. پشتبەستنی زۆر لە پیشەکانی سەردەم بە تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

٨. ئاسانیی هەڵسەنگاندن لەڕێی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە.

جگە لەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێکرا لەم ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئاوێتەکراو دادەنرێت. ئێستا خوێندنی ئەلیکترۆنی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەگەرچی پێشتر خوێندنی ئەلیکترۆنی گرینگیی خۆی هەبوو، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا خوێندنی ئەلیکترۆنی بووە پێداویستییەکی ژیان

بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان، تەنانەت ئەو وڵاتانەی بە هیچ شێوەیەك هەنگاویان بەرەو بە ئەلیکترۆنیکردنی خوێندن نەنابوو ئێستا خوێندنیان کردووەتە ئەلیکترۆنی.

ئامانجەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. ئامادەکردنی تۆڕێکی فێرکاری بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوە فێرکارییەکان.

٢. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی خوێندن و کەسوکاری فێرخواز.

٣. پەرەپێدانی توانای پیشەیی مامۆستایان و پرۆسەی فێرکردن.

٤. چێژبەخشین بە خوێندن لەڕێی هەمەجۆرکردنی ئامراز و شێوازەکانەوە.

٥. فراوانکردنی بیرکردنەوەی فێرخواز و هاندانی داهێنان.

٦. بەکارهێنانی بانکی پرسیارەکان.

سوودەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان فێرخوازان لە لایەك، و مامۆستا و فێرخوازان لە لایەکی تر.

٢. هەستکردن بە یەکسانی.

٣. ئاسانیی پەیوەندیکردن بە مامۆستاوە.

٤. ئاسانیی گۆڕینی ڕێگای وانەوتنەوە.

٥. ئاسانیی دووبارەکردنەوەی وانەکان.

٦. دەستەبەربوونی پرۆگرامی خوێندن لە هەمووکات و شوێنێکدا.

٧. بەفیڕۆنەدانی کات لە هاتوچۆ و جەنجاڵیی ڕێگاوبانەکان.

٨. کەمبوونەوەی ئەرکەکانی مامۆستا (الغريب زاهر، اقبال بهبهاني، ١٩٩٩، ٦٧).

تایبەتمەندییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. خێرایی لە گواستنەوەی زانیارییەکان.

٢. چارەسەرکردنی گرفتی زۆریی ژمارەی فێرخوازان لە پۆلدا.

٣. ئاراستەکردنی فێرخواز بەرەو فێربوون بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە نەك زۆرەملێ.

٤. پێدانی ئازادی بە فێرخواز لە هەڵبژاردنی شوێن و کاتی گونجاو بۆ خوێندن.

٥. ئاسانیی نوێکردنەوە و گۆڕینی پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن.

٦. ئاسانیی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن و فیدباك.

جۆرەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. **خوێندنی ئەلیکترۆنیی هاوکات (ئۆنلاین):** ئەو جۆرە خوێندنەیە کە تیایدا مامۆستا و فێرخوازان لە هەمان کاتدا پێکەوە لەسەر هێڵ ئامادە دەبن و گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکانەوە دەکەن لەڕێی هۆڵە گریمانەییەکان (فێرچوواڵەکان)ەوە، لە باشییەکانی ئەم ڕێگایەش ئەوەیە کە فێرخوازان فیدباکی ڕاستەوخۆیان دەست دەکەوێت و، لە خاڵە نەرێنییەکانی ئەوەیە پێویستی بە ئامێر و هێڵی ئینتەرنێتە.

٢. **خوێندنی ئەلیکترۆنیی ناکات (ئۆفلاین):** ئەو خوێندنەیە کە بە شێوەی ئۆفلاین دەکرێت واتە پێویستی بە هەبوونی هێڵی ئینتەرنێت نییە و گفتوگۆ و قسەکردنی تێدا نییە، بەڵکو تەنها وانەکان دادەگیرێن یان بە سی دی و میمۆری دەنێردرێن و فێرخوازان دواتر دەیخوێننەوە، لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە فێرخواز بە ئارەزووی خۆی کاتی خوێندن هەڵدەبژێرێت و دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دووبارەی بکاتەوە و لێی بداتەوە، لە خاڵە نەرێنییەکانیشی ئەوەیە کە فێرخواز فیدباکی ڕاستەوخۆی دەست ناکەوێت ولە ڕووی کەسایەتییەوەش بۆی هەیە ببێتە هۆکارێك بۆ داخرانی فێرخواز و دوورەپەرێزی و گۆشەگیری، لە شێوازەکانی ئەم ڕێگایە: خوێندن بە بەکارهێنانی ئیمەیڵ و بەکارهێنانی سی دی و میمۆری (السيد، ٢٠١١، ١٠١).

ئامێرە گەڕۆکەکان (زیرەکەکان)

لە ئێستادا ئامێرە گەڕۆکەکان بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان لە بواری فێرکردن و فێربووندا بەکار دەهێنرێن و بەشێکی زۆر لە فێرخوازان ڕۆژانە ئەم ئامێرانە بۆ گوێگرتن لە وانەکان بەکار دەهێنن، کە بە شێوەی ئۆنلاین لەڕێی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بە بەکارهێنانی بەرنامەکانی گووگڵ کلاسرووم و زووم و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ماسنجەر و ڤایبەر و تیلیگرام ...هتد پێشکەش دەکرێن، لە هەمان کاتدا فێرخوازان مۆبایل و تابلێت وەکو سەرچاوەی زانیاری بۆ گەڕان بە دوای ئەو زانیارییانەی لێیان داوا دەکرێت و لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنیاندا هەیە بەکاری دەهێنن، هەروەها بەرنامەکانی مۆبایل و تابلێت بۆ ئەنجامدانی ئەزموون و دەرهێنانی ئەنجامەکانی فێرخوازان و ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپرسی و ئامار بەکار دەهێنرێن

.

سوودەکانی بەکارهێنانی ئامێرە گەڕۆکەکان لە پرۆسەی خوێندندا

١. دەکرێت وانەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ فێرخوازان بگوازرێنەوە، لە هەر شوێن و کاتێکدا بن.

٢. دەکرێت لەڕێی بەکارهێنانی کورتەنامە و نامەی دەنگ و ڕەنگەوە ئاگادارییەکان و خشتەی ئەزموونەکان بە فێرخوازان بگەیەنرێن، بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕێیان دوورە.

٣. فێرخوازان دەتوانن لەڕێی ئامێرەکانیانەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و ڕاپۆرتەکانیان بنێرن و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

٤. یارمەتیی فێرخوازان و توێژەران دەدات کتێبخانەیەکی دیجیتاڵی بچووک

دروست بکەن و زۆر بەئاسانی ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن.

٥. جۆرێك لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان فێرخواز و دەزگای فێرکاری و دایباب و لایەنەکانی تر دروست دەکات.

٦. بەشداریی فێرخوازان لە خوێندن زیاتر دەکات، لەبەر ئاسانیی بەکارهێنانی.

٧. بەکارهێنانی ئامێرە گەڕۆکەکان بە نوێگەری لە بواری پەروەردەدا دادەنرێت و هانی بەشێکی زۆر لەو فێرخوازانە دەدات کە وازیان هێناوە، بۆ خوێندن بگەڕێنەوە (الدهشان،٢٠١٥)

ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانی ئامێرە گەڕۆکەکان

١. نەبوونی ژێرخانی پێویست، یەکێکە لە ئاڵنگارییە هەرە گەورەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئامێرە گەڕۆکەکان.

٢. نەبوونی ژێرخانی پێویست لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، وەك پرۆگرامی ئەلیکترۆنی و بانکی پرسیارەکان و نەبوونی کەسانی پسپۆڕ لە بەکارهێنانی ئامێرەکان و ڕێکخستنی کاروبارەکان.

٣. بچووکیی قەبارەی شاشەکان دەبێتە هۆی دەرنەکەوتنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ماندووکردنی بەکارهێنەران، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئامێرەکان بەکار دەهێنن.

٤. بچووکیی قەبارەی میمۆریی ئامێرەکان، وەك ئاشکرایە بەشێك لە ئامێرەکان قەبارەی ڕام و هاردیان بچووکە و گرفت بۆ بەکارهێنەران

دروست دەکەن، بەتایبەتی لە کاتی داگرتنی ڤیدیۆی قەبارە گەروە.

٥. هەمەجۆریی ئامێرەکان و خێرایی گۆڕینیان، ئەمەش گرفت بۆ بەکارهێنەران دروست دەکات چونکە کەرەستەکانی ئامێرە کۆنەکان لە بازاڕدا نامێنن و ماوەی بەکارهێنانیان بەسەر دەچێت.

٦. گرانیی نرخی ئامێرەکان، گرانیی نرخی ئامێرەکان گرفت بۆ بەشێکی زۆر لە خێزانەکان، بە تایبەتی ئەو خێزانانەی داهاتیان کەمە یان ئەوانەی منداڵیان زۆرە.

٧. گرفتی دابەزینی وزەی ئامێرەکان، کە زۆربەی کات پێویستییان بە شەحنکردنەوە هەیە.

٨. لاوازیی هێڵەکانی ئینتەرنێت (الدهشان، ٢٠١٥، ١١٢-١١٣).

٩. گرفتی پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان، وەك ئەوەی لە سەردەمی حوکمڕانیی ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا ڕووی دا لەگەڵ گەورە بەرهەمهێنەری ئامێرە زیرەکەکانی چینی هواویی (Huawei) کە بوو بە هۆی داخستنی خزمەتگوزارییەکانی گووگڵ لە ئامێرەکانی هواویدا.

پاوەرپۆینت (PowerPoint)

دەکرێت پاوەرپۆینت ئامرازێکی زۆر کاریگەر بێت بۆ وانەوتنەوەی ئەلیکترۆنی، بە هۆی ئاسانیی دانانی خشتە و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و لینکی ڕاستەوخۆی ئینتەرنێتەوە. بەکارهێنانی ئەمانەی باسکران بە شێوەیەکی باش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتە فێرکارییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی فێرخواز و بەهێزکردنی فێربوون، بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەو مامۆستایانەی پاوەرپۆینت بەکار دەهێنن ئەو وردەکارییانە پشتگوێ دەخەن و لە کۆتاییدا بابەتەکەیان بە شێوەی کۆمەڵە سلایدێکی دوور و درێژ دەردەکەون، کە تەنها نووسین لەخۆ دەگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاریی فێرخواز و توانای گەیاندنی بابەتەکان کەم دەکات.

بۆیە باشتر وایە سلایدەکانی پاوەرپۆینت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕێك بخرێن و هەر سلایدێك گرفتێك یان پرسیارێك لەخۆ بگرێت و بیری فێرخواز بورووژێنێت و هانی بیرکردنەوەی بدات، هەروەها پێویستە پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان کۆی سلایدەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی نمایشەکانی پاوەرپۆینتیش سوودیان هەبێت پێویستە بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

١. هەوڵ بدە ژمارەی سلایدەکان بەپێی توانا کەم بکەیتەوە.

٢. هەوڵ بدە سلایدەکان زۆر ڕەنگاوڕەنگ نەبن، بۆ ئەوەی سەرنجی فێرخوازان پەرت و بڵاو نەکەنەوە.

٣. سوود لە هەموو خەسڵەتەکانی بەرنامەکە ببینە و وێنەی جووڵاو و ڤیدیۆ و دەنگ بەکار بهێنە.

٤. پرسیار و وەڵام بە شێوەی ڕیزبەندیی لۆژیکی لە سلایدەکاندا بەکار بهێنە، بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت کارلێك لەگەڵ پرسیار و وەڵامەکاندا بکات (Fry, 2009, 69).

گرفتەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. دوورکەوتنەوەی هەندێ مامۆستا لە نوێگەرییە پەروەردەییەکان.

٢. ئاراستەی خراپی هەندێ مامۆستا لە بارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەبەر ئەوەی شارەزاییان لێ نییە.

٣. نەبوونی کاتی پێویست بۆ هەندێ مامۆستا لەبەر سەرقاڵییان بە کارە ڕۆتینییەکانیانەوە.

٤. نەبوونی هۆشیاریی پێویست سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی.

٥. نەبوونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە هۆڵەکانی خوێندندا.

٦. هەستکردنی فێرخوازان بە دووری بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی ڕووبەڕووی ڕاستەوخۆ.

٧. نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت لە قوتابخانەکاندا.

پێشنیاز بۆ پەرەپێدانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. پێداویستییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی دابین بکرێن، وەك هەبوونی هێڵی ئینتەرنێت، بۆردی زیرەك، ...هتد.

٢. باشتر وایە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو خوێندنی ئەلیکترۆنی هەنگاو بنرێت.

٣. تیمی پسپۆڕ و شارەزا دابنرێت بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و چارەسەری گرفتەکانی پرۆگرامسازی و چاککردنەوە.

٤. پلانێکی تۆکمە بۆ بەڕێوەچوون و پێشخستنی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە هەموو هەنگاوەکانییەوە هەبێت.

٥. توێژینەوە لەسەر خوێندنی ئۆنلاین بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند سەرکەوتوو بووە.

ئاڵنگارییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی

١. نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ خوێندن

یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم خوێندنی ئەلیکترۆنی کۆنترۆڵکردنی ژینگەی خوێندنە، وەك ئاشکرایە لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا پۆل بوونی نییە، فێرخوازان لە ماڵەوە دەخوێنن، لەم حاڵەتەشدا مامۆستا ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و بە تەواوی سەرنجیان ڕابکێشێت، هەروەها بەشێك لە فێرخوازەکان ژووری تایبەتی خۆیان نییە بۆ خوێندن، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە خێزانی گەورەن یان لە شوێنێکی بچووکدا دەژین، ناتوانرێت بە ئاسانی ئەم گرفتە چارەسەربکرێت، هەروەها ئاستی خوێندن و هۆشیاریی دایك و باوکی فێرخوازان گرینگییەکی زۆری هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، بەو پێیەی هەندێك لە دایك و باوکان خوێندەوارییان نییە یان گرینگی بە فێربوونی منداڵەکانیان نادەن، یان بەهۆی سەرقاڵییانەوە

خوێندنی منداڵەکانیان پشتگوێ خستووە.

٢. گرفتی هەڵسەنگاندن

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی هەڵسەنگاندنە، وەك دەزانرێت هەڵسەنگاندن یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پرۆگرامی خوێندن و گرینگییەکی زۆری لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن و زانینی و هەڵبژاردنی رێگاکانی وانەوتنەوە و زانینی ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنی فێرخوازاندا هەیە.

لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا هەڵسەنگاندن و شێوازی بەرێوەچوونی تاقیکردنەوە گرفتێکی سەرەکییە بۆ مامۆستایان و دەزگاکانی خوێندن و هەرەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر کۆی پرۆسەکە، چونکە ئەنجامەکانی فێرخوازان لە وڵاتی خۆمان تەنها لەڕێی تاقیکردنەوەکانەوە دەردەکەون.

هەرچەندە لە زۆر ڕووەوە هەڵسەنگاندن لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا ئاسانکارییەکی زۆر بۆ فێرخوازان و مامۆستایان دەکات بە هۆی ئەو بەرنامانەی تاقیکردنەوەکانیان پێ دەکرێت و بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر ڕاستکردنەوە بۆ وەڵامی فێرخوازان دەکات و کات و خەرجییەکی زۆر بۆ فێرخوازان و مامۆستایان دەگەڕێنێتەوە و بە ئاسانی بەراوردی ئەنجامەکان دەکات و بە زۆرترین خێرایی ئاماری بەسوود دەدات، کەچی لە هەندێ ڕووی ترەوە گرفتی گەورە لە پرۆسەکە دروست دەکات بە تایبەتی لە ڕووی ڕاستیی ئەنجامەکانەوە بە هۆی ئەوەی فێرخوازان بە ئاسانی گزی دەکەن و ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان ڕاست نابن و بەهۆیەوە فێرخوازان لە مافی خۆیان کەمتر یان زیاتریان دەست دەکەوێت و بەهۆیەوە داتا ڕاستەکان بزر دەبن.

رێگای فێرکردنی ئاوێتەکراو

فێرکردنی ئاوێتەکراو ئەو رێگایەی وانەوتنەوەیە کە بە هەردوو شێوەی تەقلیدی (ڕووبەڕوو) و ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت، لەم رێگایەدا کەرەستەکانی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت لەپێناو باشترکردن و بەهێزکردنی فێربوون بەکار دەهێنرێن، واتە ئەم رێگایە ئاوێتەکردنی هەردوو رێگای فێربوونی دیجیتاڵ و فێربوونی بەرجەستەیە (أبو موسی والصوص، ٢٠١٢) زاراوەی فێرکردنی ئاوێتەکراو بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی (١٩٩٩) لە لایەن ناوەندەکانی فێربوونی کارلێك (EPIC) بەکار هێنرا، کە کۆمپانیایەکی فێرکاریی ئەمریکییە لە ئەتلانتا.

شێوازەکانی فێرکردنی ئاوێتەکراو

فێرکردنی ئاوێتەکراو شەش شێوازی هەیە، وەك لە خوارەوەدا هاتووە:

١. فێرکردنی ڕووبەڕوو (Face-to-face driver): لەم شێوازەدا وەك لە ناوەکەیەوە دیارە مامۆستا لەڕێی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە ڕووبەڕووی فێرخواز دەبێتەوە.

٢. سووڕانەوە (Rotation): تیایدا فێرخواز بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو، لەڕێی خوێندنی ڕووبەڕوو لەگەڵ مامۆستادا لە پۆل و لە لایەکی ترەوە لەڕێی فێربوونی خودی لە ئینتەرنێتەوە بەردەوام دەبێت.

٣. فێرکردنی نەرم (Flex): لەم شێوازەدا وانەکان لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەخوێنرێن و لە لایەن مامۆستاوە پشتگیریی پێویستیان پێ دەدرێت لەڕێی دانیشتنەکانی وانەوتنەوەی تایبەت و دانیشتنەکانی گرووپە بچووکەکان.

٤. تاقیگەی ئۆنلاین (Online lab): لەم شێوازەدا وانەکان لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەگەیەنرێنە فێرخواز بەو مەرجەی وانەکان لە تاقیگەی خوێندنگەدا ئەنجام بدرێن و لەڕێی تۆمارکردن و ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە یان لەڕێی ئیمێڵەوە بگوازرێنەوە بۆ فێرخوازان.

٥. ئاوێتەکردنی خودی (Self-Blend): ئەم شێوازە بە شێوەیەکی تاکێتیی تەواو ڕێگا بە فێرخواز دەدات بەشداری لە خول بکات بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە پێویستە لە فێرگە بە شێوەیەکی تەقلیدی بخوێنرێن (إسماعیل،) ٢٠٠٩

٦. بەرنامەکانی بەکارهێنان لەڕێی ئینتەرنێتەوە (Online Driver): ئەم شێوازەش لەڕێی پلاتفۆرمێکەوە دەکرێت بە ئامادەبوونی مامۆستایان بۆ گەیاندنی وانەکانی فێرگە، لەم شێوازەشدا فێرخواز زۆربەی کات ئامادەی وانەکانی نێو فێرگە دەبێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە.

گرینگی فێرکردنی ئاوێتەکراو

١. کوالیتیی فێرکردنی ئاوێتەکراو باشترە و پرۆسەی فێرکردن کاراتر دەکات.

٢. خوێندنی ئاوێتەکراو پرۆسەی خوێندن ئاسانتر دەکات و ئەنجامی باشتر بەدەستەوە دەدات.

٣. خوێندنی ئاوێتەکراو یارمەتیی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی پەرە بەتواناکانی خۆی بدات و پرۆسەی خوێندن بەهێز دەکات و دڵەڕاوکێی فێرخوازان کەم دەکاتەوە و باوەڕبەخۆبوونیان زیاد دەکات.

٤. کارلێك و پەیوەندی لەنێوان مامۆستا و فێرخوازاندا بەهێز دەکات.

٥. بە شێوەیەکی گشتی چێژبەخشترە لە جۆرەکانی تری خوێندن.

باشییەکانی خوێندنی ئاوێتەکراو

١. کەمکردنەوەی خەرجییەکانی خوێندن بەشێوەیەکی بەرچاو.

٢. دابینکردنی پەیوەندیی ڕووبەڕوو لەنێوان فێرخوازان و مامۆستایاندا لە لایەك و، لەنێوان خودی فێرخوازان لە لایەکی تر.

٣. نەرمیی تێدایە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو فێرخوازاندا.

٤. سوودبینین لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری پلاندان و دیزاینکردن و جێبەجێکردن و بەکارهێنان.

٥. بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان شارستانییەکان بەهۆی ئاسانیی پەیوەندییەکان.

٦. گواستنەوە لە فێرکردنی بەکۆمەڵەوە بۆ فێرکردنی تاك، کە تەوەر تیایدا فێرخوازە.

٧. شێوازی هەڵسەنگاندن لە خوێندنی ئاوێتەکراو نەرمییەکی زیاتری تێدایە لە شێوازەکانی تر.

گرفتەکانی خوێندنی ئاوێتەکراو

١. جیاوازیی خێرایی و جۆری پەیوەندییەکان لەنێوان شوێنەکان.

٢. کەمیی ئەزموونی بەشێك لە مامۆستایان و فێرخوازان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

٣. نەبوونی گونجان لەنێوان ئەو ئامێرانەی کە فێرخوازان بەکاریان دەهێنن لە ڕووی خێرایی و چەند سیفەتێکی ترەوە (ابو موسى والصوص، ٢٠١٢، ١٢).

سیستەمی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەزارەتی پەروەردە هەنگاوەکانی خێراتر کرد، لەپێناو پاراستنی گیانی مامۆستایان و خوێندکاران و بەردەوامبوونی خوێندن و کەمکردنەوەی کاریگەریی ماڵنشینی لەسەر خوێندن لەو ماوەیەدا، بۆیە وەزارەت لە ماوەیەکی کورتدا ڕێنمایی تایبەت بە خۆپارێزی بەپێی پلانێکی دیاریکراو بڵاو کردەوە و پاککەرەوە و دەمامکی بۆ خوێندنگاکان دابین کرد، هەروەها لە ماوەیەکی کەمدا سیستەمی هەورەفێرگەی لە تۆڕی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنەران دابینکردن و پاشان ئەپڵیکەیشنی هەورەفێرگەی لە هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەستەبەر کرد، لە لایەکی ترەوە وەزارەت لە بەرنامەیدایە سیستەمی بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی قوتابخانەکان بخاتە کار لەڕێی سیستەمی ئی-پەروەردە(E-Parwarda) ، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە بۆ ئاسانکردنی کاروباری فێرخوازان و مامۆستایان، لە هەمان کاتدا وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگیی کۆمپانیاکانی

پەیوەندی، سیستەمی ئی-پەروەردەی بە خۆرایی بۆ بەکارهێنەران دابین کردووە، کە (٤٠٠٠) خوێندنگا بە وەزارەتەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە هەموو شوێن و کاتێکدا بە ئاسانی بەکاری بهێنن. شایانی ئاماژەپێکردنە وەزارەتی پەروەردە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت لە مانگی ٩ی (٢٠١٩) بڕیاری جێبەجێکردنی سیستەمی هەورەفێرگەی پەسەند کرد (هەولێر، ٢٠١٩)، سیستەمەکە زیاتر لە (٣٠٠٠) وانەی ڤیدیۆیی لەخۆ دەگرێت کە لە لایەن (٩٠) مامۆستاوە پێشکەش کراون (ئەمین، ٢٠١٩).

وێنەی ژمارە (١٩) سیستەمی ئی-پەروەردە

وێنەی ژمارە (٢٠) سیستەمی هەورەفێرگە

بەشی شەشەم

هەڵسەنگاندن

چەمك و پێناسەی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن بەشێکی گرینگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، ئەمەی دواییش هیچ واتەیەکی نابێت بەبێ هەڵسەنگاندن، چونکە لەڕێی هەڵسەنگاندنەوە ئاستی فێرخوازان دیاری دەکرێت و بڕیار لەسەر دەرچوون و دەرنەچوونیان دەدرێت و بڕوانامەیان پێ دەدرێت و هەر لەڕێی هەڵسەنگاندنەوە پەروەردەکاران پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن. مامۆستایانیش لەڕێی هەڵسەنگاندنەوە کارایی ئەو ڕێگایانەی وانەوتنەوە دەزانن کە بەکاریان دەهێنن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاری هەڵبژاردن و گۆڕینی ڕێگاکانیان دەدەن، هەروەها دایك و باوکی فێرخوازانیش بە هۆی هەڵسەنگاندنەوە ئاستی منداڵەکانیان دەزانن و بەدواداچوونیان بۆ دەکەن، هەموو ئەمانەی باسکران گرینگیی هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پێشان دەدەن.

پێناسەی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن «بەکارهێنانی هێمایە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو لەپێناو وەسفکردنی بەهای دیاردەکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زانستییەوە (Pal, 1999) "لە پێناسەیەکی تردا هاتووە دەڵێت هەڵسەنگاندن «پرۆسەی دەرکردنی بڕیارە لەبارەی گرینگی و لێهاتوویی سیفەتەکان لەسەر بنەمای نمرەی ئەزموونەکان» یان «کۆمەڵە بڕیارێکە بۆ زانینی ڕێژەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی فێرخواز» (شحاتە والنجار، ٢٠٠٣، ١٣٠) هەروەها لە پێناسەیەکی تریشدا هاتووە هەڵسەنگاندن: «گەڕان و پشکنین

و دڵنیابوونە لە مەودای هاتنەدیی ئامانجە فێرکارییەکان و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان» (العزاوي، ٢٠٠٩، ١٤٨).

جۆرەکانی هەڵسەنگاندن

١. **هەڵسەنگاندنی سەرەتایی:** ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە لە سەرەتای ساڵ یان لە سەرەتای بەرنامەی فێرکردن دەکرێت بۆ زانینی ئاستی فێرخوازان و پێوانەکردنی زانیاری و توانا و کارامەییەکانیان، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەش بۆ زانینی ڕێژەی پێشکەوتنی فێرخوازان بەکار دەهێنرێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی فێرخوازان لە سەرەتا و کۆتایی بەرنامەی فێرکردنەکە، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی دەستپێك بۆ بەرنامەی فێرکردنەکە و دیاریکردنی ئەو لایەنانەی پێویستییان بە خەستیی زیاتر هەیە، هەر لەڕێی هەڵسەنگاندنی سەرەتاییەوە دەتوانرێت بابەتەکان بو فێرخوازان دیاری بکرێن و چەند بابەتێك لاببرێن یا زیاد بکرێن، بۆیە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی هەنگاوێکی گرینگ و پێویستە لە پرۆسەی فێرکردندا.

٢. **هەڵسەنگاندنی بنیادنەر:** ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنەیە کە شانبەشانی پرۆسەی فێرکردن هەنگاو دەنێت، هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی بەردەوام. لێرەدا مامۆستا چەندین هەڵسەنگاندن لە چەند ماوەیەکی کورتدا ئەنجام دەدات، لەوانەیە لە کۆتایی بەشەکانی بابەتەکە یا لە کۆتایی باسەکانی بێت، لەڕێی دابەشکردنی بابەتەکەوە بەسەر چەند بەشێکی بچووکتر و دواتر دانانی چەند پرسیارێك بۆ هەر یەکێکیان، بەو شێوەیە مامۆستا بە باشی ئاستی فێرخوازەکانی دەزانێت و خاڵی

لاوازییان دیاری دەکات (الحیلة،١٩٩٩ ، ٤٠٣).

٣. **هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردن:** هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردن لەو کاتانەدا بەکار دەهێنرێت کە مامۆستا هەست بکات گرفتێك هەیە و ئاستی فێرخوازان وەکو پێویست نییە، ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە لایەنەکانی بە هێزی و لاوازیی فێرخوازان دەستنیشان بکرێن (کیلي، ٢٠٠٦، ٢٢٤) لێرەشدا ماموستا پێویستی بە یارمەتیی توێژەری کومەڵایەتی و دەروونزانی قوتابخانەکە دەبێت.

٤. **هەڵسەنگاندنی کۆتایی:** ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی بەرنامەی فێرکردن ئەنجام دەدرێت، بۆ بڕیاردان لەسەر گواستنەوەی فێرخوازان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان بۆ پێدانی بڕوانامە (مدکور، ٢٠٠١، ٢٦٦).

سیفەتەکانی ئەزموونی باش

یەکەم: دروستی

دروستی واتە ئەزموون ئەو سیفەتانە بپێوێت کە بۆ پێوانەکردنی دانراون (Pal, 1999) بۆ نموونە ئەو ئەزموونەی بۆ پێوانەکردنی توانای فێرخوازان لە زمانی کوردیدا دانراوە، دەبێت تەنها توانای ئەو فێرخوازانە لە زمانی کوردیدا بپێوێت نەك سیفەتێکی تر، بۆ نموونە زیرەکی یان کەسایەتی یان باوەڕبەخۆبوون، هەروەها ئەگەر ئەزموونەکە بۆ پێوانەکردنی زیرەکی دابنرێت ئەوا دەبێت تەنها زیرەکی بپێوێت نەك دەسکەوت و ئاراستە و کەسایەتی... هتد، واتە ئەگەر ئەزموونەکە ئەو مەبەستەی پێوا کە بۆی

دانراوە پێی دەوترێت دروست، بە پێچەوانەی ئەوەش پێی دەوترێت نادروست.

جۆرەکانی دروستی

١. **دروستیی ڕووکەش:** دروستیی ڕووکەشی ڕووخساری گشتیی ئەزموونەکەیە، لە ڕووی جۆری وشەکان و چۆنیەتیی داڕشتنیان و ئەو مەبەستەی ئەزموونەکەی بۆ دانراوە، هەروەها گونجانی ناونیشانی ئەزموونەکە و ناوەڕۆکەکەی (العبادي، ٢٠٠٦، ١٢).

نموونە:

- جۆرەکانی ناو لە ڕووی داڕشتنەوە بژمێرە؟
- باسی جەنگی جیهانیی یەکەم بکە؟

ئەگەر سەرنج لەو نموونەیەی لای سەرەوە بدەین دەبینین کە ئەو ئەزموونە دروست نییە، چونکە پرسیاری یەکەم پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە هەیە بەڵام پرسیاری دووەم پەیوەندیی بە بابەتی مێژووەوە هەیە، بۆیە بەم ئەزموونە دەوترێ نادروست.

شایانی باسە دروستیی ڕووکەشی کەمترین گرینگیی هەیە بە بەراورد لەگەڵ دروستییەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینگیی خۆی هەیە.

٢. **دروستیی ناوەڕۆك:** دروستیی ناوەڕۆك واتە بڕگەکانی ئەزموونەکە ئەو سیفەتە بپێون کە بۆی دانراوە، واتە پرسیارەکان نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی ناوەڕۆکەکە بکەن.

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت توانای فێرخوازان لە نووسینی داڕشتنێك بزانین کە لە (٢٠٠٠) وشە پێك هاتبێت بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی ڕێنووس بکات، لەم حاڵەتەدا ناتوانین داوای لێ بکەین (٢٠٠٠) وشە بنووسێت، چونکە کاتی زۆری دەوێت، بۆیە داوای لێ دەکەین تەنها (٢٠٠) وشە بنووسێت، لەڕێی ئەو نموونەیەوە بڕیار لەسەر توانای فێرخواز لە نووسینی داڕشتندا دەدەین، ئەمەش پێی دەوترێت دروستیی ناوەڕۆك.

٣. **دروستیی پێشبینیکردن:** هەر ئەزموونێك کە بتوانین لەڕێی دەرئەنجامەکانییەوە پێشبینیی داهاتوو بکەین، دروستیی پێشبینیکردنی تێدایە، ئەم جۆرە دروستییەش پەیوەست نییە بە ڕای پسپۆڕان وەك ئەوەی لە دروستیی ناوەڕۆك و دروستیی ڕووکەشیدا هەیە، بەڵکو پەیوەستە بە پێوەرێك کە (هاوکێشەی پەیوەندی) تیایدا دەژمێردرێت لەنێوان ئەنجامەکانی ئەزموونەکە و ئەنجامەکانی ئەزموونی پێوەرەکە، بۆ نموونە ئەنجامەکانی زانکۆ پێوەرێکە بۆ ئەنجامەکانی فێرخوازان لە ئەزموونی پۆلی شەشەمی ئامادەیی.

بۆ نموونە زانکۆ ئەزموونەکانی پۆلی دوانزەیەم بۆ وەرگرتنی فێرخوازان لە کۆلێژەکانی پزیشکی و دەرمانسازیی ...هتد بەکار دەهێنێت، چونکە ئەزموونەکانی پۆلی دوانزە بەپێی لێکدانەوەی وەزارەتی پەروەردە لە ڕووی دروستیی پێشبینیکردنەوە دروستن و دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت.

دووەم: جێگیری

جێگیریی ئەزموون ئەوەیە ئەزموونەکە ئەگەر لەگەڵ هەمان ئەو کەسانەی کە لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا ئەنجامیان داوە دووبارە بکرێتەوە، هەمان

ئەنجام بەدەستەوە بدات، ئەوەش بەپێی (هاوکێشەی پەیوەندییەکان) لەنێوان ئەنجامەکانی ئەزموونەکەی یەکەم و دووەم.

واتە ئەگەر ئەزموونێك ئاراستەی کۆمەڵە کەسێك بکرێت و نمرەکانیان تۆمار بکرێت، پاشان هەمان ئەزموون دووبارە ئاراستەی هەمان کۆمەڵە کەس بکرێتەوە و هەمان نمرە یان نمرەی نزیك بەدەست بهێنن، واتە ئەو ئەزموونە جێگیرە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە (بروفام، ٢٠١٠، ٤٦) جگە لەو ڕێگایەی باس کرا چەند ڕێگایەکی تریش هەیە وەك ڕێگای دوولەتکردن و ڕێگای هاودەمی هەن.

سێیەم: بابەتیبوون

بابەتیبوون لە ئەزموونددا ئەوەیە کە ڕای خودیی مامۆستا کاریگەریی لە پرۆسەی ڕاستکردنەوەدا نەبێت، واتە لە کاتی گۆڕانی مامۆستادا نمرەی فێرخواز گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، بابەتیبوونیش سیفەتێکی سەرەکییە لە سیفەتەکانی ئەزموونەکان، کاریگەریشی لەسەر جێگیری و دروستیی ئەزموون هەیە. هەروەها بابەتیبوونی ئەزموون بۆ هەموو جۆرەکانی ئەزموون گرینگە بە تایبەتی ئەزموونی وتاری چونکە ئەو جۆرە ئەزموونە زیاتر دەکەوێتە بەر کاریگەریی خودیی مامۆستا (داود، ٢٠١٤، ٣٦٥) بۆیە شارەزایانی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن چەند ڕێگایەکیان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی خودیی مامۆستا و پەیڕەوکردنی بابەتیبوون لە ئەزموونە وتارییەکاندا دۆزیوەتەوە، لەوانە:

چوارەم: ئاسانی

مەبەست لە ئاسانی ئەوە نییە ئەزموونەکە ئاسان بێت، چونکە هەموو ئەزموونێك دەبێت لە ڕووی ئاسانییەوە هاوسەنگ بێت و هەرسێ ئاستەکانی پرسیاری تێدا بێت، ئاسان و مامناوەند و گران، بۆیە لێرەدا مەبەست لە ئاسانی ئەوەیە ئەزموونەکە بە ئاسانی ئەنجام بدرێت و بە ئاسانی ڕاست بکرێتەوە، وەك لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

١. **ئاسانیی جێبەجێکردن:** بێگومان ئاسانیی جێبەجێکردنی ئەزموون پێویستە، چونکە گرانیی جێبەجێکردنی ئەزموون دەبێتە بەربەستێك لەڕێی بەدیهێنانی بابەتیبوون و جێگیری و دروستی، لەوانەیە فێرخوازێك بە هۆی ئاڵۆزی و ناڕوونیی ڕێنماییەکانی ئەزموونەکە نمرەیەکی کەم بەدەست بهێنێت.

٢. **ئاسانیی ڕاستکردنەوە:** دەبێت مامۆستا لە کاتی دانانی پرسیارەکانی هەر ئەزموونێکدا بیر لە ڕێگای ڕاستکرنەوەی بکاتەوە، وەك ئاشکرایە ڕاستکردنەوەی ئەزموونی بابەتی زۆر ئاسانترە لە هی وتاری چونکە وڵامی پرسیارەکانی ئەزموونی وتاری دووروودرێژن و لەیەك ناچن (الامام وآخرون،٢٠١٦ ، ١٧١).

پێنجەم: گشتگیری

مەبەست لە گشتگیری ئەوەیە پرسیارەکانی ئەزموونەکە لە ڕووی گرانی و ئاسانی و ناوەڕۆکی بابەتەکە هەمەجۆر بن و هەموو باسەکانی بابەتەکە لەخۆ بگرن، باشترین ڕێگاش بۆ بەدیهێنانی گشتگیری بەکارهێنانی خشتەی تایبەتمەندییە (الامام وآخرون، ٢٠١٦، ١٧٤).

ئەنجام

ئاشکرایە لەم ڕۆژانەدا پرۆسەی فێرکردن وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە پێویستە بیر لە جێگرەوەیەکی لۆژیکی و گونجاو بۆ دۆخی ئێستا و داهاتووی سیستەمی پەروەردە بکرێتەوە، پێدەچێت ئێستا باشترین جێگرەوەی خوێندنی ڕووبەڕووی تەقلیدی خوێندنی ئاوێتەکراو و خوێندنی ئەلیکترۆنی بێت بە هەردوو شێوە سەرەکییەکەی، کە خوێندنی ئۆنلاین و ئۆفلاینە.

ئەگەر لە ماوەی ڕابردوودا بەشێك لە وڵاتان بە ناچاری و بەبێ پلان و بەرنامە هەنگاویان بەرەو بەئەلیکترۆنیکردنی خوێندن هاوێشتبێت، ئەوا لەمەودا پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ دابڕێژن و بە شێوەیەکی سیستماتیك بکرێت و هەموو ئامادەکارییەکی بۆ بکرێت لە هەموو ڕووەیەکەوە.

لەم بارەیەوە پێویستە توێژینەوەی زیاتر لەبارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و شێوازەکانی و چۆنێتی بەکارهێنانی بکرێت، هەروەها دەکرێت بیر لە بەئەلیکترۆنیکردنی پرۆگرامی خوێندن بکرێتەوە وەك جێگرەوەی پرۆگرامی ئاسایی و ڕێگەچارە بدۆزرێتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی گواستنەوە و گەیاندن و بەهێزکردنی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ئەلیکترۆنی لە دەزگاکانی پەروەردە لەڕێی ڕێگەگرتن لە دیاردەی گزیکردنی فێرخوازان، کە یەکێکە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەرێوەچوونی پرۆسەکە، هەروەها هەوڵ بدرێت مامۆستایان لەڕێی ڕاهێنان و مەشق بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکرێن، هەموو ئەمانە دەکرێت سوودیان لێ ببینرێت و بەکار بهێنرێت بۆ دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنیی بەهێز، کە بتوانرێت بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوومان بە شێوەیەکی باش پشتی پێ ببەسترێت.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Adams, J. L. (1974). Conceptual blockbusting. (2nd, Ed.) New York: W. W. Norton.
2. Benjamin S. Bloom, Max D. Engelhart, Edward J. Furst, David R. Krathwohl. (1956). Taxonomy of educational objectives. Canada: David McKay Company.
3. Bruce Joyce, Marsha Weil. (2003). Models of teaching. New Delhi: Prentice-Hall of India.
4. Burns, M. (2011). Distance education for teacher training, Modes, Models, and methods. Washinton: Education development center.
5. Buzan, T. (2012). The ultimate book of mind maps. London: Harper Collins Publishers.
6. Chalia Chistella, Hadi Soekamto. (2017). Comparison between Generative Learning Model and CORE Learning Model: The Influence on Learners' Higher Order Thinking Skill. IOSR Journal of Research &

Method in Education (IOSR-JRME), 48-52.

7. Diane Larsen-Freeman, Marti Anderson. (2011). Techniques & princeples in language teaching. New York: Oxford university press.

8. Heather Fry, Steve Ketteridge, Stephanie Marshall. (2009). A handbook for tearing and learning in higher education. New York: Routledge.

9. John W. Collins, Nancy Patricia O'Brien. (2003). The Greenwood dictionary of education. London: Greenwood press.

10. Matsumoto, D. (2009). The Cambridge dictionary of psychology. New York: Cambridge university press.

11. Molly Y. Zhou, David Brown. (2017). Ecucational learning theories. Georgia: Galileo open learing materials.

12. Nilson, L. B. (2010). Teaching at its best. San Francisco:Jossey-Bass.

13. Orey, M. (2010). Emerging perspectives on learning, Teaching, and technology. Zurich: The global text project.

14. Pal, K. (1999). Educational Measurement and Evaluation. New Delhi: USIpublications.

15. Robert J. Marzano, Barbara B. Gaddy, Maria C. Foseid, Mark P. Foseid, Jana S. Marzano. (2005). A handbool for classroom management that works. Alexandandria, Virginia: Association for Supervision and Curriculum Develeopment.

16. Slavin, R. E. (1980). Cooperative Learning. Review of Educational Reaserch, 31-345.

17. Susan A. Ambrose, Micheal W. Bridges, Michele Di Pietro, Marsha C. Lovett, Mary K. Norman. (2010). How learning works. San Francisco: Jossey-Bass.

18. Tsvtozar Stefanov Georgiev, Evgenia Georgiva, Angel Smrikarov. (2004). M-Learning - A new stage of learning. International conferene on computer system and technologies - CompSys'2004 (p. 4). New York: Assosiation for computing machinery.

19. Yael Sharan & Shlomo Sharan. (1992). Expanding cooperative learning throegh group investigation. New York: Teachers college press.

سەرچاوە عەرەبییەکان

١. أحمد عيسى داود. (٢٠١٤). أصول التدريس النظري والعملي. عمان: دار يافا.

٢. الغريب زاهر إسماعيل. (٢٠٠٩). التعليم الالكتروني من التطبيق إلى الاحتراف والجودة. القاهرة: عالم الكتب.

٣. الغريب زاهر، إقبال بهبهاني. (١٩٩٩). تكنولوجيا التعليم (نطرة مستقبلية). القاهرة: دار الكتاب الحديث.

٤. اي. في كيلي. (٢٠٠٦). المنهج الدراسي بين النظرية والتطبيق. (ترجمة: موسى أبو طه) غزة: دار الكتاب الجامعي.

٥. بول بوردن. (٢٠٠٩). الإدارة الصفية، تكوين بيئة صفية ناجحة. (ترجمة: محمد طالب سليمان) غزة: دار الكتاب الجامعي.

٦. توني بوزان. (٢٠٠٩). كيف ترسم خريطة العقل. عمان: دار جرير.

٧. جابر عبدالحميد جابر. (١٩٩٩). استراتيجيات التعلم والتدريس. القاهرة: دار الفكر.

٨. جمال علي خليل الدهشان. (٢٠١٥). التعليم والتعلم فى ظل الأجهزة المحمولة. القاهرة: دار العلوم.

٩. فخرالدين القلا، يونس ناصر، محمد جهاد جمل. (٢٠٠٦). طرائق التدريس العامة في عصر المعلومات. العين: دار الكتاب الجامعي.

١٠. حسن شحاته، زينب النجار. (٢٠٠٣). معجم المصطلحات التربوية والنفسية. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.

١١. حسين محمد أبو رياش، سليم محمد شريف، عبدالحكيم صافي. (٢٠٠٩). أصول استراتيجيات التعلم والتعليم. عمان: دار الثقافة.

١٢. حلمي أحمد الوكيل، محمد أمين المفتي. (٢٠١٦). أسس بناء المناهج وتنظيماتها. عمان: دار المسيرة.

١٣. خليل إبراهيم شبر، عبدالرحمن جامل، عبدالباقي أبو زيد. (٢٠١٤). أساسيات التدريس. عمان: دار المناهج.

١٤. دبليو جيمس بروفام. (٢٠١٠). التدريس الكفء. (ترجمة: سعيد الخواجة) أبو ظبي: مكتب التربية العربي لدول الخليج.

١٥. واثق عبدالكريم ياسين، زينب حمزة راجي. (٢٠١٢). المدخل البنائي نماذج واستراتيجيات في تدريس المفاهيم العلمية. بغداد: نور الحسن.

١٦. رائد خليل العبادي. (٢٠٠٦). الاختبارات المدرسية. عمان: مكتبة المجتمع العربي.

١٧. رحيم يونس كرو العزاوي. (٢٠٠٩). المناهج وطرائق التدريس. عمان: دار دجلة.

١٨. رهيف ناصر علي العيساوي، داود عبدالسلام صبري، زينب حمزة راجي. (٢٠١٢). المنهج والكتاب المدرسي. بغداد: نور الحسن.

١٩. زيد الهويدي. (٢٠١٠). أساليب تدريس العلوم في المرحلة الأساسية. العين: دار الكتاب الجامعي.

٢٠. سالم عطية أبو زيد. (٢٠١٣). الوجيز فى أساليب التدريس. عمان: دار جرير.

٢١. سعد علي زاير، داود عبدالسلام صبري، محمد هادي الشمري. (٢٠١٢). طرائق التدريس العامة. بغداد: نور الحسن.

٢٢. شاهر ذيب أبو شريخ. (٢٠٠٨). استراتيجيات التدريس. عمان: دار المعتز.

٢٣. صالح عبدالعزيز، عبدالعزيز عبدالمجيد. (١٩٧١). التربية وطرق التدريس. القاهرة: دار المعارف.

٢٤. صفاء عبدالعزيز، سلامة عبدالعظيم. (٢٠٠٧). إدارة الفصل وتنمية المعلم. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة

٢٥. عايش زيتون. (١٩٩٣). أساليب تدريس العلوم. دار الشروق: عمان.

٢٦. عبدالعظيم صبري عبدالعظيم. (٢٠١٥). استراتيجيات طرق التدريس العامة والالكترونية. القاهرة: المجموعة العربية للتدريب والنشر.

٢٧. عبداللطيف بن حسين فرج. (٢٠٠٥). طرق التدريس فى القرن الواحد والعشرين. عمان: دار المسيرة.

٢٨. عبدالغني محمد إسماعيل العمراني. (٢٠١٤). أصول التربية. صنعاء: دار الكتاب الجامعي.

٢٩. عثمان حمود الخضر. (٢٠٠٧). الألعاب التربوية. الكويت: شركة الإبداع الفكري.

٣٠. عفاف عثمان عثمان مصطفى. (٢٠١٠). استراتيجيات التدريس الفعال. الاسكندرية: دار الوفاء.

٣١. عفت مصطفى الطناوي. (٢٠١٣). التدريس الفعال تخطيطه مهاراته استراتيجياته تقويمه. عمان: دار المسيرة.

٣٢. علي أحمد مدكور. (٢٠٠١). مناهج التربية أسسها وتطبيقاتها. القاهرة: دار الفكر.

٣٣. علي القائمي. (١٩٩٥). أسس التربية. بيروت: دار النبلاء.

٣٤. عماد شوقي سيفين. (٢٠١٤). التعليم فى عصر الكوكبية. القاهرة: عالم الكتب.

٣٥. عمر أحمد همشري. (٢٠٠٧). مدخل إلى التربية. عمان: دار صفاء.

٣٦. فاطمة عبدالسلام أبو الحديد. (٢٠١٣). طرق تعليم الرياضيات وتاريخ تطورها. عمان: دار صفاء.

٣٧. فتحي الويشي. (٢٠١٣). استراتيجيات التدريس بين النظرية والتطبيق. الاسكندرية: دار الوفاء.

٣٨. فراس السليتي. (٢٠١٥). استراتيجيات التدريس المعاصرة. إربد:

عالم الكتب الحديث.

٣٩. فرح أسعد. (٢٠١٨). المعلم الناجح. عمان: دار ابن النفيس.

٤٠. قصي محمد السامرائي، رائد إدريس الخفاجي. (٢٠١٤). الاتجاهات الحديثة فى طرائق التدريس. عمان: دار دجلة.

٤١. كمال عبدالحميد زيتون. (٢٠٠٣). التدريس نماذجه ومهاراته. القاهرة: عالم الكتب.

٤٢. ماجد أيوب القيسي. (٢٠١٨). المناهج وطرائق التدريس. عمان: دار امجد.

٤٣. محسن علي عطية. (٢٠٠٦). الكافي في أساليب تدريس اللغة العربية. عمان: دار الشروق.

٤٤. محسن علي عطية. (٢٠٠٩). الجودة الشاملة والجديد فى التدريس. عمان: دار صفاء.

٤٥. محمد حسين آل ياسين. (١٩٧٤). المبادئ الأساسية فى طرق التدريس العامة. بيروت: دار القلم.

٤٦. محمد علي الخولي. (٢٠٠٠). أساليب التدريس العامة. عمان: دار الفلاح.

٤٧. محمد علي السيد. (٢٠١١). اتجاهات و تطبيقات حديثة فى المناهج و طرائق التدريس. عمان:دار المسيرة.

٤٨. محمد محمود الحيلة. (١٩٩٩). التصميم التعليمي نظرية وممارسة. عمان: دار المسيرة.

٤٩. محمد محمود ساري حمادته، خالد حسين محمد عبيدات. (٢٠١٢). مفاهيم التدريس فى العصر الحديث. إربد: عالم الكتب الحديث.

٥٠. مركز نون للتأليف والترجمة. (٢٠١١). التدريس طرائق و استراتيجيات. بيروت: جمعية المعارف الإسلامية الثقافية.

٥١. مصطفى محمود الإمام، أنور عبدالرحمن، صباح حسين العجيلي. (٢٠١٦). التقويم والقياس. عمان: دار الأيام.

٥٢. مفيد أحمد أبو موسى، سمير عبدالسلام الصوص. (٢٠١٢). التعلم المدمج (المتمازج) بين التعليم التقليدي والتعليم الالكتروني. عمان: الأكاديميون.

٥٣. مهدي محمود سالم، عبداللطيف بن حمد الحليبي. (١٩٩٨). التربية الميدانية وأساسيات التدريس. الرياض: مكتبه العبيكات.

٥٤. هناء رجب حسن. (٢٠١٤). التفكير برامج تعليمه و أساليب قياسه. عمان: دار الكتب العلمية.

٥٥. وليد أحمد جابر. (٢٠٠٥). طرق التدريس العامة تخطيطها و تطبيقاتها التربوية. عمان: دار الفكر.

سەرچاوە كوردییەكان

١. فایەق سەعید. (٢٠٢٠). دیداكتیك. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس.

٢. فایەق سەعید. (٢٠٢٠). لیۆ فیگۆتسكی. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس .**ئینتەرنێت**

١. ئاراس ئەمین .K24 .(28 5, 2019) .تاریخ الاسترداد ٣ ٤, ٢٠٢١، من:Kurdistan24.net https://www.kurdistan24.net/ckb/story/64879-%22%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D8%B1%D9%87%E2%80%8C-%D9%81%DB%8E%D8%B1%DA%AF%D9%87%E2%80%8C%22-%D9%82%D9%88%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%AE%D8%A7%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D9%87%E2%80%8C%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%88-%D9%85

٢. سایتی هەولێر. (بلا تاریخ). سایتی هەولێر. تم الاسترداد من سایتی هەولێر: https://www.hawler.in/index.php/2017-12-28-23-14-02/2017-12-28-23-15-18/item/17411-100

TANYA HAJI | تەنیاحاجی

چەناڵی تەنیاحاجی لە تیلیگرام
گەورەترین چەناڵی کتێب و
پەروەردەی و تەندرووستی و
سیمینار و ڕۆشنبیری و
گەشەپێدان

tanyahaji7

ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای ڕوانگە،
لە چوارچێوەی پڕۆژەی کتێبی ڕوانگە، چاپ کراوە.

کتێبی ڕوانگە پرۆژەی ساڵانەی دەزگای ڕوانگەیە و هانی نووسەران دەدات بۆ بەشداریکردن لەرێگەی نووسینی کتێب. پرۆژەکە کێبرکێیەک ساز دەکات لەنێوان نووسەراندا، کە لە کۆتایی پڕۆژەکەدا باشترین کتێب هەڵدەبژێردرێن و لەسەر ئەرکی دەزگای ڕوانگە چاپدەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە.

ئامانجی پڕۆژەکە هاندانی نووسەران و لاوانە بۆ نووسینی کتێب و لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی هۆکار و چارەسەرەکان. هەروەها فەراهەمکردنی سەرچاوەی زیاتر و فراوانترکردنی کتێبخانەی کوردییە.

بۆ زانیاری سەبارەت بە پڕۆژەکە

www.rwanga.org
٠٧٥٠٢٩٦٠٢٢٢
Book@rwanga.org

ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا کتێبێکی ئەکادیمییە لە بواری پەروەردەدا، لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵیداوە جەخت بخاتە سەر هەموو چالاکییەکانی ناو پۆل و بەتایبەتی ڕێگا بەربڵاوەکان وانەوتنەوە و نوێگەرییەکانی ئەو بوارە.

هەر لەبەر گرنگی خوێندنی ئەلیکترۆنی لەم ڕۆژانەدا نووسەر بەشێکی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئاوێتەکراو.

محمد أحمد محمد
مامۆستای زانکۆ

هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە، مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆکانی کەرکووک و چەرموو، خاوەن چەندین وتاری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و ماڵپەرەکان، چالاك لە بواری کاری ڕێکخراوەیی.

ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای ڕوانگە، لە چوارچێوەی پرۆژەی کتێبی ڕوانگە چاپ کراوە.